# کۆمەڵگەی مەدەنی

## هێزێکی نوێ

**دامەزراوەی میهەن**

# کۆمەڵگەی مەدەنی
# هێزێکی نوێ

**((رێبەرێکی سەرەتایی دەربارەی دامەزراندنی**

**رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی))**

**وەرگێڕانی**

**کۆسار فەتاحی**

**٢٠٠٦**


جامعهء مدنی: نیرویی تازه
راهنمای مقدماتی دربارهء برپاداشتن
سازمانهای جامعهء مدنی
بنیاد میهن
مارس ٢٠٠٠/ اسفند ١٣٧٨

**ناوی کتێب: کۆمەڵگەی مەدەنی: هێزێکی نوێ**

- **نووسینی: دامەزراوەی میهەن**
- **وەرگێڕانی: کۆسار فەتاحی**
- **نەخشەسازی ناوەوە: طـــە حسین**
- **بەرگ: بەشدار نوری**
- **سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات**
- **تیراژ: (١٥٠٠) دانە**
- **ژمارەی سپاردن: ( ٥٥٩)**
- **چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٦**
- **نرخ: (١٥٠٠) دینار**
- **چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە**

**زنجیرەی کتێب: -٨٢- (١٨٥)**

**دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**www.mukiryani.com**



**asokareem@ maktoob.com**

**Tel: 2260311**

## پێڕستی بابەتەکان


**دیباجە: ئامانجی ئەم ڕێبەرە ..... ٣**

**بەندی یەکەم: دیمەنێکی نوێ لە بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ..... ٧**

١. کۆمەڵگەی مەدەنی چییە؟ ..... ١٠
٢. ڕەوشی بەشی سێهەم ..... ١١
٣. کۆمەڵگەی مەدەنی و سامانی کۆمەڵایەتی ..... ١٢
٤. دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ..... ١٣
٥. وشیارکردنەوە ..... ١٤
٦. بەها هاوبەشەکان ..... ١٦

**پاژی دووەم: بەستێنی فەلسەفی و مێژوویی ..... ١٩**

١. دوو ڕەوتی سەرەکی فەلسەفی ..... ٢٠
٢. کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت ..... ٢٤
٣. دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی مەدەنی ..... ٢٦
٤. سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا ..... ٢٧
٥. وانەکانی مێژوو ..... ٢٨
٦. کۆمەڵگەی مەدەنی و جیاوازی کەلتووری ..... ٣٠

**پاژی سێهەم: بنەما یاساییەکان ..... ٣٣**

١. ئەرك و ڕۆڵی یاسا ..... ٣٥
٢. گرنگبوونی یاسا بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی ..... ٣٥





٣. بوونی یاسایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ..... ٣٨
٤. بەڕێوەبەرێتی و بەرپرسیاریەتی ..... ٤٠
٥. بەردەوامبوونی باری دارایی ..... ٤٢

**پاژی چوارەم: ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ..... ٤٥**

١. پێناسەکان ..... ٤٨
٢. پێشینەی مێژوویی ..... ٤٩
٣. چارتی ڕێکخراوەکان ..... ٥٠
٤. چالاکییەکان ..... ٥١
٥. فێرکاری ..... ٥٤
٦. پێوەندییەکان (هاوبەندی) ..... ٥٤
٧. بەڕێوەبەرێتی ..... ٥٨

**پاژی پێنجەم: کۆمەڵگەی جیهانی ..... ٦١**

CIVICUS ..... ٦٣
سەنتەری بنیات ..... ٦٥
ئەنجوومەنی پێوەندییە پێشکەوتووەکان ..... ٦٧
سەرانسەری جیهان لە سەر هێڵێك ..... ٦٩
چالاکییە بێ سنوورەکان ..... ٧٠
گرووپەکانی ئامادەکاری یارمەتییە مادییەکان ..... ٧١
سەنتەری جیهانی یاسا ناحکوومییەکان ..... ٧٢
زانکۆی هاپکنز ..... ٧٣
وەقفکراوی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ..... ٧٥
بنیاتی هاوبەرژەوەند ..... ٧٧
بانکی جیهانی ..... ٧٩

**پاژی شەشەم:** ئامادەکردنی سەرچاوەکان ............................ ٨١

١. ڕێکخراوەکانی یارمەتیدەری کۆمەڵگەی مەدەنی .................. ٨٤
٢. خێرخوازی تاك ................................................ ٩٢
٣. بەشی کەرتی بازرگانی لە کاروباری خێرخوازیدا .................. ٩٩
٤. داهاتی کاری بازرگانی ........................................ ١٠٧
٥. ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ...................................... ١١٠
٦. بەرنامەکانی سەرمایەی بچووك ................................. ١١٦

## دامەزراوەی میهەن

دامـــەزراوەی میهـــەن، ڕێکخراوێکـــی نـــاحکوومی و ناهاوبەشـــە کـــە بـــەپێی یاساکانی ئەیالـەتی دلاوەر(Delaware)و لەسـەر بنـەمای [Section501(c)(31)]ی ڕێوشوێنەکانی باجوەرگرتنی دەوڵەتی فیدراڵی ویلایەتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دامەزراوەو تۆمارکراوە.

دامەزراوەی میهەن، ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری، فێرکاری و توێژینەوەییە کـە لـە بانگەشەکردن و لایەنگریکردن لە هەر چەشنە ئامانج و پلانێکی سیاسی و حیزبـی خۆ دەبوێرێ.

## ناوونیشانی ناوەند

The Mihan Foundation, Inc.

Adres, P.O.Box 1740

West Bethesda, MD

20827-1740

Tel :( 301)581 9533

Fax: (301) 581 2521

http://www.mihanfoundation.org

e-mail:mihan@mihanfoundati

# دیباجە

## ئامانجی ئەم ڕێبەرە

لەم ساڵانەی دواییدا ئێرانییەکان هەوڵێکی بێوچانیان بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی داوە. بەشێکی بەرچاو لە شارەزایان و کارناسە هەڵکەوتووەکان چ لە نێو خۆو چ لە دەرەوەی وڵاتدا هەوڵیانداوە لە ڕێگای وتە و نووسینەکانیانەوە ئاستی وشیاری خەڵك لە بەرامبەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا ببەنە سەر و هەندێ باس و بابەتیان خستووەتەروو کە کاریان کردووەتە سەر ئەنجوومەنەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، شانبەشانی ئەوەش بەشداریکردنی خەڵك بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دابینکردنی پێداویستی و کەموکوورییەکان زۆرتر بووە.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە سەر ئاستی جیهان گەلێك بزووتنەوە لە پێناو دامەزراندن و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا سەریان هەڵداوە. خەڵك لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتینەوە تا ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیا بە دامەزراندنی ئەنجوومەن و ڕێکخراوەکان قۆناغێکیان دەستپێکردووە بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگایانەوە لە بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەت بە حکوومەتەکەیاندا بەشداری بکەن و تێیدا هاوبەش بن. تەنانەت لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا کە لە مێژە دیموکراسی تێیاندا جێگیر بووە، وەك ئەورووپا و ئەمریکای باکوور ئاستی هۆگری خەڵك بۆ دابینکردنی ماف و بەرپرسیارەتییە دیمۆکراتییەکانیان چووەتە سەرێ.

پانتایی کارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر بەربڵاوەو هەوڵێکی بەرفراوان لە خۆ دەگرێ. هەندێ لەو کارانەی کە ئەنجام دراون، کاری تیۆرین، وەك باسی فەلسەفی دەربارەی تێگەیشتنی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەی مەدەنی و خستنەڕوو و



ڕاڤەکردنیان. هەندێکی تر لایەنی پراتیکییان هەیە و ئامانجیان دامەزراندنی ڕێکخراوە قازانج نەویست و ناحکومییەکانە کە ئامرازێکن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا ئەزموونێکی زۆر لە سەر ئەو ڕێکخراوە کارامە و بەرجەستانە کەڵەکە بووە کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پێکهاتوون. ڕێکخراوە تازە دامەزراوەکان سوود لە ئەزموون و پێشینەی ڕێکخراوە خاوەن ئەزموونەکان وەردەگرن.

مەبەستی ئەم ڕێبەرە فەراهەمکردنی ئامرازێکە بۆ پێکەوەبەستنی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی کە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجام دەدرێن. ئامانجەکەشی پێشکەشکردنی گەڵاڵەیەکی گشتییە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە و هەروەها خوێندنەوەی ئەو هەوڵانەی کە ڕاشکاوانە لە بەشەکانیتری جیهاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

ئاشکرایە کە هەلومەرجی ئیشکردنی ڕێکخراو، نیشاندەری چۆنیەتی پێکهاتنیەتی و هەروەها ئەوەیە کە چۆن دەکرێ ئاستی کاراییەکەی زیاتر بکرێ. بەڵام ڕێگاو شێوازی ئەوتۆش لە بەردەستدان کە بواری بەکارهێنانیان بەربڵاوە. ئەم ڕێبەرە مەبەستی ئەوەیە کە پێوەندییەکی پتەو و سەقامگیر لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران و پانتایی و بەرفراوانی زانیارییەکان و ناسینی ڕێکخراوە هاوشێوەکان لە سەرانسەری جیهاندا دابمەزرێ.

ئامانجێکی دیکەی ئەم ڕێبەرە وشیارکردنەوەی ڕێکخراوە مەدەنییەکانە بۆ ئەوەی بتوانن دەستیان بە سەرچاوە جیهانییەکان ڕابگا. ئەم سەرچاوانە هەم لە نێو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا هەن و هەم لە لای خێرخوازە ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوە. بۆ دەستڕاگەیشتن بەو سەرچاوانە باشتر وایە واژەو زاراوە بەکارهاتووەکان بناسین.

### ئەم ڕێبەرە سەبارەت بە دوو گرووپ لەو گرووپانە داڕێژراوە کە ئەو چەمکانە بەکاردێنن:

**گرووپی یەکەم:** ئەو کەس و ڕێکخراوانەن کە هەر ئێستا خەریکی دروستکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین. ئەم ڕێبەرە یارمەتییان دەکا کە نەخشەیەکی گشتی لە کارەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نێونەتەوەیی بەدەست بێننو بەگشتی باشتر ئەو لایەنانە ببینن کە دەیانناسن. جگە لەوە، ئامرازێکی بەکەڵکە بۆ دامەزراندنی پێوەندی و پێکهێنانی هاوپێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەدا کە دەتوانن لە بواری فێرکردن و بەدەستهێنانی زانیاری و وشیاری زیاتر لە مەڕ سەرچاوەکانیتر یارمەتیدەر بن. هەروەها ئەم ڕێبەرە ئامرازێکی پێوەندییە بۆ وشیارکردنەوەی خەڵك و بارهێنانی فەرمانبەرو کەسانی خۆبەخشی نێو ڕێکخراوە ناحکوومییەکان.

**گرووپی دووەم:** کۆمەڵانی خەڵکن کە بە مەبەستی ناسین و ئاشنابوون بە لایەنانە پراتیکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەردەم کە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، سوود لەم ڕێبەرە وەربگرن. ئەم ڕێبەرە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێوەندی و وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و هاندانیان بۆ بەشداریکردن لە کارە مەدەنییەکان و هەڵگرتنی یەکەم هەنگاو لەم پێناوەدا.

ڕاستە ئامانجی ئەم ڕێبەرە یارمەتیدانە بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێراندا، بەڵام بێگومان لە دەرەوەی ئێرانیش دەکرێ هەندێ ڕێکخراوی دیکە پێکبهێنرێن کە پاڵپشتی ئەوان و خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان بن. ئەو ئێرانیانەی کە لە دەرەوەی وڵاتدا دەژین یان ئەوانەی لەم وڵاتانەدا لە دایك بوون، بارودۆخێکی زۆر باشیان هەیە کە بە دامەزراندنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە شوێنی ژیانیاندا دەتوانن لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکەن. لەم ڕێگایەوە هەم یارمەتی بە گەیاندنی سەرچاوەکان دەکەن بۆ



دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێرانداو هەم لە پتەوکردنی پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئێراندا کاریگەر دەبن.

هیوادارین بە گونجاندن و بەکارهێنانی دروستی ئەم ڕێبەرە لەگەڵ هەلومەرجی ئێراندا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزبن و خەڵکێکی زیاتر لە کارو خزمەتگوزارییە مەدەنییەکاندا بەشداربنو لەم ڕێگاوە هاونیشتمانانی ئێرانی بتوانن لە مەیدانی کۆمەڵگەی مەدەنی نێونەتەوەییدا خۆیان باشتر نیشان بدەن.

## بەندی یەکەم: دیمەنێکی نوێ لە بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا

١. کۆمەڵگەی مەدەنی چییە
٢. ڕەوشی بەشی سێهەم
٣. کۆمەڵگەی مەدەنی و سامانی کۆمەڵایەتی
٤. ئەنجوومەن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
٥. مەرجی پارێزکردن- وریاکردنەوە
٦. بەهاکان و پێوانە گشتییەکان



## پێشەکی

"دەکرێ بڵێین کە بزووتنەوە گەورەکانی سەرانسەری جیهان، سەمبولێکی نوێن لە پێناو بەشداریکردن و کاریگەربوونی خەڵك لە کاروبارە کۆمەڵاتییەکاندا. ئەم بزووتنەوەیە سەمبولێك نییە کە ستراکتۆرێکی گشتگیرانەی هەبێ، ئامانجێکی نەگۆڕی نییە، بە دوای لایەنگری تایبەت و هاوخەباتی تایبەتدا ناگەڕێ، ئامانجی بەهێزکردنی حکوومەت نییە، ناوکە سەرەکییەکەی تاکەکانی کۆمەڵن. لە دونیای ئەمڕۆدا خەڵکێکی زۆر هەن کە هەمەچەشن و جۆراوجۆرن و هۆگری و نیگەرانییەکی بەردەوام و ئایدیال و چاوەڕوانییەکی زۆریان هەیە."

کۆمەڵگەی مەدەنی بە یەك ڕستەی جێگیر پێناسە ناکرێ. ئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنی تەنیا ئەوەیە کە گرووپێك لە خەڵك لە دەوری یەك کۆببنەوە بۆ ئەوەی کێشە هاوبەشەکانیان چارەسەر بکەن. کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە کۆمەڵگەیەك کە ئەندامەکانی ئەوەندە ئازادن دەتوانن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانیان، ڕێکخراو و ئەنجوومەنی جۆراوجۆر پێکبێنن.

ئەو پاڵنەرەی کە وا لە خەڵکی کۆمەڵگایەك دەکا تا پێکەوە هاوکاری بکەن لە پێناو خزمەتکردنی خۆیان و خەڵکی دیکەدا هەنگاو هەڵگرن، پێشینەیەکی مێژوویی هەیە. هاوپێوەندی و هاودڵیکردن لەگەڵ یەکتری، خەڵك هاندەدا کە خۆیان بە بەشێك لە گشت و ئەندامێك لە ئەندامانی کۆمەڵگە بزانن‌و هەوڵبدەن بە هاوبەشی، سوود بەخۆیان و بەخەڵکی دیکە بگەینن. کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرانسەری مێژوو و لە هەموو کەلتوورەکاندا هەبووە.

سەرەڕای ئەوانە دەبێ بڵێین کە بزووتنە نوێیەکانی ڕێگای پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە ئەوان لە کاروباری خێرخوازانەو مرۆڤدۆستی نەریتیانەو ئەو بزووتنەوانە جیا دەکاتەوە کە ئامانجیان ئەوەیە ڕژێمێکی سیاسی یان ئایدۆلۆژیای تایبەت یان حکوومەتێك بێننە سەرکار. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمڕۆ، نموونەیەکی تازەی سیستمێکی دیموکراتی بەردەوامو وەرچەرخاوە. ئەم سیستمە فیکرییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە خەڵکی جیهان حکوومەتی دیموکراتی وەك سەقامگیرترین جۆری حکوومەت چاو لێ دەکەنو هەرچەشنە پێشکەوتنێکی (پیشەسازی، ئابووریی ئازاد، یان گەشەی کۆمەڵایەتی) دەبەستنەوە بە بەردەوامی ئەو حکوومەتەوە.

ئەوەی دەبێتە هۆی بەردەوامی ڕەوتی پێشکەوتن، توانایی ئەو حکوومەتەیە بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵك، یەکسانی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ و زیانبارنەبوون بۆ ژینگە و سەرچاوەکانی ژیان.

چەمکی "دیموکراسی ڕاستەوخۆ" کە بە مانای بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی خەڵکە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگەی خۆیاندا، پڕاوپڕی بابەتەکەیە. لە دیموکراسییە دێرینەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا، خەڵك ئیتر باوەڕیان بەوە نەماوە کە لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراوو توانایی کەسانی ڕاسپێردراوەوە کاروبارەکانی وڵات بەڕێوەبچێ. لە بەشێکی بەرچاوی وڵاتە دیموکراتییەکانی ڕۆژئاوادا ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا دابەزیوەو ڕاپرسییەکان دەریدەخەن کە خەڵك ئومێدێکی ئەوتۆیان بە ڕێبەرەکانیان و ڕێکخراوە حکوومییەکان نەماوەو بە دوای ئەوەشدا کۆمەڵە بزووتنەوەیەك سەریان هەڵداوە لە پێناو ئەوەدا کە خەڵك ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان پێك بێنن و خۆیان کارەکانی خۆیان بەڕێوەبەن و چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن. هەر بەو پێیەش لە دیموکراسییە تازەپێگرتووەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و وڵاتە ڕوو لە گەشەکانی ئاسیا، ئەفریقا و



ئەمریکای لاتیندا چەند بزووتنەوەیەکی هاوشێوە بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسی ڕاستەوخۆو هەروەها لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵکەوە سەریان هەڵداوە.

ئاخۆ دەبێ کۆمەڵگەی مەدەنی خاوەن چ تایبەتمەندییەك بێ‌و لە چ ڕێگایەکەوە و بە چ ئامرازێك دەکرێ بەرەوپێش ببرێ؟ کۆمەڵگەی مەدەنی باسێکی فەلسەفی بەربڵاو لە خۆ دەگرێ و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەمەوپێش. لە پاژی دووەمدا چاوێك دەگێڕین بە سەر ئەم چەمکەدا. بەڵام لەم ڕێبەرەدا لایەنە پراتیکییەکەی، واتە ئەو تێگەیشتن و زاراوە زانستییە باوانە جێی مەبەستن کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی سەرانسەری جیهانەوە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چ لە ئاستی ناوچەیی یان لە ئاستی جیهانیدا بەکار دەبرێن.

### ١. کۆمەڵگەی مەدەنی چییە؟

بەربڵاوترین پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کە دەبێ کۆمەڵگەی مەدەنی بە "قەڵەمڕەوی گشتی" یان "بەشی سێهەم"ی دەوڵەت و تەواوکەری حکوومەتو کەرتی بازرگانی یان "کەرتی تایبەت"ی کۆمەڵگە دابنرێ. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی "ناحکوومین"، واتە خەڵك خۆیان ئەوانەیان دامەزراندووەو خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆو جیا لە دەوڵەت بەڕێوەیان دەبەن و "قازانج نەویستن" بەو مانایە کە قازانجی تایبەت بۆ تاکەکەس یان گرووپێك پاڵی پێوە نەناون.

هەندێ کەس پێیان وایە بەشی سێهەم، بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگە، کە ئەو دووانەکەی تر لە بەرانبەریدا "وەڵامدەرن". ئەو جۆرە کاروچالاکیانەی دەوڵەتو دامەزراوە بازرگانییەکان بەردەوام و ریشەدارن کە پێویستی و ئامانجەکانی خەڵك بخەنە ڕوو، و گوێ لە ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕابگرنو ویستەکانیان بەدی بێنن. لە هەر وڵاتێکدا هاووڵاتییان لە ڕێگای ڕێکخراو و ئەنجوومەنەکانەوە لە شێوەو ئاکامی کارەکانی دەوڵەتەکەیان دەکۆڵنەوەو هەڵیدەسەنگێنن. وریاو چاوکراوەن و ناهێڵن بازرگانەکان لە قازانجخوازیدا زێدەڕۆیی بکەن. کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، سەرەنجام لە جێبەجێکردنی سیاسەتە

گشتییەکاندا خۆی دەسەپێنێ‌و دەوڵەت و کەرتی تایبەتیش ناچار دەکا ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان راپەڕێنن.

**٢. رەوشی بەشی سێهەم**

سەرەڕای ئەوەی کە بەشی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتە پێشکەوتوو و روو لەگەشەکان بەباشی گەشەی کردووە، کەچی لەچاو بەشی دەوڵەتی و کەرتی بازرگانیدا کەمتر دەناسرێ. ئاماری تایبەت بە چۆنیەتی و ژمارەی ئەم رێکخراوانە، رادەی پەرەگرتن و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی دارایی و یارمەتییەکانیتر، ژمارەی فەرمانبەران و تایبەتمەندییەکانی دیکە، ئامارێکی بەرتەسکە. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر رەوش و هەلومەرجی بەشی سێهەم پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی زیاتر ئەنجام بدرێ. بەو حاڵەش زۆر نیشانەی بەهێز هەن کەوا دەکەن ئەم بەشە بە جیددی وەربگیرێ و بخرێتە ژێر چاودێرییەوە. ئەو توێژینەوانەی کە لە هەشت وڵاتی پیشەسازیدا ئەنجامدراون، ئەوە دەردەخەن کە رێکخراوە ناحکومییەکان لە ساڵی ١٩٩٠دا (١١/٩) ملیون فەرمانبەریان هەبووەو شەشسەدو چواردە (٦١٤) ملیون دۆلاریان خەرج کردوە. لە ئەڵمانیا و فەرەنساو ویلایەتە یەکگرتوەکاندا لە ساڵی ١٩٨٠ رێکخراوە ناحکومییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی کە رێژەی کار ١٣٪ زیاد بکا. لە وڵاتی ئەمریکادا ١/٤ی ملیون رێکخراوی ناحکومی هەن کە پێنسەد ملیارد دۆلار سەرمایەیان هەیە. لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا دوای رووخانی دیواری بەرلین، بەشی سێهەم پەرەی سەندووە. لە وڵاتی هەنگاریادا بۆ وێنە رێکخراوە ناحکومییەکان ٦٠٠٪ زیادیان کردووەو گەیشتووەنەتە چل هەزار رێکخراو. مەزندە دەکرێ کە لە برازیلدا ٤٥هەزار رێکخراوی ناحکومی و لە میسردا ٢٠ هەزارو لە تایلەندا نزیکەی ١١ هەزار رێکخراوی ناحکومی هەبن.

ئەگەرچی ئەم ئامارانە جێی دڵخۆشییەکی زۆرن، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە بێ بوونی زانیارییەکی وردو دەقیق و شیکاریی ژمارەی ئامارەکان، ئەستەمە



بتوانین وێنەیەکی روون لە کۆمەڵگای مەدەنی وەك هێزێکی کارخولقێن بخەینەروو. بۆ نموونە، نازانین هەلومەرجی کار لە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجی کار لە کەرتی دەوڵەتی و کەرتی تایبەتیدا چۆنە. تاکو ئێستا ئەوانەی زیاتر خزمەتی کۆمەڵایەتیان ئەنجامداوە، زیاتر کاریان کردووەو هەقدەستی کەمتریان وەرگرتووە. ژنان بەشی زۆرینەی فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنن. کەواتە بوونی زانیارییەکی راست و ورد لە مەڕ ئەوەی کە ئاخۆ رێکخراوە تازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاست بازاڕی کاری نەریتیدا عادڵانەتر رەفتار دەکەن یان نا، بۆ خۆی ئێجگار گرنگە. بەواتایەکیتر، چاودێریکردن بە سەر پەرەگرتنی بەشی سێهەم، واتە رێکخراوە ناحکومییەکاندا لەو لایەنەوە گرنگە کە وای لێ نەیە ئەم رێکخراوانە سەرلە نوێ ببنەوە بە "کاولاش"و خەڵکی کەمداهات (کە ژنان رێژەیەکی زۆریان تێدایە) لەو شوێنانەدا جێگیر بکرێن و نابەرانبەری و چەوسانەوەیەکی دیکە دووپات بێتەوە.

**٣. کۆمەڵگەی مەدەنی و سامانی کۆمەڵایەتی**

سامانی کۆمەڵایەتی، چەمکێکی نوێیەو پێناسەی جۆراوجۆر دەگرێتەخۆ. گشتگیرترین پێناسە ئەمەیە: سامانی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کۆی تەواوی ئەو سەرچاوانەیە کە سەبارەت بە یارمەتیدان و پشتیوانیکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادە دەکرێن. ئەم سەرچاوانە بریتین لە سەرجەمی ئەو پارانەی کە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆ دەکرێنەوە، یان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرێن. هەروەها بریتییە لە سەرچاوەی هێزی مرۆیی تایبەت بەو شتە، یان بریتییە لەو پێوەندیانەی کە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستێتەوە. تۆڕەکانی زانیاریو کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەو هەلومەرجە سیاسی و یاساییانەش کە دەبنە هۆی پێکهاتن و چالاکبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەچنە ریزی سامانی کۆمەڵایەتییەوە:

لە رووی سەرچاوەکانی داراییەوە کە تەرخاندەکرێن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەشی سێهەم دەتوانێ هێزێکی گەورەی ئابووری پێك بێنێ. کۆمەڵگەی

مەدەنی داهاتی خۆی لەو سەرچاوانەوە بەدەست دێنێ کە لە ڕێگای دیکەوە نەخراونەتە خزمەتی ئەو بەرنامانەی کە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگە بەڕیوە چوون.(بڕوانە پاژی شەشەم). کۆمەڵگەی مەدەنی جگە لەو یارمەتیانەی کە لە دەوڵەتەوە پێی دەگا، توانیویەتی لە کەرتی بازرگانی (بۆ نموونە کاری خێرخوازانەی کۆمپانیاکانو دامەزراوە بازرگانییەکان) یان لە کەسانی خێرخوازو سەرچاوەکانی دیکەی وەك دەزگاکانو هەروەها لە ڕێگای کارە بازرگانییەکانەوە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی دارایی بۆ خۆی کۆ بکاتەوە. خەڵك بۆ خۆیان لە ڕێگای وەقفکردنی ماڵ و دارایی یان بەخشینی کاڵاو شتومەکەکانیان و خزمەتکردن و کاری خۆبەخشانەوە یارمەتی بە کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن.

**٤. دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆرو فرەچەشننو گەلێك ڕێکخراوی سەرخانی حکوومی لە خۆ دەگرن کە خزمەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، وەك دەزگاکانی ڕێکخستن و دەزگای یاسادانان.(بڕوانە پاژی سێهەم). دامەزراوە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکانیش کە بانگەشە بۆ بەهای کارە مەدەنییەکانو کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، دەچنە ریزی ئەو ڕێکخراوانەوە. بەڵام گەورەترین بەشی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوانەن کە بە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ناو دەبرێن.

"ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی" بە گشتی بەو گرووپانە دەوترێ کە لە لایەن خەڵکەوە پێك دەهێنرێن: وەکو ئەنجوومەنە نافەرمییەکان، بۆ وێنە ئەنجوومەنەکانی گەڕەك یان یانە وەرزشی و کۆمەڵایەتییەکان، یان ئەو ڕێکخراوە گەورانە کە بە شێوەی فەرمی تۆمار کرابن. لە نێو ئەوانەدا هەم ڕێکخراوی شێوە دەوڵەتیو هەم ڕێکخراوی تەواو سەربەخۆ هەن. شانەی سەرەکی و نەریتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتی بوون لە یەکیەتییە کرێکارییەکان، ئەنجوومەنە پیشەیی



یان بازرگانیەکان، پیشەکاران، کۆمپانیا هەرەوەزییە کرێکارییەکان، ڕێکخراوە مەزهەبییەکان و گەلێك ئەنجوومەنی ئەتنیکی.

ئەمڕۆ وای لێ هاتووە کە "ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی" یان "ڕێکخراوە ناحکوومییەکان" یەك واتا بدەنو لە باتی یەکتر بەکار ببرێن. بەڵام باشتر وایە کە زاراوەیەکی دروستتر بە کاربهێنین تا جیاوازی نێوان لقە بەربڵاوەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی روون ببێتەوە. لەم ڕێنوێنییەدا ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە هەموو ئەو ڕێکخراوانە دەوترێ کە لە خزمەتی کۆمەڵگەی مەدەنیدان. ڕەنگە ئەو ڕێکخراوانە بە تەواوی ناحکوومی یان شێوە حکوومی بن، یان بۆ خزمەتی کۆمەڵایەتی دامەزرابن (وەك ئەنجوومەنەکانی گەڕەك و گرووپە بێ بەشەکان) یان بەرگری لە مافی ئەندامانی ڕێکخراوێك بکا (وەك یەکیەتییە کرێکاری و سینفییەکان).

**٥. وشیارکردنەوە**

لە نووسینی بڵاوکراوەیەکی لەو چەشنەدا ڕەنگە نووسەر تووشی دڵەڕاوکێ بێ کە دەربارەی ئیمتیازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی سەر بەو کۆمەڵگەیە زێدەڕۆیی بکاو چاو لە ئاست لایەنە دزێوەکانی ئەم جۆرە چالاکییە ڕێکخراوەییە بنووقێنێ. ئەمە هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تێکڕا بێ خەوشن و ئامانجە بەرزە کۆمەڵایەتییەکان یان گیانی دیموکراسی سەرچاوەی هاندانیان بووە. ئەو ستراتیژیانەی کە لەم ڕێنوێنییەدا شیکراونەتەوە دەکرێ لە ڕێگای فرت و فێڵ یان کاری دەمارگرژانەدا بەکاربهێنرێ.

ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕێ و شوێن و مەرجە یاساییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان تێدایە زۆرو بەرفراوانن، بەڵام بە داخەوە گەندەڵ و تاوانبارن. بۆ نموونە، دەتوانین باسی فیرقە مەزهەبییە فریودەرەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بکەین کە مەرجەکانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیان تێدایە، بەڵام بەتایبەت بۆ ڕوونکردنەوەی خەڵکی نەزان و ساویلکە و کەڵەکەکردنی پارە بە

هۆی دامەزرێنەرەکانیانەوە پێك هاتوون کە خۆیان بە رێبەری ئایینی دەزانن. گرووپە شوفێنییەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی و ناوچەکانی دیکەی وەك یوگسلاڤیای پێشوو و هەرێمەکانی دەریاچە گەورەکانی ئەفریقاش نموونەیەکن لەو رێکخراوە ناحکوومیانە کە بە شێوەی فەرمی یان نافەرمی بە رێکخراوی قازانجخواز (انتفاعی) ناسراون، و توانیویانە جینایەتی گەورەی رێکخراوەیی ئەنجام بدەن.

لە نێو رێکخراوە یاساییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشدا زۆر کەلێنی نادیار دەردەکەون. هەندێك لە وانە دەچنە خزمەت گرووپێکی تایبەتو بۆ قازانجی سیاسەتمەدارو سەرمایەدارەکان بەکاردەهێنرێن.

لەو دیموکراسیانەی کە لە رێگای هەڵبژاردنەوە دێنە سەرکار، دامەزراوە دەڵاڵەکان کە دوای قازانجی تایبەتی خوێان دەکەون، خۆیان وەك رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لە قەڵەم دەدەنو پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن دەکڕن یان رەوتی سیاسی دیموکراسی تێك دەدەن و لە رێگای میتۆدەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە دەنگی خەڵك کپ دەکەن.

بەشێکی زۆر لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تووشی بەڕێوەبەرایەتییەکی گەندەڵ و ناکارامە دەبن. کێشەی نێوان ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبەری و فەرمانبەران زۆرجار دۆخێکی وا دروست دەکا کە رێکخراو و ئامانجەکان و خەڵك ببنە قوربانی مەبەست و قازانجە شەخسییەکان. بە واتایەکی دیکە بەڕیوەبەری نێوخۆیی رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی، دەتوانێ هەر بە قەدەر هۆکارە دەرەکییەکان زیان بە رێکخراوەکە بگەینێ.

بەڕیوەبەری لاوازیش رێگا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی رێکخراوەکە دەگرێو لە رێی لا دەداو دەیخاتە نێو ئاڵۆزی و برۆکراسیی ئیدارییەوەو ئەو سامانەی بە هەزار زەحمەت و ماندووبوون پێکەوە نراوە، بە فیڕۆ دەدا. ئەم مەترسییە بە تایبەت بۆ رێکخراوە گەورەکان دێتە پێش کە لە پێناو مانەوەو پاراستنی خۆی و دانی مووچەی فەرمانبەراندا تووشی گێژاوی سەر لێ شێواوی دەبێ. لە بەر ئەوەی



کە سەرچاوەکانی یارمەتی بۆ بەشی ناحکوومی کۆتایی پێنایە، هەتا ژمارەی ئەم جۆرە رێکخراوانە روو لە زیادبوون بکا، ململانێش زۆر دەبێ. ئەم ململانیانە ئەو رێکخراوە بچووکانەی کە خاوەن خەباتێکی کەمترن، هەرچەندە شیاو و دووربینیش بن، بەرەو هەڵدێری لە نێوچوون دەبا. رێکخراوێکی ناحکوومی لە کاری خۆێدا بە هەمان رادەی رێکخراوە ناحکوومییەکانیتر دەتوانێ بێ بەزەییانە رەفتار بکا کە هەندێ کۆمپانیای کەرتی تایبەت لە دزینی توانایی زەینی داهێنەرەکانو رفاندنی بازاڕ لە چنگی یەکتردا دەیکەن.

**٦. بەها هاوبەشەکان**

ئەگەر رێکخراوە شێلگیرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نەیانەوێ ئاوێتەی ئەو گەندەڵیانە بن کە لە سەر رێگەیاندا بڵاوبوونەتەوە، دەبێ زنجیرە رێ و شوێن و پرنسیپێکی کاریگەر پەیڕەو بکەن. پێویستە ئەم رێکخراوانە بە پێی هەمان ئەو بایەخە کۆمەڵایەتیانە بجووڵێنەوە کە لە کۆمەڵگایەکدا کە پشتگیری لێ دەکەن، بەکاری بێنن. رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە پەیڕەوی لە بەها بەرزەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی دەکەن، بەهای کۆمەڵایەتی هاوبەشیان هەیە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند بەستێنێکی گشتی دەکەین کە ئەم بەهایانە لە سەر بنەمای ئەوان دامەزراون.

**گشتگیربوون و نەبوونی ئاپارتاید**

پێشوازیکردن لە هەموو ئەندامانی هۆگری کۆمەڵگەو وەرگرتنیانو گویگرتن لە قسەکانیان و بەشدارکردنی یەکسانیان لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەشێکە لە جەوهەری کۆمەڵگەی مەدەنی. دەبێ ئەم رێکخراوانە نوێنەری بەربڵاوترین چینو توێژەکانی کۆمەڵگە و داخوازییەکانیان بن. نابێ لە پێکهاتەی ئەو رێکخراوانەدا هیچ چەشنە هەڵاواردنێك لە سەر بنەمای رەگەز، ئەتنیك، شوناسی نەتەوەیی یان مەزهەبی، پەککەوتوویی یان هەرچەشنە تایبەتمەندییەکی دیکەی تاکەکەسی لە ئارادا بێت.

**بەشداریكردن لە بەڕێوەبەریدا**

ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی، سەمبۆلی حكوومەتێكی دیموكراتیە. پێویستە ئەم ڕێكخراوانە پشت بە هەمان ئەو بنەما دیموكراتییانەی حكوومەت ببەستن كە خوازیاری ئەوەن لە دەوڵەتدا هەبن،و بانگەشەی بۆ دەكەن. پێویستە چ لە نێو خودی پێكهاتەی ڕێكخراوەكەیانداو چ لە سەر ئاستی كۆمەڵگەدا هیچ شتێك لە خەڵك نەشارنەوە. بۆیە دەبێ خەڵك هان بدەن لە بەڕیوەبردنی كاروبارەكانیاندا بەشدار بن.

**دەستڕاگەیشتنی خەڵك بە كاروبارەكان و مەسرەفی ڕێكخراوەكە**

ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر بنەمای متمانەی خەڵك دادەمەزرێن كە داوایان لێدەكەن بەو پەڕی ڕاستگۆیی و لێهاتووییەوە ڕێكخراوەكە ئیدارە بكەن. كەواتە ڕێكخراو ڕاستەوخۆ لە بەرانبەر خەڵكو هەر ڕێكخراوێكی دەوڵەتیدا كە چاودێری بە سەر كارەكانیاندا دەكا، بەرپرسیارو وەڵامدەرە.

**هاوبەشبوون لەگەڵ خەڵكدا**

ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لە بیر و كردەوەدا زۆرجار ڕەخنەی توند ئاراستەی كارە نادیموكراتییەكانی دەوڵەتەكان و زیدەڕۆییەكانی كەرتی بازرگانی دەكەن. ئەم ڕێكخراوانە نە تەنیا پێویستە لە كارەكانی خۆیاندا زۆر وردو سەختگیر بن، بەڵكو نابێ هیچ هەلێك بۆ بەشداربوونی خەڵك، دەوڵەت و كەرتی بازرگانی لە كیس خۆیان بدەن. هەروەها زۆر گرنگە كە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی پێوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ ڕێكخراوە هاوشێوەكاندا هەبێو بە گیانی هاوكاریكردن و یارمەتیدانی یەكترەوە كار بكەن.

**ئەسكەلە جیهانییەكان بۆ پەرەسەندنی سەقامگرتوو**

لە زنجیرە كۆنفرانسێكی جیهانی لە نەوەدەكاندا، گەلێك ڕێكخراوی ناحكوومی نێونەتەوەیی بە شێوەی بەربلاو و گشتگیرانە بەشدارییان كردو ڕاگەیاندنێكی زۆرو پێشنیاری واقیعییان بۆ ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بلاوكردەوە كە زۆر



پرنسیپی هاوبەشی ئەخلاقی بۆ ئەو ڕێكخراوانە لە خۆ دەگرێ. ئەم كۆنفرانسانە بریتی بوون لە:

- International Conference on Education for all (JOMITIEN, 1990
- World Summit for Children (New York 1990)
- United Nations Conference on Environment and Development ("Earth Summit", Rio de Janeiro, 1992)
- World Conference on Human Rights (Vienna, 1995)
- International Conference on Population and Development (Cairo 1994)
- World Summit for Social Development (Copenhagen, 1995)
- Fourth World Conference on Women (Beijing, 1995)
- Second United Nations Conference on Human Settlements ("Habitat ii", Istanbul, 1996)

# پاژی دووەم

## بەستێنی فەلسەفی و مێژوویی

**پوختەی پاژەکە:**

لەم پاژەدا بەخێرایی چاوێك دەگێڕین بە سەر هەندێ لە گرنگترین ئەو چەمكو گۆڕانكارییانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژئاوادا. ئەمانە بریتین لە:

**پێشەکی**

١. دوو ڕەوتی سەرەکی فەلسەفی

ئەلف/ نموونەی کلاسیك

ب/ نەریتی لیبراڵ

٢. کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت

٣. دەستەبەرکردنی هێزی مەدەنی

٤. سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەوروپای ڕۆژهەلاتدا

٥. ئەزموونەکانی مێژوو

٦. کۆمەڵگەی مەدەنی و گۆڕانکاری کەلتووری

**پێشەکی**

کۆمەڵگەی مەدەنی بە مانا ئەمڕۆییەکەی ڕیشەیەکی قووڵی لە کەلتوور و مێژووی ڕۆژئاوادا هەیە. زەمەنێکی دوورو درێژ بە سەر ڕەهەندە فەلسەفی، کەلتووری و سیاسییەکەیدا تێپەڕیوەو لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندییەکی توند و تۆڵیشی لەگەڵ سیستمە دیموکراتییەکانی حکوومەتە هاوچەرخەکاندا هەیە.



هێشتا بە تەواوی ڕوون نییە کە مێژووی سەرهەڵدانی دیموکراسی لیبڕاڵی، یان کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بۆ کەی دەگەڕێتەوە، بەڵام دەکرێ سەدەی هەژدەیەم بە سەردەمێکی گرنگ لە سەرهەڵدانی دەوڵەتە دیموکراتییەکانو کۆمەڵگەی مەدەنی دابنرێ. دەتوانین ڕوانگەکانی جیهانگەرایی(Universality) و سکۆلاریزم (Secularism) کە لە سەدەی هەژدەهەم (سەدەی ڕۆشنگەری)دا سەریان هەڵدا، بە گلۆبالیزەبوونی مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم بدەین. مافی مرۆڤ لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسەدا پێی نایە قەڵەمڕەوی مەدەنیەتەوەو چەمکی "هاووڵاتی" بە ماف و بەرپرسیارەتییەکانیەوە نرخ و بایەخێکی زۆری پەیدا کرد. مێژووی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی بە واتای تایبەتی خۆیان لە لایەکەوەو سەرهەڵدانی حکوومەتە دیموکراسییە نۆییەکان لە لایەکیترەوە لە یەك جیا ناکرێنەوە. ئەمەی خوارەوە باسێکی کورتە دەربارەی هەندێك لە بە تواناترین بیرمەندەکان، چەمکەکانو ئەو گۆڕانکارییە مێژووییانەی کە دەورێکی کاریگەریان لە دروستبوونی ئەو بەهاو دەزگایانە بووە کە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژئاوادا هەڵدەگرێ و ئامانجی ئەوەیە کە ڕێگا بۆ باس و توێژینەوەی کامڵتر خۆش بکا.

### ١. دوو ڕەوتی سەرەکی فەلسەفی

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، واتە کۆمەڵگەیەك کە لە "هاووڵاتیان" پێکهاتبێ، لە ڕۆژئاوادا بە دوو ڕەوتی فەلسەفی جیاوازدا چۆتە پێش. لە هەر دووی ئەم دوو چەمکە فەلسەفییەدا هاووڵاتیبوون، مانای پێوەندی تاك بە کۆمەڵگەوە دەبەخشێ. ئەم پێوەندییە لە جێی خۆیدا لە ڕێگای ئەو یاسایانەوە دروست دەبێ کە تاکەکان ڕێنوێنی دەکا لە نێو کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیدا چۆن ڕەفتاربکەن. ئەگەرچی ئەم دوو ڕەوتە جیاوازی گرنگییان پێکەوە هەیە، بەڵام خاڵی ناکۆکو هەر لەو کاتەشدا خاڵی هاوبەشیان لە زەینی بیرمەنداندا دەورێکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانیدا گێڕاوە.

**ئەلف/ نموونەی کلاسیك**

سەرهەڵدانی چەمکی "هاووڵاتی" دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یونان و ڕۆمی کۆن. ئەرەستو Telus واتە ئامانجی دوارۆژ، یان کامڵبوونی بە پێوەندی نێوان تاكو Polis واتە "حکوومەتی شار"(City-Stat) پێناسە کردووە. لە ڕۆمدا تاك بە گوێرەی چەمکی بەشداریکردنی لە بواری گشتیدا پێناسە کراوە. بواری گشتیش هەمان "کۆمار" یان حکوومەتی پاژاڕی "Civitas"ە.

لە ڕۆمدا ئەنجامدانی ئەرکە مەدەنییەکان ( کە ژیانی شەخسی تاکەکەس دەگرێتەوە)، پێوەرێك بوو بۆ دیاریکردنی "فەزیلەتی مەدەنی" هەر تاکێك. لە فەلسەفەی کلاسیکدا هاووڵاتیبوون، بە واتا کۆمەڵایەتییەکەی نەك تاکە کەسییەکەی، سەرنجی بەشێکی بەرچاو لە بیرمەندانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. یەکێك لە بەرچاوترینیان، ژان ژاك ڕۆسۆیە کە فەزیلەتی مرۆڤی بەستۆتەوە بە خۆگونجاندن لە گەڵ "ئیرادەی گشتی" یان خەڵکدا. ڕۆسۆ لە سەردەم و هەلومەرجی خۆیدا ئیرادەی گشتی بە بەرزترو گەورەتر لە ڕژێمی ملهوڕی پاشایەتی دانا. بەڵام ئەو خەڵك بە هەموو کۆمەڵگە دەزانێ، نەك بە تێکەڵاوێك لە تاکە سەربەخۆکان.

هەرچەند ڕۆسۆ یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی ئەم گریمانە کۆنە، بەڵام لە بەرهەمی بەشێکی زۆر لە بیرمەندەکاندا، ئیرادەو بەها تاکەکەسییەکان و قازانجی کۆمەڵگە وەك دوو هۆکاری دژبەیەك بەرچاو دەکەون. نیکۆلای ماکیاڤیلی (سەدەی ١٥و١٦) کاری هەرەوەزی و کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی لە ئەخلاقیاتی تاکەکەسی جیادەکاتەوە.

ئەمیل دورکهایم (Emil Durkheim) ئەم دوو بەشە ئەوەندە لە یەك جیا دەکاتەوە کە پێیوایە ئەخلاق بنەمای کۆمەڵایەتی هەیە و کاری هاوبەش، بەرهەمی ویژدانی هاوبەشە. کارل مارکس و لەویش زیاتر پییەروالشن، یەکسانی کۆمەڵایەتی دەبەستنەوە بە پێکەوبەسترانی قازانجی چینی کرێکار بە قازانجی



کۆمەڵگەوە. هەرچەند ئەندێشەی "فەزیلەتی مەدەنی"و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەخلاقیات سەرەتا بە شتێکی سەرنجڕاکێش دێنە بەرچاو، بەڵام تاقیکردنەوە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە دەرەنجامەکانیان لە زێدەڕۆییدا سنووریان بەزاندووە. مۆنتسکیو(س ١٨) لە نێوان نەریتە مەدەنییەکانی ڕۆم و سەختگیرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها ئەو دیکتاتۆرییە سەربازییەی کە سەرنجام بۆ پاراستنی ئەو نەریتانە پێویست بوو پێوەندییەکی دەبینی. تۆکڤیل (س ١٨) سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی توندوتیژانەی خەڵك و دیکتاتۆری دوای شۆڕشی فەرەنسای بە دەرنجامی بێ ئەملا و ئەولای تێکەڵبوونی تیۆری فەزیلەتی کۆمەڵایەتی و مێژووی سەرکوتی سیاسی دەزانێ. لە مێژووی هاوچەرخدا مارکسیستەکان بە لکاندنی پرولتاریا بە "کۆمەڵانی خەڵك"ەوە ڕژێمێکیان هێنایە کایەوە کە هیچی لەو ڕژێمانە کەمتر نەبوو کە قازانجی گشتییان خستبووە پێش قازانجی تاکەوە.

**ب/ نەریتە لیبڕالییەکان**

لە بەرانبەر نموونەی کلاسیکدا کە قازانجی تاکی دەبەست بە قازانجی کۆمەڵەوە، دیرۆکێك هەیە کە لە سکۆتلەنداو ئینگلتەرەو ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتووە. لەم فەلسەفەیەشدا، ئەرکەکانی تاك لە بەرانبەر کۆی مەرجەکانی "هاووڵاتیبوون"دا دیاریکراوە، بەڵام سەربەخۆبوونی تاك لە بیرو ئیرادەو دادوەریدا دەبیاتە ریزی ئەندامانی کۆمەڵەوە، نەك بڕیارەکانی چەمکێکی ناروونی وەك "کۆمەڵگە" یان کۆمەڵانی خەڵك. لە فەلسەفەی لیبرالیزمدا ئەوەی کە چوارچێوەی ڕەفتاری تاك وەك مرۆڤێك دیاری دەکا، ئیرادەو دادوەری خودی خۆیەتی، نەك گریمانەیەکی خەیاڵی "ئیرادە"ی کۆمەڵایەتی.

چەمکی "مەدەنیەت" لە سەنتەری ئەم قوتابخانە فەلسەفیەدایە کە بریتیە لە توانایی یەك بەیەکی ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ ڕێزلێنانو ڕەچاوکردنی مافەکانی یەکترو قبوڵکردنی ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان تاکەکاندا هەیەو هەروەها توانای

هاریکاریکردنی یەکتر. ئەم قوتابخانە تاکوو ئێستا تاك لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا پێناسە دەکا، بەڵام ئەو هێزەی کە تاك هان دەدا خزمەت بە کۆمەڵ بکا، لە خودی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ، وانییە کە لەلایەن کۆمەڵگەوە بەسەریدا بسەپێ.

لە فەرهەنگی "ئۆکسفۆرد"دا هاتووە کە، زاراوەی "کۆمەڵگەی مەدەنی" بۆ یەکەمجار لە سەدەی شانزدەهەمدا بەکارهاتووەو بەم شێوەیە پێناسەی دەکا: "سروشتی مرۆڤ زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەگونجێ تا هەر چەشنە ژیانێکی تاکەکەسی". ئەمەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. جۆن لۆك (س ١٧) گەورەترین بیرمەندی ئەم قوتابخانە فیکریەیە. ئەو وتەیەی کە دەڵێ، مرۆڤ لە خۆیدا بوونەوەرێکی چاکەو بەختەوەری ئەو بەندە بە خوشگوزەرانی کۆمەڵگەوە، بووە بە هۆی سەرهەڵدانی فەلسەفەیەك کە دەڵێ، هەوڵی لۆژیکیانەی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە بەختەوەری تاکەکەس دەبێتە هۆی هاوکاریکردن و پشتگیریکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە لە یەکتر. فەلسەفەی جۆن لۆك و بیروبڕواکانی دەربارەی "حکوومەتی مەدەنی" کاریگەرییەکی مێژوویی قووڵی لە نووسینی دەستوری ئەمریکادا هەبووە.

دەیڤیدهێوم (س ١٩) بە چاوی گومان و دڕدونگییەوە دەیڕوانییە فەلسەفەی جۆن لۆك کە دەڵێ، مرۆڤ لە خۆیدا بوونەوەرێکی چاکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچی لە گرنگی فەلسەفە سیاسییەکەی کەم نەکردەوە.

لە سەدەی هەژدەهەمدا، پۆزیتیڤیستە سکۆتلەندییەکانیش پەرەیان بە چاکەی تاکەکەسی و بەکارهێنانی لە کۆمەڵگەی مەدەنی داوەو لە رووی فیکرییەوە لە مەحەکیان داوە. لەو نێوەدا ئادەم فێرگۆسۆن (Adam Ferguson)، هەستی میهرەبانیو "هاوخەمی دوولایەنە"ی ئاسایی خەڵکی لە بەرامبەر یەکتردا، بە یەکێك لە دیاردەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەزانێ. ئادام سمیت لە دواین نووسینەکانیدا باس لە ویژدانێکی دەروونی دەکا. ئەم ویژدانە لە روانگەی ئادام سمیتەوە تێکەڵاوێکە لە چاودێرێکی ژیرو بێ لایەن و هەروەها توانایەکی غەریزی



لە پێناو هاوخەمیکردن لەگەڵ کەسانیتردا، ئەو هەروەها دەڵی، عەقڵو خوو رەوشتی میهرەبانانە رێنوێنی رەفتاری خەڵکە لە نێو کۆمەڵگەدا. خاڵی هاوبەشی روانگەی فەلسەفی ئەم دوو بیرمەندە ئەمەیە کە خوشگوزەرانی کۆمەڵگە بەستراوەتەوە بەوەی کە هەر تاکێکی کۆمەڵ بە پێی بنەما ئەخلاقییەکانی خۆی هەڵسوکەوت بکا. ئەو رێکخراوانەی کە لە بریتانیاو ئەمریکادا بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنییان لە سەدەکانی ١٨و ١٩دا پێکهێناوە، هەر لەم قوتابخانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

### ٢. کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت

ئەندێشەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبارەی "قەڵەمڕەوی گشتی" کە مەودایەکە لە نێوان دەوڵەت و خەڵکدا، هەم لە نەریتی کلاسیکی و هەم لە نەریتی لیبڕالیزمدا کۆمەڵێك باس و لێکدانەوەی لێکەوتۆتەوە. بۆ نموونە، ئادەم فێرگۆسۆن دەیوت، کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت هەردووکیان بەشێکن لە رژێمێکی دیموکراتیو چاودێری کارەکانی یەکتریدا دەکەنو رێگا لە چەواشەبوونو پێشێلکارییەکانی یەکتر دەگرن. تیۆرییەك کە ئەمڕۆ رەواجێکی زیاتری پەیدا کردووە، کۆمەڵگەی مەدەنی بە گرنتییەك دەزانێ بۆ پێشگرتن لە دروستبونی حکوومەتێکی ملهوڕو قەڵەمڕەوی گشتی بە مەیدانێکی خەبات دەزانێ لە دژی زوڵمو زۆرداری دەوڵەتەکان. ئەم جۆرە لێکدانەوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی دژبەیەك و ناکۆك لە سەر چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ئاراوە، لایەنگرانی ئەمجۆرە بیرکردنەوانە لە یەك شتدا هاوبیراوران و ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەگەرچی تاك لەوانەیە سەربە دەوڵەت بێ، بەڵام ئەندامی کۆمەڵگەی مەدەنییەو فاکتەرێکە لە نێو کۆمەڵدا.

دژایەتیکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرهەمی بەشێکی زۆر لە بیرمەندە گەورەکانی سەرانسەری مێژوودا بەرچاو دەکەوێ. رەنگە رۆسۆ نموونەیەکی دیاری ئەم فەلسەفەیە بێت. لە تیۆرییەکەیدا "ئیرادەی گشتی" دژ بە باڵادەستی رەهای پاشاو نوێنەری ئاسایشی گشتی لە قەڵەم دەدات. هانا ئارنێت لە سەدەی

بیستەمدا "قەڵەمڕەوی گشتی" بە ئالتەرناتیڤێکی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەدانێ. یورگن هابرماس پێیوایە کە ئەم قەڵەمڕەوە بە یارمەتی ئەو شۆڕشەی کە لە میدیا گشتییەکانی وەك خوێندەوارکردن، تەکنۆلۆژیای چاپ، رادیو و تەلەفزیون سەری هەڵداوە، نیشانەی راشکاوی کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئەو پێیوایە کە بەرتەسکبوونەوەی قەڵەمڕەوی گشتی لەم سەردەمەدا پێوەندی بەو هەلومەرجە سیاسی و ئابوورییەوە هەیە کە سەرمایەداری هێناویەتە کایەوەو کاری کردۆتە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی.

هیگڵ دیمەنێکی ئاڵۆز دەربارەی پێوەندی کۆمەڵگەی مەدەنیو دەوڵەت پیشان دەدا. پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی لای ئەو بریتییە لە دوو گرووپی نایەکسان. گرووپێك ئەوانەن کە زیاتر لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی ئابووریدا پێکهاتوون و گرووپەکەی دیکە ئەوانەن کە ئەرکی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیستمە مەدەنییەکانیان لە ئەستۆیە، بێ ئەوەی پێویست بکا لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن و پێکەوە بگونجێن. دەوڵەتە یوتۆپییایەکەی ئەو دەوڵەتێکی چەقبەستووە کە لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پێکدەهێنرێو بە پشتیوانی ئەو هێز و دەسەڵاتە بەرفراوانەی کە خەڵك پێدەبەخشن، حکووم دەکات. بە رای ئەو دەوڵەتێکی لەو چەشنە دەتوانێ هاوبەندییەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی پێکبێنی و لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ئەو شتە بکاتەوە کە پێی دەڵێ "موراڵێکی دونیایی".

هەندێکیتر لە بیرمەندە ناودارەکانی مێژوو بە هەمان رادە کە دەوڵەتیان مەحکووم دەکرد، رەخنەی توندیشیان ئاڕاستەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرد. بەرچاوترینیان کارل مارکسە کە کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی بە ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی سەرمایەداری دەزانێ. پێوەندیی کۆن و لەمێژینەی چینی بازرگان لە گەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا، کە مێژووەکەی بۆ پێوەندی نێوان ئەم چینەو "دەوڵەت- شار"ەکانی یۆنان و رۆم دەگەڕێتەوەو تا سەردەمی



دەسەڵاتی فیوادالیزمی ئەورووپای سەدەکانی نێوەڕاست بەردەوام دەبێ، شتێکە کە حاشای لێناکرێ. مارکس دەیوت لیبرالیزمی بورژوازی ئامرازێکە بۆ لاوازکردنی سیستمی فیودالی و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەست چینێکی تازە پێگەیشتووی سەرمایەداری و ئەو دەزگا کۆمەڵایەتیانە کە مۆرکی بورژوازی لیبرالییان بە ناوچاوانەوەیە، ناچارن خۆیان بە نوێنەر و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەم چینە بزانن.

**٣- دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی مەدەنی**

لە ئەورووپادا چەندین سەدەی خایاند تا توانرا توخمە مەدەنییەکان بخرێنە نێو پێکهاتەی دەوڵەتەکانەوەو ئەمە بەرهەمی هەوڵی بەرفراوانی گەورەو بچووك بوو. یەکێك لە کۆنترین نموونەکانی بەشداریکردنی خەڵك لە ئەنجوومەنەکانی سەدەکانی نێوەڕاستدا، ئەو ئەنجوومەنانە بوون کە لە نوێنەرانی کڵێسە و پیاوماقووڵان و خەڵکی شارەکانی ئەورووپا پێکهاتبوون تا کەرەستەو سەرچاوەی پێویست بۆ شەڕ ئامادە بکەن. سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە کە دەڵێ: "وەرگرتنی باج بە بێ رەزامەندی خەڵك حەلاڵ نییە" بۆ ئەم ئەنجوومەنانە دەگەڕێتەوە. لە ئیتالیای سەردەمی رینسانسدا، ماکیاڤیلی ئەو سوپایەی رەتدەکردەوە کە لە سەربازی بەکرێگیراو پێکدەهات و لە باتی ئەوە سوپایەکی بۆ شاری فلۆڕەنس دروست کرد کە ئەندامەکانی لە "سەربازی نیشتمانی" پێکهاتبوون و هاووڵاتیانی فلۆڕەنسی بەهێزتر دەکرد. لە بریتانیاشدا پاش تێپەڕینی چەندین سەدە لە دوو توێی نەریتی هەڵبژاردنی پارلمانیو پێکهێنانی دەزگاو (پەروەردەکردنی) فەرمانبەری پسپۆڕی دەوڵەت(Civil Service) کە هەموو کەس بۆی هەیە بەشداری تێدا بکا، "حکوومەتی نوێ" هاتە کایەوە. چینی نوێی فەرمانبەرانی دەوڵەت کە بە پێی لێوەشاوەییو لە ئەنجامی تاقیکردنەوەدا هەڵبژێردراون، نەك بە راسپاردەو ویستی سیاسەتمەدارەکان، دەورێکی بەرچاویان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتو ناوچە داگیرکراوەکاندا دەگێڕا.

تۆکڤیل (س ١٨) راپۆرتێکی زۆرباش و پۆزەتیڤی دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەربەخۆو بە هێزی ئەمریکا نووسی. ئەو دەوڵەتی وەك ژێرخانی دەسەڵاتداریەتی ئەمریکا چاو لێدەکرد کە دادگاو پۆلیس و هێزە چەکدارەکانی لە خۆ دەگرت. کۆمەڵگەی مەدەنی کە بواری دەرەوەی بنەماڵە، واتە بواری گشتی دەگرێتەوە، لە ئەمریکا بریتیبوو لە کۆمەڵە ئەنجوومەنێکی پرش‌و بڵاوی خۆبەخش کە کارو چالاکییەکانیان بریتیبوو لە دروستکردنی قوتابخانە و کڵێسەو بەڕیوەبردنی کاروباری خێرخوازانە تا دەگاتە چاودێریکردن بە سەر کاری دەوڵەتدا. سەرەڕای ئەوە تۆکڤیل دەیوت ئەم ئەنجوومەنانە فێرگەیەکن کە خەڵك تێیاندا فێری سیستمی دیموکراسی دەبن و فێردەکرین کە چۆن بتوانن بنەما دیموکراتییەکان هەم بە کردەوەو هەم لە کاروباری کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکانیاندا بەکار بێنن.

## ٤- سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم ساڵانەی دواییداو بە توانایەکی نوێوە لە ئاکامی گۆڕانکارییەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا خۆی دەرخستووە. لە دەیەی ١٩٧٠دا نەیارانی کۆمونیزم لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا بیری کۆمەڵگەی مەدەنییان لە باتی شێوەیەکی دیکەی دیموکراسی بڵاوکردەوە. بزووتنەوەی "سۆلیدارێتی" Solidarity لە پۆلۆنیادا ئەم زاراوەیەی خستە سەر زارو زمانان و کردیە ئامرازێك بۆ خەبات لە دژی کومۆنیزم و بووە نموونەیەکی بەهێز بۆ یەکپارچەکردنی خەڵکی پۆلۆنیا لە چالاکییە مەدەنییەکاندا.

لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا، کۆمەڵگەی مەدەنی لە تیۆری و پراتیکدا چوار تایبەتمەندی لەخۆ گرت کە بریتین لە: کۆمەڵگە لە سەر بنەمای حکوومەتی یاسا، ئابووری ئازاد، ئازادیی پێکهێنانی ئەنجوومەنی خۆبەخش و پێکهێنانی بوارێکی ئازاد بۆ باسی ئازادانە. سۆلیدارێتی لە پۆلۆنیادا، بزووتنەوەیەکی رێکخست کە داوای ئازادییە دیموکراتییەکانی دەکردو توانی



ئەو ئازادییانە بەدی بێنێ و لە هەنگاریادا کەرتی تایبەت ئەم بزووتنەوەیەی لە پێناو سەربەخۆیی ئابووریدا بردە نێو خەڵك.

پێکهێنانی بنیادەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا بایەخ و گرنگی فاکتەرە مێژوویی، کەلتووری، سیاسی و ئابوورییەکان دەردەخا. سەرباری ئەو هەموو بەربەست و لەمپەرانە زۆر رێکخراوی مەدەنی لێوەشاوە لە وڵاتانی پۆلۆنیا، هەنگاریا، سلوڤاکیا و کۆماری چیکدا ریشەیان داکوتاوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە وڵاتانی دیکە و لە هەمووان گرنگتر لە روسیا و یوگسلاڤیای پێشوودا بۆشاییەك کە پاش رووخانی دەوڵەتی کۆمۆنیستی دروست بوو، گەندەڵی و شەڕ و خوێنڕێژی لێکەوتەوە.

## ٥- وانەکانی مێژوو

دەتوانین لەو سیما جۆراوجۆرانەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە مێژووی ئەوروپادا بە خۆیەوە بینیوەو ئەو هەوڵانەی کە لەو پێناوەدا دراون، ئەزموونێکی زۆر وەربگرین. لە دەیەی رابردوودا ئەوروپای رۆژهەڵات ئەزموونێکی زۆری دا بەدەستەوە کە ئێمە دەتوانین لێیانەوە بەم ئاکامە بگەین کە: ئەگەرچی پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی پردەبازێکە بۆ گەیشتن بە دیموکراسی، بەڵام فاکتەرێکی سەرەکی تێکشکاندنی دیکتاتۆری نییە. جگە لەوە رەنگە کارامەترین رێگای گەیشتن بە حکوومەتی دیموکراتی بێ، بەڵام داڕمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی لە خۆیدا نابێتە هۆی هاتنەدی دیموکراسی لە سەر ئاستی کۆمەڵگە، یان کۆمەڵگەیەك پێکناهێنێ کە بە مانای راستەقینە "مەدەنی" بێت.

نموونەی پۆلۆنیا سەلماندی کە ئەگەرچی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام چەندین ساڵ دەخاینێ تا بنەماکانی دابڕێژێت و هەوڵی خەڵك بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە ئاکام بگا. بە واتایەکیتر، کۆمەڵگەی مەدەنی خۆبەخۆو کتوپڕ لە نێو وێرانەکانی دیکتاتۆرییەوە سەرهەڵ نادا.

بەراوردی نێوان ئەوروپای ڕۆژهەڵات و چینیش گرنگە. هەرچەند سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کرانەوەی بازاڕی ئازاد لە ئەوروپادا هاوکات بوون، بەڵام ئەزموونی چین دەریخست کە باشبوونی هەلومەرجی ئابووری و چوونە سەری ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵك بە تەنیا ناتوانێ دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بنیاد بنێت. ئەزموونێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە وڵاتێك دەتوانێ ببێتە خاوەن کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێزو دیموکراتی و هەر لەو کاتەشدا لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە و وڵاتانی دیکەدا بەهاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیڕەو نەکات. بریتانیاو ئەمریکا کە خاوەن نەریتێکی کۆنی لیبرالی و حکوومەتی دیموکراسین، ناتوانن بڵێین کە مێژووی کۆیلەداری و کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیالیزمی نوێ و ئەو ڕێوشوێنە دیموکراتیانەی کە خۆیان سوودیان لێوەرگرتووە، لە پێوەندی لە گەڵ خەڵکی وڵاتانیتردا بەکاریان هێناوە.

سەرەنجام، بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك لە قۆناغێکی تایبەتی مێژووییدا مانای ئەوە نییە کە هەمیشە دەمێنێتەوە. لە ئەمریکا سەرباری بوونی نەریتی جێکەوتووی ئەنجوومەنە مەدەنییەکان و بەشداریکردنی خەڵك لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیاندا، دەبینین کە نەریتی جەماوەری کۆمەڵگەی مەدەنی بەرەو لە نێوچوون ڕۆیشتووە. کەشوهەوا کۆمەڵایەتییەکەی بە هۆی کۆمەڵگەی بەرخۆرەوە (Consumer Society) ژاکاوە. بە واتایەکیتر خەڵك دوای بەرهەمهێنانو سەرفکردنی کاڵاو شتومەکەکانیان نە کاتی ئەوەیان هەیەو نە دەشیانەوێ کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدەن. کەشوهەوای کۆمەڵگەی مەدەنی بە هۆی ڕەوتێکی سیاسییەوە کە بە جیا لە خەڵك دەچێتە پێش و ڕۆژ بە ڕۆژ لە خەڵك و خواستەکانیان دوور دەکەوێتەوە، بەرەو خراپبوون دەچێ. جگە لەوەش میدیاکان بەو هێزو توانا بەرفراوانەی کە لە بەردەستیاندایە، دەنگ و ڕەنگی خۆیان بۆ پشتیوانیکردن لە هێزە ئابووری و سیاسییەکان بەکار دەبەن و خەڵك و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خێرێکی ئەوتۆی لێ نابینن.



**٦- کۆمەڵگەی مەدەنی و جیاوازی کەلتووری**

هەرچەند ناسینی بەستێنی مێژوویی و کەلتووری کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژئاوایی لە جێی خۆیدا شتێکی سوودمەندە، بەڵام بەکارهێنانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەستێنی کەلتووری و مێژوویی وڵاتانیتردا باسێکی جیاوازە. ئەو پرسیارە سەرەکییانە کە دەبێ سەرنجی پێبدەین، ئەمانەن: ئاخۆ ئایدیای کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی لە ئاستێکی جیهانیدا بەکاردەهێنرێن؟ ئاخۆ ئەو هەوڵانەی کە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدرێن، لە هەموو شوێنێکدا سوودمەندن؟

مەسەلەی ناکۆکییە کەلتوورییەکان لە بەرانبەر تیۆرییە ڕۆژئاواییەکاندا، بەتایبەت "بەجیهانیبوون"ی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان دەنگدانەوەیەکی زۆرو بەربڵاویان هەبووە. ڕەخنەگرەکان دەڵێن کەلتوور فاکتەرێکی ڕێژەییەو ڕاست نییە بوترێ ئەگەر پارامترێکی ئەخلاقی لە کۆمەڵگادا ڕیشەی داکوتا، لە کۆمەڵگایەکیتردا هەمان شت ڕوو بدات. لە لایەکیترەوە هەر ئەم ڕەخنەگرانە بە گشتی چەمکی دیموکراسی قبووڵ دەکەن و تێکڕا وەك بەستێنێکی بڕواپێکراو دەربارەی ئەوەی کە دیموکراسی باشترین جۆری حکوومەتە، چاوی لێدەکەن.

بێگومان دیموکراسی وەك لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا بەکار دەبرێ و دەبێتە هۆی چاولێکەری، بەندە بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤەوەو دەوڵەت دەرگا بۆ بەشداریکردنی خەڵك لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەخاتە سەر پشت. کۆمەڵگەی مەدەنی، واتە زنجیرەیەك پێوانەو پێوەندی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کە لەگەڵ دیموکراسیدا بنەمایەکی هاوبەشی هەیە. کەواتە ئەگەر چەمكو کارکردی دیموکراسی بە جیهانی بزانین، بەڵام لە لایەکیترەوە مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی بە هاوشانی نەزانین، ئەوا تووشی پارادۆکسێکی زەق دەبین.

حاشا لەوە ناکرێ کە بەکاربردنی کوێرانەی مێتۆدە ڕۆژئاواییەکان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و گەیشتن بە دیموکراسی لە وڵاتانی نارۆژئاواییدا، ئاکامێکی باشی لێناکەوێتەوە. بێگومان گۆڕانکارییە کەلتورییەکان وەك

هەوێنێکی پراتیکی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرن. یەکێك لەم گۆڕانکارییانە پێشینەو تێگەیشتنی خەڵکە لە "قەڵەمڕەوی کۆمەڵگە"، واتە ئەو کەشوهەوایەیە کە تێیدا ئەنجوومەنەکان لە سەر دەستی ئەندامانی کۆمەڵگە دادەمەزرێن. لە رۆژئاوادا سروشتی خۆبەخشانەبوونی دامەزراندن و پەیوەستبوون بە چەند ئەنجوومەنی ناوچەییەوە تایبەتمەندییەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیاری دەکا.

لە کەلتووری رۆژئاواییدا ئەو ئەنجوومەنانە کە بە هۆی خەڵکەوە دادەمەزرێن، رابردوویەکی دوورو درێژیان نییە. لەم وڵاتانەدا ئەنجوومەنە مەدەنییەکان لە سنووری بەستراوەیی بنەماڵەیی، پیشەیی، مەزهەبی، ئەتنیکی یان دەستەبەندی نهێنیو شاراوە تێپەڕیون — بێگومان تێکڕای ئەمانە دەرگایان بە رووی ژناندا داخستووە. مێژووی سەرکوتە سیاسییەکانیش بە سەرنجدان بە ئازادی و نەبوونی متمانەی تەواو بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنە خۆبەخشەکان، رێگای لە بووژانەوەی "قەڵەمڕەوی گشتی"گرتووە. کەواتە، پێویستە وڵاتە رۆژئاواییەکان پاساو بۆ ئەم چەشنە بەستێنە سیاسی و کەلتوورییەی ئەنجوومەنە خۆبەخشەکان بهێننەوەو دەستبکەن بە پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنانە. سەرەنجام لەم پرۆسەیەداچەمکی "قەڵەمڕەوی گشتی" روون دەبێتەوەو لەگەڵ چەمکی باو و ناسراوی رۆژئاواشدا یەکانگیر دەبێ.

بە کورتی، دابڕینی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چاوگەکەی، واتە کەلتوورو مێژووی رۆژئاوا، نە دەکرێو نە کارێکی پێویستە. کەلتوورە نارۆژئاواییەکان نەك تەنیا نابێ ئیمکانی هاوپێوەندی نێوان کەلتوورەکانی رۆژئاواو رۆژهەڵات لە چەمكو نموونەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا پشتگۆی بخەن، بەڵکو پێویستە بە لە بەرچاوگرتنی خاڵە هاوبەشەکان ئەم گوتارە بنیاد بنێن و بوونی کەلتووری خۆیان بسەلمێنن. شیکارانی کەلتوورە نارۆژئاواییەکان لە باتی ئەوەی دەمارگرژانە بڕواننە کەلتووری خۆیان — هەرچەند لە رووی مێژووییەوە بە کەلتوورێکی راست و شیاو



بزانرێ- پێویستە لە رووی مێژوویی و فەلسەفییەوە هەنگاوێك چەمکی کومەڵگەی مەدەنی پێشبخەن و لە گرنگییە جیهانییەکەی تێبگەن و رێزی بگرن و هیچ نەبێ دەرك بە گرنگییە جیهانییەکەی بکەن و لانی کەم ئەم راستییە بسەلمێنن کە بە گشتی ئاستی زانیاری بیرمەندە نارۆژئاواییەکان دەربارەی فەلسەفە و مێژووی رۆژئاوا لە ئاستی زانیاری بیرمەندە رۆژئاواییەکان دەربارەی فەلسەفە و مێژووی وڵاتە نارۆژئاواییەکان زیاترە.

# پاژی سێهەم

## بنەما یاساییەکان

### پوختەی پاژەکە

ئەم پاژە باس لە مەرجە یاساییەکان و هەندێ ڕێسای پێویست بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بواری کارکردنیان دەکاو ئەم سەردێڕانە لە خۆ دەگرێ:

**پێشەکی**

**١ – ئەرك و ڕۆڵی یاسا**

٢ - گرنگی یاسا بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی:

ئەلف/ پاراستنی ئازادی لە دامەزراندنی کۆمەڵەکاندا

ب/ بردنە سەری توانای پشودرێژی و قبوولکردنی فرەچەشنی و فرە بیروباوەڕی

ج/ پتەوترکردنی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی یاسا

د/ یارمەتیدان بۆ بەشداریکردن زیاتری خەڵك لە پەرەپێدانی بەرنامە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان

٣- بوونی یاسایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

ئەلف/ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ب/ تۆمارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ج/ دەزگای تۆمارکردن

د/ تۆمارکردنی گشتی

و/ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی



ه/ ئامانجەکان و چالاکییە مۆڵەتدراوەکان

٤- بەڕێوەبەرێتی و بەرپرسایەتی:

ئەلف/ بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان

ب/ دەستەی بەڕێوەبەری

ج/ ناکۆکی لە بەرژەوەندییەکان و دابەشکردنی ئیمتیازەکان

د/ ڕێکخراوە پاشکۆکان

و/ ڕاپۆرت

٥- بەردەوامبوونی باری دارایی:

ئەلف/ بڕیاری گشتی لە سەر کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی

ب/ چالاکییە ئابوورییەکان

ج/ بەخشینی باجەکان

### پێشەکی

کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر بنەمای حکوومەتی یاسا دامەزراوە. دامەزراندنو بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستی بە کەشوهەوای سیاسی و یاسایی بەتوانا و بەهێز هەیەو بوونی ڕێکخراوێکی چالاك و کارای کۆمەڵگەی مەدەنی، پێناسە و نیشاندەری هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتییە. ئەم ڕێکخراوانە بە گوێرەی خۆیان ڕێگا بۆ هاووڵاتیان خۆشدەکەن کە بەشداری لە بە هێزکردنی سیستمی دیموکراتی وڵاتەکەیاندا بکەن. بەڵام لە یاساو ڕێسای زۆربەی وڵاتاندا کە دەبوایە سەبارەت بە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باڵادەست بن، کەموکورتی و ناڕوونییەکی زۆر بەرچاو دەکەوێ. کەواتە دەبێ هەمیشە یاساکان ڕوون و پێکەوە بەستراو بنو بە شێوەیەکی لۆژیکیانە پشتگیری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نەبنە لەمپەر لە بەردەم هەڵسووڕانی ئازادو سەربەخۆی ئەو ڕێکخراوانەداو کێشە و گرفتی

نابەجێی لێنەکەوێتەوە. لێرەدا ئاماژە بە چەند بابەتێکی سەرەتایی دەکەین کە کار دەکەنە سەر دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

**١. ڕۆڵ و ئەرکی یاسا**

ئەو یاسا بنەڕەتییانە کە بۆ پشتگیریکردن و پاراستنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئارادان، پاڵپشتی ئازادی ڕادەربڕین و پێکهێنانی پێوەندییەکان و کۆمەڵە ئاشتیخوازەکانن. لە ژێر سێبەری یاسایەکی لەوجۆرەدا، مافەکانی تاك دەپارێزرێن. بەڵام پێویستە ئەم قۆناغە دەربازبکەین. واتە، یاسا نە تەنیا دەبێ پشتیوانی لە ئازادی ڕادەربڕین و دامەزراندنی پێوەندییەکان و بنیادنانی کۆمەڵە ئاشتیخوازەکان بکاو بیانپارێزێ، بەڵکو دەبێ پارێزگاری لەو مافانەش بکا کە لە ڕێگای بنیادنانی کەسێتی یاسایی، وەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جێبەجێ دەکرێن. ئەم یاسایانە نە تەنیا پارێزگاری لە مافی خەڵك بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، بەڵکو بەڕێوەبەرەکان وا لێدەکا کە لە ئاست خەڵکدا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن و وەڵامدەر بن و جگە لەوەش ڕێساو سیستمی ڕەفتارو کرداری پیشەیی و بایخدار پەیڕەو بکەن و نەهێڵن بەڕێوەبەران ڕێساکان پێشێل بکەن. لەبەرئەوەی کە ئەم ڕێوشوێنانە نەبنە لەمپەرو مەترسی لە بەردەم چالاکی ماددیو دارایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا پێویستە خودی ئەم ڕێکخراوانە بە جیددی ئاگایان لە کاروبارەکانی خۆیان بێت. ئەگەر لە بەڕێوەبەرێتی ئەم ڕێکخراوانەدا چاودێری و بەرپرسایەتی بە باشترین شێوە بەڕێوە بچێ، ئیتر پێویستییەکی ئەوتۆ بە یاسا فەرمییەکان نابێ کە، ڕەنگە ببنە هۆی گیروگرفتی دەستوپا گیرو "برۆکراسی" نابەجێ.

**٢. گرنگبوونی یاسا بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی**

بوونی ڕێکخراوێکی بە هێزو سەربەرخۆی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەستراوەتەوە بە بوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و فرەچەشنەوە. یاسا، مافەکانی کۆمەڵگەی



مەدەنی دابین دەکاو هەر لەو کاتەشدا مافەکانی کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنیش دەپارێزێ و پەرەیان پێدەدا.

**ئەلف/ پاراستنی ئازادی لە دامەزراندنی کۆمەڵەکاندا**

پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و پێکهێنانی پێوەندی و دامەزراندنی کۆمەڵە ئاشتیخوازەکان بە هۆی یاسا نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان و دەستووری وڵاتانەوە دەستەبەرکراون.

**یاسا نێونەتەوەییەکان**

لە ماددەی ١٩ی بانگەوازی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتووە: "هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە ئازادانە بیروڕای خۆی دەربڕێ...". ماددەی٢٠، مافەکانی تاکەکەس "بۆ دامەزراندنی پێوەندیێ و بنیادنانی کۆمەڵە ئاشتیخوازەکان دەستەبەر دەکا". هەرچەند بانگەوازی جیهانی مافی مرۆڤ گرەنتی جێبەجێکردنی نییە، بەڵام توانیویەتی کاریگەری بەهێز لەسەر ئەو بزووتنەوانە دابنێ کە بۆ سەقامگیرکردنی مافە نێونەتەوەییەکانی خەڵکی جیهان سەرهەڵدەدەن. پەیماننامەی جیهانی مافە سیاسی و مەدەنییەکان کە لە ساڵی ١٩٦٦دا بەسترا، لە لایەن ١٣٠وڵاتەوە پەسندکراوە. ئیمزاکەرانی ئەم پەیماننامەیە لە سەریانە یاساکانی خۆیان بە جۆرێك لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی ماددەی ٢١و ٢٢ی پەیماننامەکەدا ڕێکبخەن کە مافی دامەزراندنی کۆمەڵەکان و پێکهێنانی پێوەندییەکان دابین بکا.

**پەیماننامە ناوچەییەکان**

پەیمانی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٥٠دا پەسند کرا، لە ماددەی ١١دا ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵەکانو لە ماددەی ١٠دا ئازادی ڕادەربڕین لە خۆ دەگرێ. پەیڕەوی ئەفریقی مافەکانی مرۆڤ و مافی هاووڵاتیانیش بە چەشنێك پشتگیری لە ئازادی کۆمەڵەکان دەکەن.

پەیمانی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤ، پەسەندکراوی ساڵی ١٩٦٩ لە ماددەی ١٦دا بە شێوەیەکی بەربڵاو پشتگیری لە ئازادی کۆمەڵەکان دەکا و مانیفێستی

ئەمریکی ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیان، پەسندکراوی ساڵی ١٩٤٨ گرەنتی دەکا کە "هەرکەسێك مافی هەیە لەگەڵ کەسانیتردا لە پێناو پێشخستن و پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و دینی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و پیشەیی و سەندیکا کرێکارییەکانی خۆیاندا ئەنجوومەن دابمەزرێنن و پێوەندی دروست بکەن".

**پشتگیریکردنی دەستووری وڵاتان لە مافەکانی مرۆڤ**

بە گشتی دەستوری هەموو وڵاتان ئازادی رادەربڕین و بەشداریکردن لە ئەنجوومەنەکان و دامەزراندنی کۆمەڵە ئاشتیخوازەکان بۆ هەموو کەسێك دەستەبەر دەکا. لە دەستووری هەندێ لە وڵاتاندا ئەم ئەم یاسایانە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئەنجوومەنانەدا کە پرستیژی یاساییان هەیە، دەپارێزێ. هەندی دەستووریش راشکاوانە دان بە مافی دامەزراندنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەنێن، هەندێکیتر لەم رێکخراوانە بە شێوەی فەرمی هەڵدەبژێردرێن کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگایەکی تایبەت بکەن.

**یاساکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

هەرچەندە خەڵکی هەر وڵاتێك لەوانەیە لە رێگای ئەنجوومەنە نافەرمییەکانەوە ئازادییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن، بەڵام ئەو یاسایانەی کە رێکخراوە ناحکوومییەکان بە رەسمی دەناسن، کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزتر دەکەن و دەورێکی کاریگەر لە فەراهەمکردنی دەرەتانی ئازادی رادەربڕین و پێوەندییەکان و ئازادی کۆمەڵەکاندا دەبینن.

**ب/ بەهێزکردنی گیانی پشوودرێژی و قبووڵکردنی فرەچەشنیو فرە بیروباوەڕی**

بوونی یاسایی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (C S O) وەك نوێنەری بەرژەوەندی گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، دان بە فرەچەشنی نێو کۆمەڵگەدا دەنێ و خەڵك هان دەدا پشتگیری لێبکەن. ئەو یاسایانەی کە پێوەندییان بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیە، ئاستی پشوودرێژی خەڵك لە



بەرامبەر جۆراوجۆری و فرەچەشنی کۆمەڵگەدا دەباتە سەرو رێگا لە رووبەرووبوونەوەی ناشایست دەگرێ.

**ج/ پتەوترکردنی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی یاسا**

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشتی لەو کۆمەڵگە سەقامگیرانەدا سەرهەڵدەدەنو بە ئاکام دەگەن کە تیایاندا رێز لە مافەکانی مرۆڤ و دەسەڵاتی یاسا بگرن. ئەو یاسایانەی کە بۆ پشتیوانیکردن لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەسند دەکرێن و بەکاردەبرێن، رێگا بۆ تاقم و دەستە جەماوەرییەکان خۆش دەکەن کە بە شێوەی یاسایی خۆیان رێکبخەن و دەستبەکار بن، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی رووبەرووبوونەوەو ململانێی ناشایست و پێش بەوە دەگرێ کە خەڵك بە نهێنی ئیش بکەنو دژ بە یاسا بجولێنەوە.

**د/ یارمەتیدانی خەڵك بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدانی بەرنامە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان**

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەورێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزرای و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا دەگێڕن. ئەم رێکخراوانە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لەگەڵ دەوڵەت و کەرتی بازرگانی و هەروەها باقی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا هاوکاری دەکەن و بێجگە لەوە ئامرازێکی کاریگەرترو وشیارانەتر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵك فەراهەم دەکەن و گێرەو کێشەکانی "بیروکراسی" کەم دەکەنەوە.

**٣. بوونی یاسایی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە سەرەتادا پێویستە کۆمەڵە یاسایەك پەسەند بکرێ کە چاودێری دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەم رێکخراوانەدا زاڵ بکاتو هەروەها متمانەی خەڵك بۆ لای خۆی رابکێشێ و ئەو متمانەکردنە بپارێزێ. چونکە یاسا پرستیژێکی یاساییان پێدەبەخشێو رێگا لە داخستنی بە ئەنقەست و سیاسی دەگرێ،و هەر لەو کاتەدا وریایە کە چالاکی رێکخراوەکە لە

خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێ، نەك لە خزمەتی بەرژەوەندی ئەو کەسانەی کە دایانمەزراندوەو سەرمایەیان بۆ دابین کردووە.

**ئەلف/ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

یاسا دەبێ ڕێگا بدا کە خەڵك چ وەك کەسێتی یاسایی (حقوقی)و چ وەك کەسێتی ئاسایی(حقیقی) بە کۆمەڵ چالاکی ئەنجام بدەن. ئەنجوومەنە نافەرمییەکانو ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەر دوکیان، دوو باڵی کۆمەڵگەی مەدەنین. دیارە ئەو ڕێکخراوانە هەندێ ئیمتیازی وەك بەخشینی باجەکان دەیانگرێتەوە. بەڵام دەوڵەت خوازیارە ئەوانە خاوەن کەسێتی یاسایی بنو لە بەرانبەر ڕێساکاندا پابەندو وەڵامدەربن.

**ب/ تۆمارکردن**

دەبێ یاسای تۆمارکردنی ئەم ڕێکخراوانە بە چەشنێك بنووسرێ و پیادە بکرێ کە کارەکان بە ئاسانی و خێرایی و بە هەرزانی ئەنجام بدرێن. ئەم ڕێکخراوانە دەبێ بە مەیل و ڕەغبەتی خۆیان تۆمار بکرێن، نەك بە زۆرەملیو هەموو ڕێکخراوە هاوشێوەکان- چ ناوخۆییو چ دەرەکی- دەبێ بتوانن کەڵك لەو یاسایانە وەربگرنو هەروەها ئەم دوو جۆرە ڕێکخراوە چ ئەندامیان هەبێ، چ نەیانبێ، مافی ئەوەیان هەیە کە دابمەزرێن و کار بکەن.

**ج/ دەزگای تۆمارکردن**

ئەو دەزگا حکوومییانەی کە ئەرکیان تۆمارکردنی ئەم ڕێکخراوانەیە، دەبێ بە یەك چاو تەماشای ئەو ڕێکخراوانە بکەنو بە خێرایی و لە کاتی خۆیدا ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن و ئەگەر تۆمارکردنەکە لە ئەستۆی دادگا بێت، دەبێ ڕێکخراوی داواکار مافی ئەوەی هەبێ بڕیارەکە ڕەتبکاتەوەو بیداتەوە بە دادگای پێداچوونەوە.

**د/ دەزگای تۆمارکردنی گشتی**

بۆ تۆمارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبێ لە وڵاتدا دەزگایەکی تایبەت هەبێ کە لە خزمەتی هەمووواندا بێت. ئەم دەزگایە نەك تەنیا دەبێ ناوو



ئادرەسی هەموو ڕێکخراوە هاوشێوەکانی هەبێ، بەڵکو دەبێ وێنەیەك لە هەموو پەیڕەونامەکان و ڕێساکان و ئامانجەکان و ئەرکەکان و ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی ئەو ڕێکخراوانەش لای خۆی ڕابگرێ.

**و/ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

دەبێ بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەکە ئەو مافەیان هەبێ کە هەرکات ویستیان، ڕێکخراوەکەی خۆیان هەڵبوەشێننەوە. دەزگای تۆمارکردن نابێ ئەو حەقەی هەبێ کە ڕێکخراو هەڵبوەشێنێتەوە، مەگەر ئەوەی کە بە ڕاشکاوی لە دژی یاسا بجووڵێنەوە. هەڵبەت پێش هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە، سەرەتا دەبێ دەزگای تۆمارکردن داوا لەو ڕێکخراوە بکا کە سنوورێك بۆ پێشێلکارییەکانی خۆی دابنێ، یان خۆی چاك بکا. دەبێ هەر چەشنە هەڵوەشاندنەوەیەکی زۆرەملیانە لە ژێر چاودێری دادگادا بێت. دەبێ یاسا بە پێی مەرج چۆنیەتی دابەشکردنی دارایی ڕێکخراوەکە دیاری بکا. (وەك ئەوەی بیگوێزێتەوە بۆ ڕێکخراوێکی دیکە.)

**هـ/ ئامانج و چالاکییە مۆڵەت پێدراوەکان**

دەبێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێگەیان پێبدرێ تا لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا چالاك بن. ئەم چالاکیانە بریتین لەو کارانەی کە یارمەتی بە لەشساغیو پەروەردە و فێرکردن و کەلتور و باشترکردنی ژیانی خەڵك بکەن. هەروەها ئەم ڕێکخراوانە دەبێ بتوانن ئازادانە باس لەو بابەتانە بکەن کە پێوەندییان بە کۆمەڵگەوە هەیەو بەشداری لەو دیالۆگانەدا بکەن کە سیاسەتە گشتییەکان دیاری دەکەن.

**٤. بەڕێوەبەرێتی و بەرپرسایەتی**

ئەو مێتۆدو ڕێسا ڕوون و سەرڕاستانەی کە بۆ بەڕێوەبەرێتی نێوخۆیی ڕێکخراوو بەرپرسایەتی و وەڵامدەربوون لە ئاست خەڵکدا دانراون، لە سەقامگیرکردنو پاراستنی یەکپارچەیی ڕێکخراوەکەو ڕاکێشانی متمانەی گشتیدا دەورێکی گرنگ دەگێڕن. ئەو میتۆدو پەیرەوە نێوخۆییە دڵخوازانەی کە ڕێکخراوەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی خۆیان هەڵیدەبژێرنو کاری

پێدەکەن، پێشی ئەو بیرۆکراسییە دەوڵەتییە دەگرێ کە ڕێگا نادا ڕێکخراوەکە بکەوێتە سەرپێ‌و ئەرکی خۆی بەجێ بگەیێنێت. یاساکان دەبێ بە چەشنێك ڕێکبخرێن کە ڕێوشوێن‌و مێتۆدو پەیڕەوی نێوخۆیی روون و شەفاف بۆ بەڕێوەبەرێتی خۆیان هەڵبژێرن. هەندێ لەو مەرجانەی کە بۆ ئەم ڕێکخراوانە دانراوە، بەمجۆرەن:

**ئەلف/ بەڵگە و دیکۆمێنتەکان**

دەبێ بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی ڕێکخراوەکە ئەم شتانە لەخۆبگرێ: ناوونیشانی ڕێکخراوەکە، ئامانجەکان، ناوونیشانی دامەزرێنەران، ناوی نوێنەرەکان، جۆری ڕێکخراوەکە (خاوەن ئەندام یان بێ ئەندام) و مەرجەکان و ڕێساکانی دابەشکردنی دارایی ڕێکخراوەکە بەمەرجی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە.

**ب/ دەستەی بەڕێوەبەری**

بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراو (دەستەی بەڕێوەبەری)، بەرپرسە تا ڕێکخراوەکە بە پێی پرنسیپە پیشەییەکان و ڕێساکانی کاری ڕێکخراوەیی بەڕێوە ببرێن. دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە ئەرکی سەرشانیەتی تا بە پێی بەرنامەو بە ڕێکوپێکی کۆبوونەوەکانی خۆی گرێ بداو ڕاپۆرتی دارایی و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێکخراوەکە وەربگرێ و پێیدا بچێتەوەو سیاسەتە گشتییەکان و بەرنامەکانی پەسند بکا.

**ج/ ناکۆکی بەرژوەندییەکان و دابەشکردنی ئیمتیازەکان**

یاساکان دەبێ ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری و هەروەها دامەزرێنەران و (کارمەندانی ڕێکخراوەکە) ئەرکدار بکا کە پێش بەوە بگرن کە قازانجی شەخسی بان پیشەییان لە تەك قازانجی ڕێکخراوەکەدا بکەوێتە دژایەتییەوە. هەروەها دەبێ دابەشکردنی سوود و ئیمتیازەکانی ڕێکخراوەکانی دیکە لە نێوان ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری و ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوەکەدا قەدەغە بکا.



**د/ ڕێکخراوە پاشکۆکان**

دەبێ یاساکان ڕێگا بە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانە بدەن کە پاشکۆی ڕێکخراوە سەرەکییەکەن و پشتی ئەو کارە بگرن و چاودێری پەیڕەوی نێوخۆیی ڕێکخراوەکە بکەن. ئەم ڕێکخراوە پاشکۆیانە بە هاریکاری پسپۆڕانی وەك، سەرۆکی ڕێکخراوەکان، مافناسان، ژمێریاران، مامۆستاکانی زانکۆ و کەسانی دیکە رادەی پێشڤەچوونی کارەکان و راستگۆیی و ئەمانەتپارێزی ڕێکخراوە ئەندامەکان هەڵسەنگێنن. ئەندامبوونی لەم ڕێکخراوانەدا نیشانەی بەڕێوەبەری باشی هەموو ڕێکخراوێکە.

**و/ راپۆرت**

دەبێ ڕێکخراوەکان ناچار بکرێن کە راپۆرتێکی تەواو و شەفاف لە هەموو کارەکانی خۆیان، چ لە رووی دارایی‌و چ لە رووی جێبەجێکردنی بەرنامەکانیانەوە پێشکەش بکەن. ڕێکخراوەکان دەبێ زانیارییەکی روونیان هەبێ لە سەر پێشکەشکردنی راپۆرت بەو دەسەڵاتە یاساییانەی کە مۆڵەتی یاسایی کارکردن دەردەکەن، یان دەزگاکانی باجوەرگرتن لە کات و ساتی خوێدا هەبێ. هەروەها دەبێ راپۆرتەکانی خۆیان چاپ و بڵاو بکەنەوەو بیخەنە بەردەم رای گشتی.

**٥. بەردەوامبوونی باری دارایی**

ڕێکخراو بۆ ئەوەی کە بتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و درێژە بە کاری خۆی بدا، پێویستە تا رادەیەك لە رووی داراییەوە پشت بەخۆی ببەستێ. لە هەر کۆمەڵگایەکدا شێوازو سەرچاوەی زۆر هەیە بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان. یاساکان دەبێ بە شێوەیەکی روون و سادە شێوازەکانی وەرگرتنی یارمەتی ماددی باوەڕپێکراو دیاری بکەن‌و چاودێری ئەم چەشنە کارانە بکەن.

**ئەلف/ بڕیارە گشتییەکان دەربارەی کۆکردنەوەی یارمەتییە ماددییەکان**

ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە بە مەبەستی پێشڤەچوونی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەمەزرێن، دەبێ مۆڵەتیان پێبدرێ تا لە پێناو کۆکردنەوەی یارمەتی ماددیدا پەنا بۆ هەرچەشنە هەڵسووڕانێکی یاسایی ببەن. ئەم هەڵسووڕانانە بریتین لە وەرگرتنی یارمەتی بێ بەرامبەر لە دەوڵەت و بنیادە ناوچەیی و بێگانەکان و هەروەها کەرتی تایبەتی، لە کۆمپانیاو دامەزراوەکانەوە بگرە تا کەسانی خێرخواز.

**ب/ چەند ڕێوشوێنێك بۆ وەرگرتنی یارمەتی ماددی لە خەڵك**

ئەو ڕێکخراوانەی کە داوای یارمەتی ماددی لە خەڵك دەکەن، پێویستە بەرنامەو کاروبارە داراییەکانی خۆیان بە ئاگاداری خەڵك بگەینن، هەروەها دەبێ شێوەو ڕادەی یارمەتییە ماددییەکانو ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە جۆراوجۆرەکان و مەسرەفە ئیداری و پڕوپاگەندەکان خەرج کراوە، بە ئاگاداری خەڵك بگەینن.

**ج/ چالاکی ئابووری**

دەبێ ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕێگەیان پێبدرێ و بتوانن لە پێناو دابینکردنی یارمەتی دارایی ڕێکخراوەکەیاندا کارو چالاکی سوودبەخشی بازرگانی ئەنجام بدەن. ئەو داهات و قازانجە ماددییانەی کە لە ڕێگای ئەمجۆرە کارو چالاکییانە بە دەست دین، دەبێ تەنیا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ڕێکخراوەکە خەرج بکرێ، نەك بۆ قازانجی بەڕێوەبەران و فەرمانبەران و ئەندامانی ڕێکخراوەکە.

**د/ بەخشینی باجەکان**

دەبی باجی داهات و دانەوەی یارمەتییە بێ بەرامبەرەکان لە سەر ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەڵبگیرێ. ئەو کەس و دامەزراوە بازرگانیانەش کە یارمەتی ماددی بەڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکەن، دەبێ بە پێی ڕێژەی یارمەتیدانەکەیان باجیان لێوەر بگیرێت.

# پاژی چوارەم

## ڕێکخراوە ناحکومییەکان

### پوختەی پاژەکە

ئەم پاژە لێکۆڵینەوەیەکە لە سەر هەندێ لەو چەمك و مەرج و بەکارهێنانەی کە چەندین ساڵە لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە دەرکەوتوون و پێڕستەکەیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

**پێشەکی**

١. پێناسەکان

٢. پێشینەی مێژوویی

ئەلف/ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا

ب/ ڕێکخراوە ناحکومییەکانو (پەرەسەندن)

٣- جۆرەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان:

ئەلف/ ئەو ڕێکخراوانەی لە ئەندامان پێکهاتوون (ڕێکخراوی خاوەن ئەندام)

ب/ ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ئەندامان پێکنەهاتوون (ڕێکخراوی بێ ئەندام)

٤- چالاکییەکان:

ئەلف/ خزمەتگوزاری

ب/ پشتگیری (بانگەشە و فێرکردنی تیۆری)

ج/ بردنەسەری توانایی

د/ ئامادەکردنی سەرچاوەکان

و/ پێوەندییەکان و دروستکردنی تۆڕەکان



ی/ توێژینەوە

٥- ڕاهێنان

٦- هاوبەندی:

ئەلف/ دەوڵەت

ب/ دامەزرێنەران

ج/ خەڵك

د/ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی دیکە

٧- بەڕێوەبەری:

ئەلف/ ئامانجەکان

ب/ دەستەی بەڕێوەبەری

ج/ پلاندانان

د/ وەڵامدەربوون

و/ چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن

**پێشەکی**

دەستەواژەی "ڕێکخراوە ناحکومییەکان" زۆرجار خەمساردانە بۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگا بە کاردەبرێ، لە کاتێکدا ئەوە تەنیا جورێکە لە جۆرەکان. باشتر وایە لایەنە جیاوازەکانی ڕێکخراوەکانی مەدەنی بناسین. هەندێ لەوانە وەك سەندیکا کرێکارییەکان یان ڕێکخراوە پیشەییەکان قازانجی گرووپێکی تایبەتی لە خۆ دەگرنو لە پێناو بەرژەوەندی ئەو ئەندامانەی کە دایانمەزراندون کار دەکەن، نەك بۆ کۆمەڵگە و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی. هەندێکیتر ئەنجوومەنی بچووکی دراوسێەتی یان ناوچەیین کە بە شێوەی نافەرمی دامەزراون و ڕەنگە نەکرێ بەوانە بڵێین "ڕێکخراو". لە بەرانبەر ئەمجۆرە ڕێکخراوە مەدەنیانەدا، باشتر وایە ڕێکخراوە ناحکومییەکان وابناسین کە بە پێی یاسا بۆ خزمەتکردن و

باشترکردنی ژیانی خەڵك دامەزراون. بە زۆری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان نوێنەرایەتی و جیاوازی چینایەتییان تێدا نییە.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، چ لە وڵاتانی پیشەسازیداو چ لە وڵاتە ڕوو لە گەشەکاندا هەم لە ڕووی چەندایەتی و هەم لە ڕووی دەورو کاریگەرییەوە پێشکەوتنێکی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینیوە. خەڵك لە سەرانسەری جیهاندا بە شێوەیەکی بەرچاو لە پێناو گەیشتن بە"دیموکراسی ڕاستەوخۆ" یان بەهێزکردنی ئەم جۆرە سیستمە سیاسیانەدا هۆگرییەکی زۆریان پەیدا کردووە. دامەزراندنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان یەکەم ئامرازی ئەم بزووتنەوانەیە.

ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، چ لە ئاستی ناوچەیی‌و چ لە ئاستی جیهانیدا چالاکییان هەیە. گرووپە جەماوەرییەکان، چ لە گوندێکی بچووکی ئەفریقی‌و چ لە شارە گەورەکانی ڕۆژئاوادا لە پێناو دابینکردنی پێداویستی و داخوازیە دەسبەجێیەکانی خۆیاندا یان(سوودمەندبوون) یان لەبەر دەرەنجامە درێژخایەنەکانی بەپیشەسازییبوون‌و ڕەوتی ئابووریی جیهانی، دەستیان داوەتە دامەزراندنی ئەمجۆرە ڕێکخراوانە. ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، ئەم وتەیەی "مهاتماگاندی"یان کردۆتە سەرمەشقی خۆیان کە دەڵێ: "جیهانی بیر بکەنەوەو ناوچەیی کار بکەن". خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ژنان هەم لە ئاستی ناوچەیی‌و هەم لە ئاستی جیهانیدا زیاتر لە پیاوان لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا چالاك بوون.

بەهۆی بەربڵاوبونی جیهان و فرەچەشنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، بە ئاسانی ناتوانین چۆنیەتی ئەم ڕێکخراوانە شرۆڤە بکەین یان بەرنامەی کارکردنیان بۆ دیاری بکەین. چونکە ڕێکخراوێکی ناحکوومی بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگا، دەبێ شارەزای واقیعە کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتان و کۆمەڵگە جیاوازەکان بێ. هەروەها دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، پشوودرێژو داهێنەر بێ.



**١. پێناسەکان:**

ڕاستە ناتوانین پێناسەیەکی گشتی بۆ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان پێشنیار بکەین کە خەسڵەتێکی جیهانی هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوان ئەم ڕێکخراوانەدا هەیە.

**ئەم ڕێکخراوانە ناحکوومین**

مانای ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە "ڕاستە ئەم ڕێکخراوانە لەوانەیە لەگەڵ دەوڵەتەکاندا هاوکاری بکەن، یان وێڕای دەوڵەتەکان جۆرە کۆمپانیایەك دابمەزرێنن، بەڵام ئەم ڕێکخراوانە بە دەستی کۆمەڵە خەڵکێکی ناوچەیی یان سەرانسەرییەوە بەڕێوە دەچن، نەك بە دەست دەوڵەت و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانەوە.

**ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بۆ قازانجپەرستی دانەمەزراون**

ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە پێناو قازانجی چەند تاقم و گرووپێکدا پێکنەهاتوون. ئەگەرچی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دەتوانن کارو باری بازرگانی ئەنجام بدەن‌و سوود و سەرمایە بەرهەم بێنن، بەڵام ئەو سوود و سەرمایەیە تەنیا و تەنیا دەبێ لە پێناو ئەنجامدانی کارەکان یان لە خودی ڕێکخراوەکەدا سەرمایەگوزاری بکرێ.

**ڕێکخراوە ناحکوومییەکان خۆبەخشن**

ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە لە لایەن خەڵکی خۆبەخشەوە پێکدەهێنرێن‌و زۆر و زەختێك لە ئارادا نییە. ئەگەرچی دەبێ ئەم ڕێکخراوانە لەچوارچێوەی یاسا و ڕێساکاندا کار بکەن، بەڵام هیچ ڕێکخراوێکی حکوومی‌و ناحکوومی ناتوانێ بڕیار لە سەر دامەزراندن و بەڕێوبردن و هەڵوەشاندنەوەیان بدا. هەروەها ئەگەرچی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دەتوانن کارمەندیان هەبێ‌و موچەیان پێبدەن، بەڵام زیاتر پشت بە بەشداریکردنی خۆبەخشانەی زۆر کەسی سەربەخۆ بۆ خزمەتکردن لە دەستەی بەڕێوەبەری و یارمەتییەکانیتر دەبەستن.

### ٢. پێشینەی مێژوویی

ماناو شێوازی کاری ئەم سەردەمەی ئەم ڕێکخراوە ناحکومیانە لە سەر زەمینەی دوو بزووتنەوەی ڕێکخراوەیی هاوتەریبدا بنیاد نراوە:

یەکەم/ هەوڵ و کۆششی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە کاروباری خێرخوازانەو بانگەشەکەرانەدایەو ئەویتریان هەوڵدان لە پێناوی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی ئابووریی جیهانی و یارمەتیکردنی فەقیر و هەژارەکاندایە. ئەگەرچی ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێویستە ئەو ئەرکانەی پێیاندەسپێردرێ لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی و تاکەکەسیدا بیگونجێنن، بەڵام باشتروایە کە لە ڕابردووی ئەو ڕێکخراوانە ئاگاداربن و دەرس لە ئەزموونەکانیان وەربگرن.

**ئەلف/ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ڕۆژئاوا**

لە وڵاتانی ڕۆژئاوای سەدەی نۆزدەهەمدا، دوو جۆرە چالاکی ڕێکخراوە ناحکومییەکانیان پێناسە دەکرد. یەکیان ریکخراوە خێرخوازەکان بوون کە سەرمایەدارەکان بۆ دەسگیرۆیی و یارمەتیدانی فەقیرو هەژارەکان دایانمەزراندن، هەندێك لە پارەو خزمەتگوزارییەکانیان بە سەر خەڵکی هەژاردا دابەش دەکرد. هەندێکیتر بە ڕێگای فێرکردن و چالاککردنی خەڵکی ناوچە "یارمەتیان دەکردن تا خۆیان یارمەتی یەکتر بکەن."

گرووپی دووەمی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەستیانکرد بە وشیارکردنەوەی خەڵك و هانیان دەدان تا لە ئاست گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵدا چالاك بن. گرووپەکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری لە بریتانیا و ئەمریکادا، ڕای گشتییان لە دژی کۆیلەداری دەورووژاند. بزووتنەوەی ئازادیی ژنان لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو کۆمەڵو لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان کردوەو دەورێکی سەرەکییان لە دابینکردنی یەکسانی بۆ ژنان گێڕاوە.



**ب/ ڕێکخراوە ناحکومییەکانو "پەرەسەندن"**

ئەزموونەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکخراوە پاشکۆکان و هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە هاریکاریان کردووە، دەریدەخا کە بەشدارکردنی خەڵك لە پەرەسەندنی ئابووریی وڵاتەکەیاندا زۆر لە شێوازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە کاراتربووە.

هاندان و پشتگیریکردنی ڕێکخراوە جیهانییەکان و دەوڵەتەکان لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە لە لایەن خەڵکەوە بۆ دابینکردنی پێویستییە ناوچەییو خۆجێییەکان دامەزراون، لە لایەن ڕێکخراوە جیهانییەکان و دەوڵەتەکانەوە بەردەوام پەرەی سەندووە. هەروەها ئەو ڕێکخراوە ناحکومییە بەرفراوانانەی کە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا پێشینەیەکیان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی خێرخوازانەو دەسگیرۆیی وڵاتانی روولەگەشەدا هەیە، بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەگەر پشتگیری لە گرووپ و ئەنجوومەنە ناوچەییەکان بکەنو یارمەتییان بدەن، تا بتوانن خۆیان کارەکانیان بەئەنجام بگەینن، تێچوویەکی کەمتر هەڵدەگرێ و باشتربەڕێوە دەچێ.

بە کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی دارایی بۆ مەسرەفی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیو ڕێکخراوە گەورەکان، ڕادەی پشتبەستن بە ڕێکخراوە ناحکومییە بچووكو خۆجێییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە لە ڕابردوودا بە هۆی ڕێکخراوە جیهانییە بەربڵاوەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە گەورەکانی ڕۆژئاواییەوە بەڕێوە دەچوون، ڕوو لە زیادبوونە.

### ٣. چارتی ڕێکخراوەکان

ستراکتۆری ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە دوو شێوەیە. یەکێك لەوانە دەرگای بە ئەندامبوونی بۆ هەمووان ئاوەڵایەو ئەوانیتر ئەوانەن کە بە هۆی دامەزرێنەرانەوە هەڵدەسووڕێن.

ئەلف/ ڕێکخراوی خاوەن ئەندام: ئەم جۆرە ڕێکخراوانە دەرگەیان بۆ بە ئەندامبوونی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە ئاوەڵایە. ئەم ڕێکخراوانە جاروبار بە

"ڕێکخراوی ناوچەیی" یان "کۆمپانی"ناودەبرێن. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری بۆ هەڵسووڕاندنی ڕێکخراوەکە هەڵدەبژێرن. کەواتە، بەم شێوەیە ئەندامان لە بڕیارەکانی دەستەی بەڕێوەبەری و ئیدارەکردنی گشتی ڕێکخراوەکەدا بەشدار دەبن. بە گشتی ئەم ڕێکخراوە ناحکوومیانە زۆرتر بچووك و ناوچەیین. سەرباری ئەوانەش، هەندێ ڕێکخراوی گەورەی جیهانیش وەك AMENESTY INTEERNATIONAL یان GREEN PEACE لەو جۆرە ڕێکخراوانەن کە لە ئەندامان پێك دێن.

ب/ ڕێکخراوی بێ ئەندام: ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە لایەن ئەو کەسانەوە دادەمەزرێن کە خۆیان ڕێبەریکردن و ئیدارەکردنەکەیان لە ئەستۆیە، خۆیان دەستەی بەڕێوەبەری هەڵدەبژێرن و خۆیان فەرمانبەر دادەمەزرێنن. جاری وایە ئەم ڕێکخراوە ناحکوومیانە بە ڕێکخراوی"تایبەتی" ناو دەبرێن. زۆربەی ڕێکخراوە گەورە نیشتمانییەکان، یان ڕێکخراوە جیهانییەکان کە لە پانتاییەکی بەربڵاودا چالاکی دەکەن، لە ئەندام پێك نەهاتوون.

**٤. چالاکییەکان**

ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە چەند شێوە کار دەکەن. لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین ئەو چالاکیانە دەکەین کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە سەرانسەری جیهاندا ئەنجامی دەدەن. دیارە هەرکام لەو ڕێکخراوانە، لەوانەیە لە چەند بواردا کاربکەن.

**ئەلف/ خزمەتگوزارییەکان**

کاری سەرەکی زۆربەی ڕێکخراوەکان کاری خزمەتگوزارییە. خزمەتگوزاری بە مانای یارمەتیکردن بە خەڵکی بەڵالێدراو لە کاتی شەڕەکان یان کارەساتە سروشتییەکانی وەك بوومەلەرزەو لافاوو هتددا، هەروەها بەمانای جێبەجێکردنی پرۆژەی درێژخایەنی وەك دروستکردن و بەڕێوەبردنی ناوەندەکانی لە شساغی یان کۆمپانیا فێرکارییە پیشەییەکان دێت. جاری وایە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان



هەندێ کاری بازرگانی دەکەن کە داهاتەکەی تەرخان دەکرێ بۆ دانانی بەرنامەی بارهێنانی خەڵکی ناوچەکەو دامەزراندنی چەند پیشەیەك.

**ب/ پڕوپاگەندە و پەروەردەی تیۆری**

یەکێك لە ئەرکە گرنگ و مێژوویەکانی ئەو ڕێکخراوانە، پڕوپاگەندەکردنو پەروەردەکردنی تیۆری لە سەر ئەو سیاسەت و یاسایانەیە کە کاریگەرییان لە ژیانی خەڵکدا هەیە. بردنە سەری ئاستی وشیاری خەڵك و سیاسەتمەدارو یاسادانەران، ئامرازێکی بەهێزە بۆ وەرچەرخان و باشترکردنی ژیانی کۆمەڵگە. ئەم وشیارییە دەکرێ لە بواری تیۆری وەك دیموکراسی و ئابووریی جیهانیدا بێت یان بواری پراتیکی و هەستپێکراوی وەك نەخۆشییەکان و چارەسەرکردنیان لەخۆ بگرێ.

ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیش دەتوانن ڕۆڵی "دەنگ"ی خەڵکێك بگێڕن کە دەمێکە لە کاروان بەجێماون: لەوانە، ژنان، خەڵکی خۆجێیی، کەمینە مەزهەبییەکان یان کەمینە ئەتنییەکان یان پیرو پەککەتەکان. شکاندنی بێدەنگی لەمەڕ مەسەلەی وەك پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، توندوتیژیی نێو بنەماڵە یان ئەو هەوڵە بازرگانیانەی کە زیان بە ژینگە دەگەینن، هەنگاوی یەکەمە بۆ یارمەتیکردن بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاریو وەرچەرخان لە کۆمەڵگەدا.

**ج/ زیادبوونی ئاستی توانایی**

هاوکات لەگەڵ تێگەیشتنی زیاتر لە گرنگی ڕێکخراوە ناحکوومییە کاراو کاریگەرەکان، پێویستی یارمەتیدان بەو ڕێکخراوانە بۆ بردنەسەری ئاستی تواناییەکانیان لە ڕێگای ئەنجامدانی ئەرکە پێئەسپێردراوەکانیان زیاتر بۆتە جێی سەرنجدان. بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە بواری فەراهەمکردنی یارمەتییە تەکنیکییەکان و فێرکردنی ڕێکخراوەکانی دیکەدا پسپۆڕن. ئەم یارمەتیانە بریتین لە راوێژکاری لە بواری کاروباری بەڕێوەبەریدا، هەڵسەنگاندنی بەرنامەکان، راوێژکاری یاسایی، پشتگیریکردن و بەرنامەکانی کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی و بارهێنانی فەرمانبەرەکان.

**د/ ئامادەکردنی سەرچاوەکان**

لە بەندی شەشەمی ئەم رێبەرەدا، باسی ئەو رێکخراوە ناحکومیانە کراوە کە کاریان بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سەرچاوەکانی داراییە بە سەر رێکخراوە ناحکومییەکانی دیکەدا، لە بەشی یەکەمی "رێکخراوە مەدەنییە کۆمەکبەخشەکان"دا بە تێرو تەسەلی باسی ئەمجۆرە رێکخراوانە کراوە.

**ه/ پێوەندییەکان و دروستکردنی تۆڕەکانی گەیاندن**

لە جیهانێکدا کە خەڵك خولیای گۆڕینەوەی هەواڵ و زانیارییەکانن، توانایی دامەزراندنی پێوەندی و دروستکردنی تۆڕە هەواڵدەرییەکان کارێکی بنەڕەتییە. ئەرکی هەندێ لە رێکخراوە ناحکومییەکان دانی یارمەتی تەکنیکی و هتدیە بە مەبەستی پێشخستنی توانای تەکنۆلۆژیای رێکخراوە ناحکومییەکان. هەندێکی دیکە "سەنتەری زانیاری"یان پێکهێناوە تا سەرچاوەکانی دارایی و یارمەتییەکانیتر بناسن و زانیارییەکانی خۆیان بخەنە خزمەتی کەسانی دیکە. ئاشنابوون بە ئەزموونەکانی رێکخراوەکان کارێکی گرنگی دیکەی تۆڕەکانی گەیاندنن.

**و/ توێژینەوە**

کەموکورتی ئەمڕۆی کۆمەڵگای مەدەنی، نەبوونی زانیارییەکی وردە دەربارەی بوون و ئۆگرییەکانی "بەشی سێهەم"ە. (مەبەست بەشی قازانجخوازە، کە هەموو رێکخراوە مەدەنییەکان دەگرێتەوە). ئەم دۆخە لە هەموو وڵاتە پێشکەوتوو روو لە گەشەکاندا دەبینرێ. هەندێ لە رێکخراوە ناحکومییەکان کە بەرنامەی دیکەشیان هەیە، ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی ئەم جۆرە زانیاریانەن هەتا باشتر بتوانن نوێنەرایەتی خەڵك بکەن و کۆمەڵگا بە (لایەنە) کۆمەکبەخشەکان بناسێنن. ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوە فێرکاری و توێژینەوەییەکان (ئەکادیمییەکان) هەندێ بەش و بەرنامەیان هەیە بۆ کۆکردنەوەو شیکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە پێوەندییان بە کۆمەڵگەوە هەیە.



**٥. فێرکاری**

یەکێك لەو هۆکارانەی کە کەمتر لە پێوەندی لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکاندا رەچاوکراوە، پێویستی بارهێنانە. هەرچەند چاکتر وایە کە رێکخراوە ناحکومییەکان کەڵك لە خزمەتی فەرمانبەرە خۆبەخشەکان وەربگرن — چ وەك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری، چ وەك خەڵکی هۆگرو چ لە پێوەندی لەگەڵ سوودوەرگرتندا — بەڵام ئەم رێکخراوانە، وەکو هەر رێکخراوێکی سەرکەوتووی دیکە (قازانجخواز یان قازانج نەخواز) پێویستیان بە شارەزایی و پسپۆڕی پیشەیی هەیە. کەواتە، بارهێنانی تەواوی ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی کاری رێکخراوی ناحکومین، کارێکی پێویستە. بۆ نموونە، دەستەیەکی بەڕێووەبەری کارامەو وشیار باشتر دەتوانێ ببێتە رێبەرێکی هەڵکەوتوو بۆ فەرمانبەرانی رێکخراوەکە و گرفتو ناکۆکی ئەندامانیان چارەسەربکەن.

هەروەها بارهێنانی فەرمانبەرانی رێکخراوەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان کارێکی چارەنووسسازە. راکێشان و ئەکتیڤکردنی فەرمانبەرە کارامەو بە ئەزموونەکانو فەراهەمکردنی کەرەستەی بارهێنانی ئەوان، یەکێك لە کێشەکانی ئەو رێکخراوە ناحکومیانەیە کە لە رووی داراییەوە کێشەیان هەیە. سەرباری ئەمانە، ئەگەر فەرمانبەرەکان بەئەزموون و کارامە بن و هەقدەستی تەواو وەربگرن، ئەو کاتە رێکخراو دەتوانێ لە کارو بارە پیشەییەکانی خۆیدا بگاتە لوتکەی سەرکەوتن. ئێستا رێکخراوە کۆمەکبەخشەکان ئەوەیان قبووڵە کە دەبێ رێکخراوە ناحکومییەکان لە بوودجەکانی خۆیاندا تێچووی بارهێنان و مەرجەکانی دامەزراندن و دابینکردنی کاریش لە بەرچاو بگرن، بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن.

**٦. پێوەندییەکان (هاوبەندی)**

سەرکەوتن و پەرەگرتنی هەر رێکخراوێکی ناحکوومی، بەستراوەتەوە بە پێکهێنانی پێوەندی و راگرتنی ئەم پێوەندیانەوە. ئەگەرچی پێوەندییەکان جۆراوجۆرن، بەڵام پێویستە هەموو ئەم پێوەندیانە لەسەر بنەماو بنچینەی

وەڵامدەری و شەفافییەت دابمەزرێن. واتە، نابێ ئیشوکارەکان و مەسەلەی دارایی لە خەڵك بشاردرێنەوە. هەر لەهەمانکاتدا بڕیاربەدەستبوون و سەربەخۆیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان نابێ هەرگیز ببێتە فیدای دامەزراندن و پاراستنی پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ خەڵکدا.

**ئەلف/ دەوڵەت**

دەوڵەتەکان دەتوانن هاوپەیمانێکی بەهێز بن بۆ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان. لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتاندا، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان هەندێ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن کە تا رادەیەك بەشێکە لە قەڵەمڕەوی بەرنامە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتەکان. ژمارەیەکی زۆر لەم ڕێکخراوانە لە ڕێگای یارمەتی دارایی دەوڵەتەکانەوە یان لە ڕێگای گرێبەستەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یان شتومەك بە خەڵك بەڕێوە دەچن.

ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، وەك حەڵقەی پێوەندی نێوان خەڵك و دەوڵەت چاوەڕوان دەکرێ کە ڕاستەوخۆو بێ ماتڵبوون ڕاستییەکانی کۆمەڵگای خۆیان بە ئاگاداری دەوڵەت بگەیەنن. ئەم ڕێکخراوانە بە هاوکاری ڕێکخراوە هاوشێوەکانیتر کە سەرچاوەی زانیاری و وشیارکردنەوەی خەڵك و کۆمەڵگان، باشتر دەتوانن لە مەڕ ڕاستییەکان و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، دەستیان بەو کەسانە رابگا کە سیاسەتەکان دیاری دەکەن و کاربکەنە سەر شێوەی بڕیاردانی حکوومەتەکان.

ئەگەرچی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان پێوەندییەکی پۆزەتیڤیان لەگەڵ دەوڵەتەکاندا هەیە، جێی خۆیەتی کە باسێکیش لە سەر ئەو شتەی کە پێی دەڵێن "ڕێکخراوە حکوومییە ناحکوومییەکان" بکەین. ئەم ڕێکخراوانە کە لە لایەن خودی دەوڵەت (یان دەزگا سیاسییەکانی دیکە)ەوە دادەمەزرێن تا بەرنامەو فەرمان و ئەولەویەتییەکـانی ئـەوان جێبەجێ بکەن، ڕێکخراوی ناحکوومی ناڕاستەقینەن، چونکە نوێنەرێکی بێ لایەنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك نین.



**ب/ سەرمایەگوزارەکان (دامەزرێنەران)**

پێوەندی نێوان ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و سەرمایەگوزارە ناحکوومییەکان زۆر چڕ و ئاڵۆزە. ئاڵۆزییەکە لەوەدایە کە، ئاخۆ ئەو سەرمایەگوزارانە بریتین لە ڕێکخراوەکانیتر یان کەرتی بازرگانی یان گرووپ و کەسانیتر. سەرەتا پێویستە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان نەچنە ژێرباری ئەو فشارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانە کە ڕەنگە لە لایەن سەرمایەگوزارەکانەوە بکرێتە سەریان بۆ ئەوەی لە باتی ئەو بەرنامانەی کە خۆیان پێیان دروستە، ویست و قازانجەکانی ئەوان بەدی بێنن.

دووەم، لە زەمەنێکی دیکەدا سەرمایەگوزارەکان ئامانج و ڕێکخراوی دیکە بە پەسند دەزانن. بۆ نموونە، کاتێ بارودۆخێك یان شوێنێکی تایبەت دەبێتە جێی سەرنجی سیاسەتێك یان ڕۆژەڤی میدیاکان، سەرمایەگوزارەکان سەرمایەکانی خۆیان بۆ ئەو شوێنە تەرخان دەکەن و بازاڕگەرمییەك بەرێ دەخەن، دەبێ دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ناحکوومی بێ ئەملاوئەولا پێداویستە ڕاستەقینەکانو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان لە بیر نەکەن و پێی پابەند بن و لە پێناو کۆکردنەوەی یارمەتی ماددیدا نەکەونە داوی ئەو بازاڕ گەرمییەوە.

**ج/ خەڵك**

گەورەترین بەرپرسایەتی ڕێکخراوێکی ناحکوومی، بەرپرسیاریەتییە لە بەرانبەر خەڵك و بڕبڕەی پشتی ئەو ڕێکخراوە بوونی پێوەندییەکی شەفاف و ڕاستەوخۆ لە گەڵ خەڵکدایە. دەبێ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان هەوڵبدەن کە خەڵك لەگەڵ ئەرکەکانیاندا ئاشنا بکەن و هەروەها دەبێ ڕایەڵکەیەکی شیاوی پێوەندیگرتن بخەنە گەڕ تا خەڵك بتوانن ویست و دواکارییەکانیان بگەیەننە ڕێکخراوەکان. هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی، هەلێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان لە کاتی ڕەخساودا کارەکانیان بە خەڵك رابگەیەنن. هەروەها دەکرێ لە ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاری میدیاکان و شێوازەکانی دیکەی پێوەندی کەڵك وەربگیرێت.

**د/ ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی دیکە**

شێوەی پێوەندیگرتنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانیتردا، دەورێکی گرنگ لە سەرخستن و بەردەوامبوونی هەر دوو ڕێکخراوەکەدا دەبینێ. هەروەك لە بەشی "چالاکییەکان"ی ئەم پاژەدا ئاماژەمان پێکرد، بوونی هەندێ ڕێکخراوی ناحکوومی تەنیا بۆ پارێزگاریکردنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی دیکەیە.

**تۆڕی گۆڕینەوەی زانیارییەکان**

بەشێك لە پێوەندییە گرنگەکانی نێوان ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوەکانیتر، گۆڕینــەوەی زانیارییە. ڕێکـخراوە ناحکوومییەکان دەتوانن و پێویستە لە بوارەکانی بەرنامەدانان و هەوڵەکانی کۆکردنەوەی سامان و بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەییدا کەڵك لە ئەزموونەکانی یەکتر وەربگرن. تۆڕەکانی زانیاری کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا دایانمەزراندوون، یەکێك لە گەنجینە گرانبەهاکانیانە.

**هاوبەشیکردن و هاوبەندی**

ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ڕێگای پێکهێنانی هاوبەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەدا کە ئەرکی هاوشێوەیان لە سەرشانەو خزمەت بە یەك کۆمەڵگە یان کۆمەڵگایەکی بەستراوە دەکەن، توانای لابردنی کارمەندی بێ کەڵکیان هەیەو دەتوانن زۆرترین سوود لە سەرچاوەکانی خۆیان وەربگرن و خەرجییەکانی خۆیان کەم بکەنەوە. هاوبەندی نێوان ئامانجەکانیش دەتوانێ ستراتیژییەکی کاریگەربێ بۆ پشتبەستن بە پێوەندی نێوان بەرنامەکان و بردنەپێشی ئامانجەکان. بۆ نموونە، دەکرێ باسی پێوەندی سەرکەوتوانەی نێوان بەرنامەکانی پاراستنی ژینگەو کەمکردنەوەی هەژاری، مافەکانی ژنانو "سەرمایەی بچووك" بکەین کە دەبێتە سەرچاوەی داهات بۆ ژنان.



**هاوکارییەکانی دیکە**

هاوکاری نێوان ڕێکخراوە ناحکوومییەکان تەنیا لە چوارچێوەی بەرنامە و کاروبارە ئیدارییەکاندا قەتیس نامێنێ. بۆ نموونە، کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی بە هاوکاری و هاوبەشی یەکتر، هەم مەیدانی دەستڕاگەیشتن بە سەرمایە بەرفراوان دەکاو هەم کات و خەرجی کەمتریش دەبا. هاوکاریکردن لە پێناو هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پێوەندی، چ لە ڕووی ئاشناکردنی خەڵك بە مەسەلەیەکی تایبەت یان ئاگادارکردنەوەیان لەکاروبارەکانی خۆیــان، ستراتیژییەکی بەسوودە بۆ دەست پێوەگرتنی ئەو سەرمایانەی کە بە زەحمەت کۆدەکرێنەوە.

**٧. بەڕێوەبەرێتی**

ناکرێ زنجیرە ڕێوشوێنێکی دەستوپێگیری بەڕێوەبردن بۆ هەموو ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دابنرێ. لەبەر ئەوەی هەلومەرجی دامەزراندن و شێوەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان جیاوازن، چارتی ڕێکخراوەیی و میتۆدی کارکردنیان دەگۆڕێ. سەرەڕای ئەوانەش هەندێ خاڵی هاوبەش هەن کە بە هەمووان جێبەجێ دەکرێ.

**ئەلف/ ئەرکەکان**

ئەرك و ئامانجی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، هێزی هاندەری ڕێکخستنی ئەو ڕێکخراوانەیە. هەرچەند نابێ پێڕەوی نێوخۆی ئەم ڕێکخراوانە، بپەرژێتە سەر وردەکارییەکانی ئەرك و بەرپرسایەتی ئەو ڕێکخراوانە، بەڵام نابێ ئەوەندە گشتیو بەرفراوان بێت کە لایەنەکانی کارکردنی ئەم ڕێکخراوانە دیاری بکا. ئامانجو ئەرکی ڕێکخراو دەبێ بە وردی شرۆڤە بکرێو بە ڕوونیو ڕاشکاوی بنووسرێو بە ئاگاداری تێکڕای خەڵك و دەزگا پێوەندیدارەکان بگەینرێ.

**ب/ دەستەی بەڕێوەبەری**

دەستەی بەڕێوەبەری دەبێ متمانەی خەڵك و پشتیوانەکانی خۆی بپارێزێ. دەستەی بەڕێوەبەری کە لە لایەن دامەزرێنەرانەوە (لە ڕێکخراوە ناحکوومییە بێ

ئەندامەکاندا) دیاریکراون، یان لە لایەن ئەندامانەوە (لە ڕێکخراوە ئەندامدارەکاندا) هەڵبژێردراون، نابێ بەشی خۆیان لە قازانجە ماددییەکانی ڕێکخراوەکەدا هەڵبگرن و دەبێ بتوانن بە شێوەی سەربەخۆ و جیا لەو فەرمانبەرانەی کە قازانجیان پێدەگاو هەروەها بە دوور لە ئەولەویەتەکانی دامەزرێنەران کار بکەن. زۆرجار ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە پێوندییەکی تایبەتی و زەرەرمەند دروستدەکەن کە ڕێکخراوەکە تووشی لادان دەکا، یان دەبێتە هۆی زیان پێگەیاندنی. بارهێنان، کێشەکان لە نێو دەباو کۆدەنگی دروستدەکاو پێش بە زیانەکان دەگرێ.

**ج/ پلاندانان (بەرنامەڕێژی)**

هەر ڕێکخراوێکی ناحکوومی بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام بگەینێ، دەبێ ئامانجی کورتخایەن و درێژخایەنی هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراو دەبێ بەرنامەیەکی سیستماتی بۆ ئیدارەکردن، فەرمانبەران و ڕێکەوتی ئەنجامدانی کارەکان و سەرچاوەی دارایی پێویست ئامادە بکا. ئەو کەسانەی کە ئەم ڕێکخراوانە ساپۆرت دەکەن، داوا لەم ڕێکخراوانە دەکەن کە بەرنامەی واقیعیو گونجاو دابنێن تا خەڵك بتوانن لە ڕادەی سوود و قازانجەکەی تێبگەن. هەرچەند ئەندازەگرتنی چەند و چۆنی سوودوەرگرتنەکانی ڕێکخراوێك زەحمەتە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێکخراوێك بتوانێ کارێکی سوودمەند و شایستە ئەنجام بدا، دەبێ بەرنامەی وردو دەقیق دابڕێژێ.

**د/ وەڵامدەربوون**

ئەرکی سەرشانی هەر ڕێکخراوێکە کە لە بەرامبەر کەس و دەزگا جۆراوجۆرەکاندا وەڵامدەربێ، و دەستەی بەڕێوەبەری چاودێری وەڵامدانەوەی بکا. هەروەها ڕێکخراو دەبێ لە کاتە دیاریکراوەکاندا ڕاپۆرتی کارەکانی خۆی بداتەوە بەو خەڵکەی کە خزمەتی پێدەکەن. ڕاپۆرتدانەوە بەو دەزگا دەوڵەتیانەی کە چاودێری ڕەفتاری ڕێکخراوەکەدا دەکەن، ئەرکێکیتری ڕێکخراوەکەیە. سەرەنجام



دەستەی بەڕێوەبەری بەرپرسی وەڵامدانەوە بەو کەسانەیە کە دایانمەزراندوەو پشتگیری بەرنامەکانی دەکەن. نابێ ئەمەش لە بیربکەین کە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بە شێوەی فەرمی یان نافەرمی دامەزراون، ئەرکەکانی خۆیان بەجێ ناگەینن. قۆڵبڕینو فرتوفێڵکردن لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا وەك هەر شوێنێکی دیکە بەرفراوانە. لەبەر ئەوەی ڕێکخراوە ناحکوومییە قۆڵبڕەکان ژمارەیان کەم نییە، بوونی پێوەری وردو توندوتۆڵ لە ژمێریارییەکی ڕوون و ئاشکرادا، زۆر پێویستە. لەم حاڵەتەدایە کە خەڵك متمانەیەکی جیددی بەو ڕێکخراوانە دەکەن کە دەڵێن بۆ خزمەتی خەڵك کاردەکەن.

**و/ چاودێریکردن و نرخاندن**

لەبەر ئەوە کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، ڕێکخراوی نەگۆڕ نین، زۆرجار بەرنامە لاوەکییەکانیان لە بەرنامە سەرەکییەکانیان زیاتر بۆ خەڵك سوودمەند دەبن، کەواتە چاودێری و نرخاندن لە نزیکەوە گرنگییەکی تایبەتییان بۆ کاری ئەوانە هەیە. نرخاندنی نێوخۆیی نە تەنیا کاری وەڵامدانەوە ئاسانتر دەکا، بەڵکو زۆر لە شێوازەکانی کارکردنیان دەخاتەروو و لەم ڕێگایەوە گەلێك دەرگای نوێ بۆ وەرگرتنی یارمەتی ماڵی بە ڕوویاندا دەکرێتەوە.

نرخاندنی نێوخۆیی ئەو لایەنە پۆزەتیڤەی هەیە کە ڕێگا لە هاتنە ناوەوەو چاودێریکردنی دەوڵەت دەگرێ کە دەبێتە هۆی دروستبوونی بیرۆکراسی و بەفیڕۆدانی کات و هەروەها ڕێ لە پێشڤەچوونی ڕێکخراوەکە دەگرێ.

# پاژی پێنجەم

## کۆمەڵگەی جیهانی

### پوختەی پاژەکە

ئەم پاژە نموونەیەك لەو ڕێکخراوانە نیشان دەدا کە یارمەتی بە بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرانسەری جیهاندا دەکەن و پشتگیرییان دەکەن:

I. civcus

II. سەنتەری سەرەکی Foundation center

III. ئەنجوومەنی پێوەندییە پێشکەوتووەکان
Association for Progressive Communication

IV هەموو جیهان لە سەر هێڵێك One World Online

V. چالاکی بێ سنوور Action without Border

VI. گرووپەکانی کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی The International Fundraising

VII. سەنتەری جیهانی یاسای ناحکوومی International Center for not- for-Profit law

VIII. زانستگای جانز هاپکنز Johns Hopkins Universe sity

IX. وەقفکراوی نیشتمانی بۆ دیموکراسی
National endowment for Democracy

X. بنیادی بەرژەوەندی هاوبەش Commonwealth Foundation

XI. بانکی جیهانی World Bank



# پێشەکی

پانتایی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییانە کە لە بواری دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا چالاکن، لە ئاستی نیشتمانی یان جیهانیدا زۆر بەربڵاوە. لە خوارەوە نموونەیەك لەو ڕێکخراوانە نیشان دراوە کە پشتگیری لە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن. ئیختیارکردنی ئەوانە لە بەر ئەوە بووە کە ئاماژە بە هەندێ لەو هەوڵە بەربڵاوانە بکرێ کە لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئەنجام دەدرێ و بتوانری بەڵێنە جیهانییەکان لەم بوارەدا ئاشکرا بکرێ.

CIVICUS نموونەی ڕێکخراوێکی خاوەن ئەندامە و هەوڵ دەدا هاوپێوەندییەکی جیهانی لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا پێك بێنێ.

سەنتەری سەرەکی سەرچاوەیەکی بەرفراوانە کە تێکڕای ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگری کە پێوەندی بە دەزگاکان و ڕێگاکانی کۆکردنەوەی یارمەتی ماددییەوە هەیە.

ئەنجوومەنی پێوەندییە پێشەنگەکان- و "هەموو جیهان لە سەر هێڵێك" نموونەی ئەو ڕێکخراوە پێوەندیگرانەیە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

چالاکی بێ سنوور هاوپەیمانییەکی ڕێکخراوەیی جیهانییە بۆ دەستڕاگەیشتن بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

گرووپەکانی کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی یارمەتی بەو ڕێکخراوانە دەدا بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتی ماددی کۆ بکەنەوە.

سەنتەری جیهانی یاسای ناحکوومی لە پێناو نووسین و باشترکردنی یاساکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا پێك هاتووە.

زانکۆی هاپکینز  پرۆگرامەکان بۆ بواری توێژینەوەو زانکۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادە دەکا.

وەقفکراوی نیشتمانی بۆ دیموکراسی نموونەیەکە لەو رێکخراوانەی کە بە پارەی دەوڵەتەکان دادەمەزرێن و پشتیوانی لە هەوڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکراسی لە سەرانسەری جیهاندا دەکەن.

بنیادی هاوبەرژەوەند و بانکی جیهانی نموونەیەکن لەو رێکخراوانەی کە هاریکاری دەوڵەتەکان دەکەن و نیشاندەری پەیمانە نێونەتەوەییەکانن و هەروەها لە پێناو فەراهەمکردنی سەرچاوەکان بۆ یارمەتیدان و پشتگیریکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە دونیادا دامەزراون. ئەم دوو رێکخراوە خاوەن بەرنامەیەکی بەهێزن بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی.

لە خوارەوە چاوێك دەخشێنین بەم رێکخراوانە و رێگاکانی دەستڕاگەیشتن بەواندا. تێکڕای ئەم بابەتانە راستەوخۆ لە Websiteی ئەو رێکخراوانە وەرگیراوە.

١. CIVICUS: سیڤیکۆس، واتە هاوبەندی جیهانی بۆ هاریکاریکردنی خەڵك لەگەڵ یەکتر:

بریتییە لە کۆمەڵە رێکخراوێکی ناحکوومی و کەسی تایبەت کە خۆیان تەرخانکردووە بۆ خزمەتی خەڵك و لە رێگای دەسپێشخەری خۆبەخشانە و کاری خێرخوازانە و خزمەتی کۆمەڵایەتی و پێشخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی- دیموکراسیدا بەرنامەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن. گرنگترین ئامانجی ئەو هاوبەندییە پەرەپێدان و هاندانی توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوەو فەراهەمکردنی ئیمکاناتی هاوکاریکردنی خەڵك پێکەوەو یارمەتیدان بە جێبەجێکردنی پرۆژە نموونەییەکان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کەسانی دیکەو هەروەها هەوڵدان بۆ لابردنی ئەو کەندو کۆسپانەی کە لە بەردەم پەرەگرتنی کارە خۆبەخشانەکانی کەرتی تایبەتیدا دانراون.



پەرەگرتنی فەزای سیاسی و کەلتووری دڵخواز بۆ کاری خۆبەخشانە و چالاکی جەماوەریش بەشێکە لەو ئامانجانە.

## بەرنامەکان

سیڤیکۆس لە سێ لایەنەوە بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ دەکا:

**کۆکردنەوە**

سیڤیکۆس وەك رایەڵکەیەکی جیهانی، خەڵك بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و باس و کاری هەرەوەزی لە دەوری یەك کۆ دەکاتەوە.

**پرۆژە تایبەتییەکان**

سیڤیکۆس هەروەها بۆ نیشاندان و پێناسەکردن و بە هێزکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پرۆژەی هاوکاری تایبەتییان رێبەری دەکەن.

**گەنجینەی گۆڕینەوەی زانیارییەکان**

سیڤیکۆس بۆ بردنە سەرو بەهێزکردنی هێڵەکانی پێوەندیگرتنی نێوان ئەندامانی خۆیان، شێوازی جۆراوجۆر دەگرنە پێشو بۆ ئەم مەبەستە گەنجینەیەك لە زانایی‌و هاوپێوەندی بۆ پرۆژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فەراهەم دەکا تا وەڵامی ئەو داخوازییە بێ ئەژمارانە بداتەوە کە لە سەرانسەری جیهانەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری دەگاتە دەستی.

**ناونیشان:**

CIVICUS

WORLD ALLIANCE for Citizen Participation

919 18TH STREET, N.W., 3rd Floor

Washington, D.C. 20006

Tel: (212) 331- 8518

www.civicus.org

**سەنتەری بنیات**

ئەمە ڕێکخراوێکی سەربەخۆیەو لە گەنجینەیەکی زانیاری دەچێ. ئەرکی ئەم بنیاتە بردنە سەری ئاستی وشیاری خەڵکە لە بواری کۆکردنەوەو ڕێکخستن و شیکاری و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە سەر ڕێکخراوەکان و ئەو دامەزراوە بازرگانیانەی کە دەیانەوێ و دەتوانن یارمەتیدەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بن. سەدانکەران و سەرچاوەکانی ئەم نیاتە بریتین لە یارمەتیدەران و یارمەتی وەرگران.

**سەرچاوەکانی زانیاری**

ئەم سەنتەرە بەم ڕێگایانەی خوارەوە زانیارییەکانی خۆی پێشکەش دەکا:

**کتێبخانەکان**

ئەم سەنتەرە لە سێ شوێندا کتێبخانەی دامەزراندووە کە بریتییە لە کتێبخانەی ناوەندی لە شاری نیویۆرك و لقێك لە واشنتۆن و چەند لقێکی ناوچەیی لە ئاتلانتا، کلیوند و سانفرانسیسکۆ. کتێبخانەکانی ئەم سەنتەرە کۆمەڵە زانیارییەکی بێ هاوتا دەخەنە خزمەتی هەر چەشنە کارێکی خێرخوازانە و ئازاد و دەرگایان بە ڕووی هەموو کەسێکدا کراوەیە. کتێبدارانی شارەزا لەم کتێبخانانەدا هەمیشە بۆ ڕێنوێنیکردنی خوازیارانی کتێب ئامادەن تا هەر چەشنە زانیاری و بڵاوکراوەو سەرچاوەیەکی دیکە بخەنە بەر دەستیان.

**سەرچاوەی چاپکراو و ئەلەکترۆنی**

سەنتەری بنیات لە ساڵێکدا زیاتر لە شەست بلاوڤۆك بڵاو دەکاتەوە کە ئەم لایەنانە لە خۆ دەگرن: ڕێنوێنی ناوەندەکان و دامەزراوە بازرگانییە کۆمەك بەخشەکان. پێڕستی یارمەتییەکان، توێژینەوە پێوەندیدارەکان، پێڕستی کتێبەکان و ناوی ئەو دامەزراوانە کە بابەتی تایبەت بە کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی، ناوەندەکان و شێوەی بەڕێوەبردنی ئەوانەیان ڕێکخستووە. ئەم سەنتەرە هەروەها لە



هەر ساڵێکدا ئەم جۆرە توێژینەوانە بە ئامرازی ئەلەکترۆنی FC Search بە ناوی The Foundation Center's Data Base لە سەر CD- Romدا بڵاودەکاتەوە.

**ناونیشان:**

The Foundation Center

79 5th Avenue

New York, N.Y. 10003

TEL :( 212) 620 – 4230

http:// fdnceter. org

**ئەنجوومەنی پێوەندییە پێشکەوتووەکان**

ئەنجوومەنی پێوەندییە پێشەنگەکان، ئەنجوومەنێکی ناحکومییە کە لە رایەڵکەیەك لە هاوکارانی سەرانسەری جیهان پێکهاتووەو ئامانجی پێشکەشکردنی (Internet)ە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانییە.

**بەرنامەکان**

ئەم ئەنجوومەنانە بە هۆی بەرنامەکانی خۆیەوە لە رێگای هاوئاستکردنی پێوەندییەکان و هاوکاریکردنی خەڵك لەگەڵ یەکتردا بانگەشە بۆ یەکسانی لە سەرانسەری جیهاندا دەکەنو بریتییە لە:

**شێوازەکانی بەکارهێنان**

لە رێگای ئینتەرنێتەوە رایەڵکەیەك بۆ پێوەندیگرتنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەمەزرێنن.

**زانیارییەکان، نێوەرۆك و ئامراز**

ئەنجوومەنی پێوەندییە پێشەنگەکان لە رێگای ئینتەرنێتەوە کاڵاو سەرچاوەو کەسی پێویست بۆ بانگەشەکردن و هاریکاریکردن و پێداویستییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەرێوەبەرێتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەم دێنن.

**پەرەپێدانی رایەڵکە**

توانایی ئامرازەکانی پێوەندیکردن و خزمەتگوزاری لە سێ بواری بەرنامەرێژی، بازرگانی و هاوکارییە تەکنیکی و ناوچەییەکان زیاد دەکا.

**ئاگاداری بۆ پێوەندییەکان و دانانی سیاسەت**

ئەنجوومەنەکانی پێوەندییە پێشەنگەکان لە سایتی (Online)ی ئینتەرنێتدا، کەشوهەوایەکی کراوەو نابازرگانی بۆ ئەو رێکخراوە ناحکومیانە دەکەنەوە کە خۆیان بۆ ئازادی رادەربڕین و گۆڕینەوەی زانست و زانیارییەکان تەرخان دەکەن.



**ئەنجوومەنی بەرنامەدانان بۆ پێشگیریکردنی رایەڵکەی رێکخراوەکانی ژنان**

ئەم ئەنجوومەنە بە دارشتن و بەرێوەبردن و بە کارهێنانی چەندین بەرنامە لە ئینتەرنێتدا لە بواری وشیارکردنەوەو تێگەیشتنی بزووتنەوەی ژنان لە سەر مافەکانی خۆیان کار دەکات.

**ناونیشان:**


APC secretariat

Presidio Building 1012

Torney Ave., P. O. Box 29904

San Francisco, CA941229

tell"(416) 516-8138[Note: Toronto, CANADA]

www.apc.org

## سەرانسەری جیهان لە سەر هێڵێك One World Online

سەرانسەری جیهان لەسەر هێڵێك، ڕێکخراوێکی ئینتەرنێتییە کە لە ٦١٣ ڕێکخراو پێکهاتووەو ڕێبەری و پێشەنگی مافەکانی مرۆڤ و باشکردنی بارودۆخی جیهان دەکا. ئەم ڕێکخراوە بە هۆی One World Broadcasting Trust دامەزراوەو هەوڵدەدا کە بە نرخێکی هەرزان هەواڵەکانی جیهان بڵاو بکاتەوەو پەرە بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی دیکە بدا. لە Websiteدا هەرکام لە ڕێکخراوە پێوەندیدارەکان "هێڵێك"ی جیاواز و سەربەخۆیان هەیەو لە ١٢٠ وڵاتەدا کە نیوەیان وڵاتە روو لە گەشەکانن، خوێنەری هەیە.

### هاوبەشیکردن

ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ئەنجوومەنی "سەرانسەری جیهان"دا بەشدارن، بە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی ئەم Website دەتوانن هەواڵو زانیارییەکانی خۆیان پێشکەش بە هەزاران خوێنەر لە سەرانسەری جیهاندا بکەن.

**ناونیشان:**

One World UK Office
Hedgerly Wood
Red Lane
Chinnor
OXON 9 4 BW
TEL: 44- 1494 481629
www.oneworld.org



## چالاکییە بێ سنوورەکان

ئەم ناوەندە لە کۆمەڵێك کەس و ڕێکخراو پێکهاتووە کە لە ٥ بواردا کار دەکەن:

١. بردنە سەری ئاستی چالاکی و بەشداریکردن لە سەرانسەری جیهاندا
٢. گۆڕینەوەی بیروڕاو ئەزموون و زانیارییەکان
٣. پەرەپێدانی سەرچاوەکان بۆ کاری خێرخوازانە
٤. ئاسانکردنی هاوکاری نێوان کەس و ڕێکخراوو پەیمانگاو دامەزراوەکانی دیکە
٥. هاندان و تەشویقکردنی ئازادیی تەواو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە

### ئایدیالیست Idealist

ئایدیالیست، یەکێك لە پرۆژەکانی چالاکی بێ سنوورە کە لە سەر سیستمی Website دانراوە و ڕێگا بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان- چ Websiteیان هەبێ چ نەیانبێ- خۆش دەکا کە لە ڕێگای Websiteەوە ئەرك و چالاکییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. ئەم سایتە زانیارییەکانی خوارەوە لە خۆ دەگرێ.

١. لەم پێڕستەدا ناوی بیست هەزار ڕێکخراوی ناحکوومی لە سەدوچل وڵاتدا بڵاوکراوەتەوە کە هەموو کەس دەتوانێ بە پێی ناو یان شوێن یان ئەرکەکانیان بیاندۆزێتەوەو لێیان بکۆڵێتەوە.
٢. سەنتەرێکە بۆ دۆزینەوەی سەدانجۆر پیشە و ڕاهێنان لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا
٣. بە هەزاران هەلی کارکردن لە بواری کارە خۆبەخشەکاندا
٤. کتێبی ڕێبەر، ناوی ئەو کۆمپانیاو ڕاوێژکارانەی لەخۆ گرتوە کە کاڵاو خزمەتگوزاری بۆ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان فەراهەم دەکەن.
٥. بەستنەوەی سەرچاوە سوودبەخشەکان بە Websiteەوە بۆ بەڕێوەبردنو وەرگرتنی یارمەتی ماددی بۆ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان.
٦. کۆمەڵێك زانیاری نوێ و سوودبەخش لە سەر Websiteدا.

٧. کتێبێکی ڕێبەری جیهانی لە Public Internet Access Points دا لە سەدان پەیمانگاو کتێبخانە و سەنتەری ئەنجوومەنەکان و کافتریاکانی Internet دا.

**ناونیشان:**

Action without Borders

350 Fifth Avenue, Suite 6614

New York, N.Y. 10118

www.idealist.org

## گرووپەکانی ئامادەکاری یارمەتییە ماددییەکان

ئەم گرووپانە، ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەن کە ئامانجیان یارمەتیدانە بەو کەسانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا بە کاری خۆبەخشەوە خەریکن. یارمەتییەکان بریتین لە: ئامادەکردنی سەرچاوەکانی یارمەتیدان بۆ ئەو کەسانە لە ڕێگای پەروەردەکردنی شارەزاییو زانیارییەکانو ئەزموونەکانیانەوە. ئەم گرووپانە لە ٩ ناوچەدا کار دەکەن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەگرێتەوە.

**بەرنامەکان:**

گرووپەکانی ئامادەکاری یارمەتی ماددی بە سێ شێوە کار دەکەن:

چاپەمەنییەکان- کتێبی ڕێنوێنی بۆ ئامادەکردنی جیهانی لە ژێر ناوی:

A guide to fundraising For Southern NGOs & Voluntary Organization

لە لایەن Michael Norton (1996) نووسراوە.

ئەم کتێبە کۆمەڵە بابەتێکی وەك سەرچاوە ماددییەکان، شێوازەکانی ئامادەکردنی سەرچاوەی ماددی و نموونە کارێکی لەو چەشنەی لەخۆ گرتووە.

چەند سەرنجێك بۆ فێرکردنی شێوازەکانی ئامادەکردنی سەرچاوەی ماددی —



ئەنجوومەنەکان کۆمەڵە بەرنامەیەکی زنجیرەیی جێبەجێ دەکەن کە ڕەنگدانەوەی پێویستییەکان و باس و بابەتە تەوەرەییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکان بێ و هەموو نوێنەرانی ناوچەکان دەتوانن لەو بەرنامانەدا بەشداری بکەن.

**راهێنان (خولی فێرکاری)**

ئەنجوومەنەکان زنجیرە بەرنامەیەك بۆ خولی فێرکاری لە بوارەکانی وەك ئامادەکردنی سەرچاوەکان، کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی لە ڕێگای ناردنی نامە بۆ کەسە تایبەتەکان و پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەو وەرگرتنی یارمەتی لە کۆمپانیا بازرگانیەکان دادەڕێژن و جێبەجێی دەکەن.

The International Fund Rising Group

295 Kenington Road

London SE 11 4QE

www.IFRG.ORG .UK

## سەنتەری جیهانی یاسا ناحکوومییەکان

ئەم سەنتەرە ڕێکخراوێکی جیهانییە بۆ ئاسانکاری و یارمەتیدان بە بنیادنانو پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەموو جیهاندا. ئەم ئەرکە بە مەبەستی دامەزراندن و هاندان و ڕێکخستنی کەرتی ناحکومی لە هەموو جیهاندا لە ڕێگای یارمەتیدان بە کۆکردنەوەو چاککردنی یاسا و ڕێسا ناحکومییەکان بە ئەنجام دەگا.

**بەرنامەکان:**

یارمەتی یاسایی- ئەم ڕێکخراوە بە هاوکاری ڕێکخراوە جیهانییەکانی دیکە هاوبەشی لە کۆکردنەوەی یاساو ڕێساکانی تایبەت بە ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا دەکا.

راهێنان -ئەم سەنتەرە بۆ یارمەتیکردنی مافناسان و دادوەرەکان و ڕێبەرانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، کۆمەڵە خولێکی ڕاهێنان لە بوارەکانی یاساییو بەڕێوەبەری و سیستمەکانی دادوەریدا ڕێك دەخا.

کتێبخانە — ئەم سەنتەرە زنجیرە کتێبخانەیەك (وەك کتێبخانەی Online)، ناوەندی بەڵگەنامەکان، ناوەندەکانی سەرچاوەی یارمەتیدان و زانیاری دەربارەی بابەتی یاسایی و ئیداری بۆ مەبەستی پێکهێنان و پەرەپێدانی کەرتی ناحکوومی دادەمەزرێ.

توێژینەوە- ئەم سەنتەرە کۆمەڵە توێژینەوەیەك دەربارەی مەسەلە یاساییو کۆمەڵایەتییەکان و بوارەکانی دیکە بە مەبەستی بە هێزکردن و باشکردنی یاساکانو سیستمە یاساییەکان ئەنجام دەدا. سەرباری ئەوە، سەنتەر بە یارمەتی بانکی جیهانی World bank کتێبێکی ڕێبەری بە ناوی Good Practices For Laws Relating to Non- Government) (Organization بڵاوکردۆتەوە کە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیسپانی و ڕووسی و عەرەبی و چینی و هەموو کەس دەتوانێ بە دەستی بێنێ.

**ناونیشان:**

Intrenational Center for Not-for-profit Law
73315thStreetNW, Suite420
Washington, D.C.20005
Tel ;( 202)624-0766

**زانکۆی هاپکنز**

"ناوەندی توێژینەوە فیکرییەکان" The Institute For Policy لە زانکۆی هاپکینزدا لە گرووپێك ئابووریزان و کۆمەڵناس و مامۆستای زانستە سیاسییەکان و تیۆریزانان Policy Analystsو جێبەجێکەرانی هێڵە گشتییەکان پێکهاتووە کە بەشێکن لە کادرەکانی زانکۆ. ئەم ناوەندە هەوڵدەدا کاردانەوەی دەوڵەتەکان، کۆمپانیاکان و ڕێکخراوە ناحکوومییە لۆکاڵی و نیشتمانی و جیهانییەکان لە ئاست هەژاری و گۆڕانکاری مەدەنی و ناوچەیی و سەرمایەگوزاری و هێزە مرۆییەکاندا تاو توێ بکاو لە ڕێگای توێژینەوە لە سەر شێوازەکان و بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی یارمەتی و پەروەردەکردنی بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ئەو کەسانەی کە لە دیاریکردنی ڕەوتەکاندا پسپۆڕن، لە رووی باشکردن و پێشخستنی کارەکانیاندا سوودبەخش دەبن.



**سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

ئامانجی ئەم سەنتەرە فەراهەمکردنی ئامرازی پێشڤەچوونی کاروبارەکانی ڕێکخراوە راهێنەرە ناحکوومییەکان یان "کۆمەڵگەی مەدەنی"یە. میتۆدی کارکردنی ئەم سەنتەرە، تێکەڵاوێکە لە توێژینەوە، راهێنان و گۆڕینەوەی زانیارییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەرانسەری جیهاندا.

**بلاوکراوەکان**

سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکی بەرفراوانی لە بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەیە کە بریتین لە کتێب و لێکۆڵینەوەو دەسنووسو شتی لەو بابەتە.

**ناونیشان:**

Johns Hopkins Institute for Policy Studies
Wyman Park Bulding, 5th. Floor
3400 North Charles Street
Baltimore. M.d.21218
Tel; (410) 516- 7174
www.Jhu.eud/-ips/
www.jhu.eud/-ccss/

## IX وەقفکراوی نیشتمانی بۆ دیموکراسی

وەقفکراوی نیشتمانی بۆ دیموکراسی، ڕێکخراوێکی ناحکوومی قازانجخوازە کە لە ساڵی ١٩٨٣دا دامەزراوە. ئامانجی بەهێزکردنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە لە ڕێگای هەوڵ و کۆششی قازانجخوازانەوە، بە واتایەکی دیکە یارمەتی ماددی بەو کەسانە دەدا کە لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك تێدەکۆشن. بوودجەی ئەم ڕێکخراوە، لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە دیاری و پەسند دەکرێ.

**دەوری وەقفکراوی نیشتمانی لە دابینکردنی دیموکراسیدا:**

دەوری ئەم ڕێکخراوە بەهێزکردنی دیموکراسییە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەمریکاو لە لایەن ڕێبەرانی کۆمەڵگەی ئەمریکاوە بە هاوکاری سیاسەتمەدارەکان و نوێنەرانی چینە جۆراوجۆرەکان، چ لیبراڵو چ کۆنەپارێزو بازرگان و کرێکارو ئەو کەسانەش کە ئەزموونێکی زۆریان لە کاروباری نێونەتەوەییدا هەیە، دامەزراوەو ڕێکخراوێکی ناحکوومی و قازانجخوازە کە لە لایەن دەستەیەکی بەڕێوەبەری هەڵبژاردەوە بەڕیوە دەچێ. بەڵێنەکانی ئەم ڕێکخراوە ئەمریکییە جیاوازە لە سیاسەتی حیزبیو لە پێناو خزمەتکردنی دیموکراسیدا کار دەکاو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هێزو کارزانی خەڵكو گرووپە ناسەربازییەکان ئامادە دەکا تا هاوکاری ئەو کەسانە بکەن کە لە وڵاتانی دیکەدا تێدەکۆشن تا داهاتوویەکی ئازاد و دیمۆکرات بۆ خۆیان دابین بکەن.

**بەرنامەکان**

بەرنامەکانی ئەم ڕێکخراوە لە پێنج بواری جیاوازدا جێبەجێ دەکرێ:

١. فرە چەشنی Pluralism

٢. حکوومەتی دیموکراسیو پرۆسەی سیاسی

٣. پەروەردەو فێرکردن

٤. کەلتوور و پێوەندییەکان

٥. توێژینەوەو هاوکاری نێونەتەوەیی



ئەم ڕێکخراوە زیاتر بایەخ بەو پێشنیارانە دەدا کە لە لایەن گرووپە دیموکراتیە خۆجێیەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. هەروەها پشتگیری ئەو بەرنامانە دەکا کە جیا بێ لە سیاسەتی حیزبی و هەروەها هاوکێشە دیموکراسییەکان بەهێز بکا.

**ناونیشان:**

The National Endowment for Democracy
1101 15th Street N.W. Suite 700
Washington, D.C. 2005
Tel. 9202) 293-9072
www.ned.org

## بنیاتی هاوبەرژەوەند

ئەم بنیاتە، ڕێکخراوێکی جیهانییە کە لە دەزگا دەوڵەتییەکان پێکهاتووەو هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، دەتوانن تێیدا ببنە ئەندام. دەوڵەتەکان بوودجەکەی دابین دەکەن و لەگەڵ ڕێکخراوە قازانجخوازەکاندا هاوکاری دەکا. ئەم کارەی ڕێکخراوەکە، یارمەتی بە ڕێکخراوە قازانجخوازەکان و ئەنجوومەنە پیشەیی‌و چالاکییە کەلتوورییەکان دەکا کە لە ڕێگای یارمەتیدانی ماددی‌و جێبەجێکردنی زنجیرە بەرنامەیەکی دانانی خولی ڕاهێنان، بردنە سەری توانای سەنتەری زانیارییەکان و گۆڕینەوەی زانیارییەکان، ڕایەڵکەکانی پێوەندی لە نێوان وڵاتاندا دابمەزرێنێ.

## بەرنامەی کۆمەڵگەی مەدەنی

ئەم ڕێکخراوە گەلێك بەرنامەی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی گەڵاڵە کردووە کە بریتین لە: پرۆژەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەدەی بیست و یەکەمدا. ئەم پرۆژەیە داوا لە خەڵکی وڵاتانی ئەندام دەکا بیر بکەنەوە تا بزانن کە دەوڵەتەکان دەبێ چ هەنگاوێك بۆ باشترکردنی کۆمەڵگەکانیان هەڵبگرن و خۆیان دەتوانن چی بکەن.

## پرۆژەیەك بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵگە مەدەنییە وەڵامدەرەکان

ئامانجی ئەم پرۆژەیە، یارمەتیدانی ئەو ڕێکخراوانەیە کە قازانجنەخوازن‌و سەلماندوویانە کە سوودیان لە یارمەتییەکانی ئەم پرۆژەیە بۆ شداریکردن لە بەرنامەکانی خولی ڕاهێنان و کۆنفرانسەکاندا بینیوە.

## سەردانکردنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان

دانانی بەرنامە بۆ سەردانکردنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، کاری سەرەکی ئەم پرۆژەیەیە.

پێوەندییەکانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لەگەڵ دەوڵەت و کەرتی تایبەتدا — ئەمە پرۆسەیەکە بۆ پێکهێنانی پێوەندی نێوان ئەم سێ بەشە.



**ناونیشان:**

The Commonwealth Foundation

Marlborough House

Pall Mall

London SWIY 5HY

TEL ;( 44) 171 930 3783

## بانكی جیهانی

بانكی جیهانی رێكخراوێكە بۆ ئاوەدانكردنەوەی زیاتر و پێشخستنی وڵاتە روو لە گەشەكان و لە سەدو هەشتا ئەندام پێكهاتووە. دەستەی باڵاو دەستەی بەرێوەبەری ئەو رێكخراوە كە لە واشنتۆن دادەنیشن، نوێنەرایەتی ئامانج و بەرنامەكانی ئەو رێكخراوە دەكەن. ئەم رێكخراوە، گەورەترین سەرچاوەیە بۆ یارمەتیدانی ئاوەدانكردنەوەو پەرەپێدانو لە ساڵدا نزیكەی سی ملیارد دۆلار پێشینە دەدا بەو وڵاتانەی كە پێویستیان پێیەتی. ئامانجی ئەوەیە كە لە رێگای یارمەتیدان بە گەشەكردنی ئابووریی وڵاتانەوە، رادەی هەژاری كەم بكاتەوە.

### بەرنامەكان

بانكی جیهانی بە دانی پێشینە(سولفە)و راویژكردن و یارمەتی تەكنیكی، پشتیوانی لە زنجیرە بەرنامەیەكی بەربلاو دەكا كە ئامانجی كەمكردنەوەی هەژاری و بردنە سەری ئاستی ژیان لە وڵاتە روو لە گەشەكانە. ستراتیژییەكانی كەمكردنەوەی هەژاریو ئەو پێشینانەی كە لەم رێگایانەوە خەرج دەكرێن، سەرەكیترین ئامانجەكانی ئەم رێكخراوە پێك دێنێ. ئەم بانكە لە بەرنامەكانی خۆیدا ئەولەوییەت دەدا بە پەرەپێدان و پێشخستنی كۆمەڵایەتی و تاكەكەسیو بەهێزكردنی بەرێوەبەرێتی ئابووری و جەختكردن لە سەر گشتگیركردنی دەسەڵاتو پێكهێنانی رێكخراوە جەماوەرییەكان.

### یەكەی رێكخراوە ناحكوومییەكان

ئەم یەكەیە ناوەندی چاودێری بانكی جیهانییەو ئەو چالاكیانە ئەنجامدەدا كە تایبەتن بە پێوەندی نێوان رێكخراوە ناحكوومییەكان لەگەڵ یەكترو بەشداریكردنی خەڵك. هەندێ لەو ئەركانەی كە بەرێوەی دەبەن، بریتین لە:

١. ئاسانكاری بۆ هاوكاری



٢. رێبەرێكردن و هەمواركردنی رەوتی پەروەردەیی و ئەزموونی بانك لەو مەسەلانەدا كە پێوەندییان بە هاوئاهەنگیكردن بۆ باشكردن و ئاوەدانی كۆمەڵگاكانەوە هەیە.

٣. پاراستن و كاراتركردنی پێوەندی نێوان بانكی جیهانی و رێكخراوە قازانجنەخوازەكان.

٤. گۆڕینەوەی زانیارییەكان لە نێوان رێكخراوە قازانجنەخوازەكان و بەرێوەبەران و فەرمانبەرانی بانك و لایەنەكانیتر. لەم بوارەدا بانكی جیهانی، یەكەمین سەرچاوەیە بۆ هەموو خەڵك و رێكخراوەكان.

**ناونیشان:**

The World Bank

1818 h Street, N.W.

Washington, D.C. 20432

Tel: (202) 477-1234 (calling feom U.S.A)

(202) 473-1000 (calling ferom outside of U.S.A)

www.worldbank.org

# پاژی شەشەم

## ئامادەکردنی سەرچاوەکان

### پوختەی پاژەکە

لەم پاژەدا ئاماژە بە هەندێ لەو ستراتیژیانە دەکەین کە بۆ ئامادەکردنی ئەو سەرچاوانە پێویستن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیان لە سەر بنیاد دەنرێ. ئەم پاژە، شەش بەشی هەیە کە هەر کام بە پیشەکییەك دەست پێدەکا.

١. ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرچاوەن بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵگەی مەدەنی
٢. خێرخوازی تاك
٣. بنیاتە خێرخوازەکان (ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاکان)
٤. شیچوازەکانی تاقیکردنەوەی بازاڕ
٥. ڕێکخراوە جەماوەرییەکان
٦. بەرنامەکانی سەرمایەی بچووك

### پێشەکی

ئامانجی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئامادەکردنی خەڵکە بۆ بەشداریکردن لە پێکهێنانو سەقامگیرکردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات. لێرەدا کاری هەرە سەرەکی، دۆزینەوەی سەرچاوەیە بۆ پێکهێنان و پەرەپێدان و بەرفراوانکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەم ڕێکخراوانە پێویستیان بە پشتگیریکردنی جۆراوجۆری وەك، یارمەتی ماددی و دارایی و کاری خۆبەخشانە هەیە. خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەیەکدا دەتوانن لە ڕێگای یارمەتی ماددی و دارایی و



خزمەتگوزاریو سەرفکردنی کات و کارزانی خۆیان لە چالاکییە مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن. ئەم بەشە جۆراوجۆرانە، بریتین لەو تاقم و گرووپانەی کە خۆیان سوود لەم ڕێکخراوانە وەردەگرن و هەروەها دەوڵەتەکان، ڕێکخراوە بازرگانییەکان، تاکەکانو ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی چوار سەرچاوە ناوببەین کە یارمەتی بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن:

- سوود و قازانجی ئەو سەرمایەگوزاریانەی کە بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی دارایی دەکرێن، وەك شانس و بەخت تاقیکردنەوە، هەڕاجکردن، ناردنی نامە بۆ کەسایەتییەکان، حەقی ئەندامەتی (لەو جێگایەدا کە دەوری هەبێ).
- ئەو خەڵات و دیاریانەی کە لە لایەن بنیادەکان و کۆمپانیا بازرگانیو پیشەییەکان و کەسەکانەوە پێشکەش دەکرێ.
- ئەو یارمەتییە دەرەکیانەی کە لە لایەن ڕێکخراوە فەرمییەکانەوە بۆ یارمەتیدان بە پێشخستنی کۆمەڵگەکان دیاری کراون و هەروەها ئەو یارمەتیانەی کە لە لایەن بنیاتەکان و دامەزراوە بازرگانی و کەسێتییەکانەوە پێشکەش دەکرێن.
- یارمەتییە بێ بەرامبەرەکانو ئەو ڕێکەوتنامانەی کە لە نێوان دەوڵەتە ناوچەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئەنجامدانی پرۆژە پێویستەکان دەبەسترێن.

خۆبەستنەوە بە تاقە سەرچاوەیەکی ماددی نەکارێکی باشەو نە سەریش دەگرێ. ئەم شێوە کارکردنە، نە تەنیا ڕێکخراوەکە دەبەستێتەوە بە تاقە سەرچاوەیەکی داراییەوە، بەڵکو بە زۆری دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەزگا کۆمەکبەخشەکە بە حەق و ناحەق دەست لە کاروباری ڕێکخراوکە وەربدا. بۆ دورکەوتنەوە لەو شێوازە، پێویستە ڕێکخراوەکە ڕوو لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بکاو یارمەتیان لێوەربگرێو بۆ ئەم مەبەستە ڕێگای جۆراوجۆر بگرێتەبەر.

لە بەشەكانی داهاتوودا، چاوێك دەخشێنین بەو سەرچاوە یارمەتیدەرانەی كە ئاماژەمان پێدانو ئەو سەرچاوە ستراتیژە زۆر ئاسایی و سەركەتوانە تاوتوێ دەكەین كە لە لایەن رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیەوە بەكاردەهێنرێن. ئەم لێكۆڵینەوەیە بە گشتی لە سەر ستراتیژییەكانی رێكخراوە ناحكوومییەكان چەقی بەستوەو هەر لەو كاتەشدا یارمەتی دارایشی بۆ كۆ دەكاتەوە.



# پاژی شەشەم

## بەشی یەكەم

## رێكخراوەكانی یارمەتیدەری كۆمەڵگەی مەدەنی

### پوختەی بەشەكە

**پێشەكی**

بنیاتەكان

١. بنیاتی تایبەت
٢. بنیاتی هاوبەش
٣. بنیاتی گشتی
٤. چۆنیەتی یارمەتیدان
٥. بەڕێوەبەرێتی

**رێكخراوە یارمەتیدەرەكان**

١. ئەركەكانی رێكخراو
٢. ئامادەكردنی سەرچاوەكانی یارمەتیدان

### پێشەكی

رێكخراوە یارمەتیدەرەكان بەشێكن لە رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی كە فاكتەرێكی گرنگن بۆ پێكهێنانی كۆمەڵگەی مەدەنی. ئەم رێكخراوانە، تەنیا سەبارەت بە وەرگرتنی یارمەتی ماددی و گەیاندنی ئەو یارمەتییانە بو رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی پێكهاتوون، هەرچەند كۆكردنەوەی یارمەتی تەكنیكی و شتی لەو چەشنەش بۆتە بەشێك لە چالاكییە رۆژانەكانیان. ئەم جۆرە

ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی گشتی، بە "بنیات" یان "وەقفکراو" یان "سندووق" ناو دەبرێن. لەم پاژەدا باسی شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕێکخراوانە دەکرێ کە ڕەواجێکی زیاترین هەیە.

**بنیاتەکان**

بنیاتەکان بۆ خویان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنین کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بە شێوەی هەمەجۆر دروست دەبن. ئەرکی سەرشانی ئەم ڕێکخراوانە پشتگیریکردن یان جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەیە کە بۆ خزمەتکردن بە خەڵك گەڵاڵە دەکرێن. سەرجەمی ئەم ڕێکخراوانە قازانجنەخوازن و ئامانجیان دانی یارمەتییەکی بێ بەرامبەرە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. هەندێ جاریش خۆیان هەندێ بەرنامە جێبەجێ دەکەن. هەڵبژاردنی بەرنامەکان یان ئەو ڕێکخراوانەی کە شایانی یارمەتیدانن، پێوەندی بە دامەزرێنەران یان دەستەی بەڕێوەبەری بنیاتەوە هەیە. بە گشتی هەر ناوەندێك خاوەن وەقفکراوی خۆیەتی کە لە ڕێگای سەرمایەگوزاریکردنی وەقفکراوەکەوە خەرجەکانی خۆی قەرەبوو دەکاتەوە. ئەمجۆرە سەرمایەگوزارییە لە سەدا پێنجی داهاتی خۆی دەکاتە خەرجی تێچووەکانی خۆی. هەموو بنیاتەکان، چ ئەوانەی کە خاوەن وەقفکراوی خۆیانن‌و چ ئەوانەی کە ئەم وەقفکراوانەیان نییە، داهاتێکی دیاریکراوی ساڵانەیان هەیە کە لە سەرچاوەکانی یارمەتییەوە (کە ڕەنگە کەس یان کۆمپانیا یان ڕێکخراوەکانی دیکە بن) بە دەست دێنن.

لە خوارەوە ئاماژە دەکەین بە چەند نموونەیەك لەو بنیاتانە. هەرکام لەم ڕێکخراوانە لە وانەیە یەکێك یان چەند جۆرێك لەو بنیاتانە لەخۆ بگرێ.

**١. بنیاتی تایبەت**

بنیاتە تایبەتەکان بەگشتی بە هۆی کەسێکەوە (یان کۆمەڵە کەسێکەوە) یان بە هۆی بنەماڵە یان کۆمپانیایەکی بازرگانییەوە دادەمەزرێن،و وەقفێکیش بۆ دارایی بنیات تەرخان دەکرێ. بەڕێوەبەرێتی و خەرجکردنی سەرچاوەکانی بنیات لە ژێر ڕێو شوێنەکانی ناوەندی تایبەتدا بەڕێوە دەچێ.



**٢. بنیاتی هاوبەش**

بنیاتە هاوبەشەکان بە هۆی یارمەتی ماددی چەندین سەرچاوەوە دادەمەزرێن. جیاوازی نێوان بنیاتی هاوبەش و بنیاتی تایبەت ئەوەیە کە لە بنیاتە تایبەتەکاندا دامەزرێنەران ڕادەی تێچووەکان دیاریدەکەن و چاودێری بە سەردا دەکەن و ئەم کارە لە بنیاتە هاوبەشەکاندا بە هۆی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژاردەوە ئەنجام دەدرێ.

لە پێشبوونی بنیاتە هاوبەشەکان لە چاو بنیاتە تایبەتەکان لەوەدایە کە ئەوان لە چەندین وەقفی بچووکتر پێکهاتوون و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆمەکبەخشەکان لە دەست خەرجکردنی پارەیەکی قەبەو کاری زۆر لە پێناو دامەزراندن‌و هەڵسوڕاندنی بنیاتەکەی خۆیانەوە ڕزگار بن.

**١. بنیاتی گشتی**

بنیاتە گشتییەکان بەشێکی گەورەی یارمەتییە ماددییەکانی خۆیان لە دەوڵەتی ئەو وڵاتانە وەردەگرن کە تێیدا چالاکی دەکەن و ئەرکیان ئەوەیە کە یارمەتی بێ بەرامبەر بدەن بە بنیاتەکانی دیکە، یان خزمەتی خەڵك بکەن. یارمەتییەکانی ئەوان زیاتر تایبەت بە پێداویستیەکان و قازانجەکانی گرووپێکی تایبەتی نێو کۆمەڵگەیەك، وەك کەمایەتییە مەزهەبی یان نەژادییەکان یان خەڵکی نەخۆش‌و لێقەوماوە.

**٢. بنیاتی یارمەتیدەر**

بنیاتەکان بە گشتی یارمەتی ئەو ڕێکخراوانە دەکەن کە زنجیرە بەرنامەیەك بۆ خزمەتی خەڵك جێبەجێ دەکەن. دەستەی باڵا — واتە دامەزرێنەران لە بنیاتە تایبەتییەکانداو دەستەی بەڕێوەبەری لە بنیاتی هاوبەشدا — بڕیار لە سەر ئەوە دەدەن کە چ بەرنامەو چ ڕێکخراوێك شایانی وەرگرتنی یارمەتییە. دیارە شێوەی وەرگرتنی ئەو یارمەتیانەش دەبێ لە ڕێگای پێشکەشکردنی پێشنیاری گەڵاڵەیەك بە بنیات جێبەجێ بکرێ.

### ٣. بنیاتی راپەڕینەر

هەندێ لە بنیاتەکان بەرنامەی خۆیان هەیە و بۆیە زۆربەی داهاتی خۆیان لە ڕێگای جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆیانەوە خەرج دەکەن و ناتوانن یارمەتییەکی ئەوتۆ بە ڕێکخراوەکانی دیکە بکەن. بەرنامەکانی ئەو بنیاتانە بە هۆی دامەزرێنەران یان دەستەی بەڕێوەبەرییەوە دیاری دەکرێن و فەرمانبەرە لێهاتووەکان جێبەجێیان دەکەن.

## ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی

ئەرکی ئەم ڕێکخراوانە بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنییە. جیاوازی ئەمان لەگەڵ بنیاتەکاندا لەوەدایە کە نە تەنیا خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش دەکەن، بەڵکو چالاکییەکانیان زیاتر لە بواری دامەزراندن، پەرەپێدان و گەشەپێدانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا چڕ دەکەنەوە. ئەم ڕێکخراوانە، ڕێکخراوی ئاڵۆزو پڕپێچ و خەمن و زۆری پێدەچێ تا بێنە کایەوە، چونکە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فرەچەشنن و لە شوێنی جۆراوجۆردا چالاکی دەکەن و یارمەتی وەردەگرن. بەڵام هەر کە ڕێکخراوێکی یارمەتیدەر کەوتەگەڕو لە رووی داراییەوە دابینکرا، دەبێتە ئامرازێکی کاراو (فاکتەرێکی)بەنرخە بۆ ساپۆرتکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی، لە لایەن کەسێکەوە یان گرووپێکەوە دروست دەبن کە خۆیان بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەرخان کردبێ. بنچینەی ئەم ڕێکخراوانە بە چەشنێك دانراوە کە ئەندامەکانی دەبێ کاتو توانایییەکی زۆری بۆ تەرخان بکەن بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە بتوانن لە رووی داراییەوە لەسەر پێی خۆیان رابوەستن. هۆکاری گرنگ بۆ سەرکەوتنی ڕێکخراوێکی لەو چەشنە ئەوەیە کە دامەزرێنەرەکانی زانیارییەکی تەواویان لە بواری چالاکییەکان و قوتابخانەکانی خەباتی سیاسی بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێ و بەشداری تێدا بکەن. ئەو بەشە لە خەڵکی وڵاتانی روو لە گەشە کە لە



وڵاتانی پێشکەوتووی "رۆژئاوا"دا دەژین، باشتر دەتوانن ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتیدان دابمەزرێنن. ئەمانە دەتوانن بە پشتبەستن بە توانایی‌و لێهاتووییەکانی خۆیان و سەرچاوەکانی دیکە، پشتیوانی لە ڕێکخراوەکانی وڵاتانی خۆیان بکەن و یارمەتییان بدەن. ئەو جۆرە ڕێکخراوانە بە گشتی شارەزایی تەواو لە سەر ڕێکخراوە خۆجێیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیدا دەکەن. زۆرجار ئەو کەسانەی کە دەتوانن یارمەتی بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتانی روو لە گەشەدا بکەن، ئاگادارییەکی تەواویان لە سەر ئەو ڕێکخراوانە نییەو بۆیە زۆری دەوێ تا یارمەتی بەو ڕێکخراوانە بدەن، یان (رەنگە) هەر یارمەتیان نەدەن. ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی دەبنە هۆکارێکی زۆر کاریگەر بۆ یارمەتیدەرەکان. واتە بە ناساندنی ئامانجەکانی یەکبەیەکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەرچاوەی یارمەتیدەر، پێوەندی لە نێوانیاندا دادەمەزرێنن‌و لەم ڕێگایەوە سەرچاوەکانی یارمەتی دەگەیننە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و بەم شێوەیە ئامانجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشدەخەن و "سەرمایەی نیشتمانی" بەرهەم دێنن.

### ٤. ئەرکەکانی ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی

ئەم ڕێکخراوانە لە چەندین ڕێگاوە دەتوانن ئەرکەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن. لە بەر ئەوەی توانای خۆگۆڕین و خۆگونجاندنیان هەیە زۆر بە باشی دەتوانن پێداویستییەکانی هەر کۆمەڵگەیەك دابین بکەن.

## ئامادەکردنی سەرچاوەکانی یارمەتی

لە بنەڕەتدا ئەرکی ئەم ڕێکخراوانە ناسینی سەرچاوەکانی یارمەتی و ڕێنونیکردنیانە بەرەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەم سەرچاوانە، دەکرێ پارە، کاڵا یان هێزی مرۆیی بن. لە بەر ئەوەی ئەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستدان، لە بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیدا سەرف ناکرێن، ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتیدان بە ناسین و گەیاندنی ئەو سەرچاوانە بە ڕێکخراوە خزمەتگوزارییە

کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی". بە واتایەکی دیکە بۆ خۆیان "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" بەرهەم دێنن.

**بردنە سەری ئاستی توانایی** (Capacity)

دووەمین ئەرکی گرنگی رێکخراوێکی یارمەتیدەر، بردنە سەری ئاستی توانایی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە پێناو بەکارهێنانی هەرچی زیاتری ئەو سەرچاوانەی کە لە بەر دەستیاندایە، بە زۆری ئەم رێکخراوانە پێویستیان بە زیاتر لە جۆرێك یارمەتی هەیەو لەوانەیە پێویستیان بە یارمەتی تەکنیکی، پەروەردەیی، پرۆگرامی هەڵسەنگاندن و رێنوونییەکانی بەڕێوەبەرێتی باش هەبێ. هەندێجار رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەوانەیە بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی یان پەرەپێدانی رێکخراوەکەی پێویستی بە یارمەتی تەکنیکی هەبێ. لێرەدا رێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی دەتوانن بۆ خۆیان ئەم یارمەتیانە پێشکەش بکەن یان ئەو رێکخراوانەی کە زیاتر شیاوی ئەو کارەن، وەك بەرپرس دیارییان بکەن.

**دروستکردنی رایەڵکە**

روون و ئاشکرایە کە رێکخراوێکی سەرچاوەی یارمەتی بە تەنیایی توانای ئەوەی نییە پێداویستییەکانی هەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دابین بکا. کەواتە، دروستکردنی رایەڵکەیەك کە لە هەموو رێکخراوەکانی دیکە پێکهاتبێ بۆ ئەم کارە زۆر گرنگە. ئەم جۆرە یارمەتییە دەتوانێ بە شێوەی یارمەتی ماددی یان بردنە سەری ئاستی توانایی رێکخراوەکە پێشکەش بکرێو هەروەها پەند وەرگرتن لە ئەزموونەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبێتە هۆی باشترکردنو پەرەپێدانی چالاکییەکان و بەرنامەکانی خودی رێکخراوەکە.

**وشیاربوون و وشیارکردنەوە**

وشیاربوون و گەیاندنی ئەم وشیارییە بە خەڵکی دیکە، سەرچاوەی لە بڕاننەهاتووی یارمەتییە. زۆرجار وا دێتە پێش کە رێکخراوێك ناتوانێ دەستی بە توانایی شارەزاکانی خۆی رابگا، چونکە ئاگای لە سەرچاوەکانی یارمەتیدان نییە.



پێشکەشکردنی ئەم جۆرە زانیارییانە دەتوانێ گەلێك دەرووی گەورە بە رووی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکاتەوە.

**٥. دابینکردنی سەرمایە بۆ رێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی**

لە بەر ئەوەی ئەم رێکخراوانە زۆر ئاڵۆز و نەرمینوێنن، بە گشتی سەرچاوەکانی دارایشیان هەمەجۆرن. گرنگ ئەوەیە کە ئەم رێکخراوانە سەرچاوەیەکی بەرفراوانیان لە بەردەستدا بێ کە بتوانن لە سەر پێی خۆیان رابوەستن. جگە لەمە هەروەك رێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی دەتوانن ببنە رێکخراوی گەورە، ئاشکرایە کە ناتوانن بۆ دروستکردنی سەرمایە تەنیا پشت بە سەرچاوەیەك ببەستن.

**وەقفکراو**

رێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی بە گشتی لە لایەن وەقفکراوەکانەوە ساپۆرت دەکرێن. دروستکردنی وەقفکراوێکی کارا، زەحمەتە و کاتێکی زۆریش دەبا. لەگەڵ ئەوەشدا وەقفکردنی هەر بڕە سەرمایەیەکی سەرەتایی، هەلێکی جددییە، چونکە وادەکا رێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی لە رووی ماددییەوە پشت بە خۆیان ببەستن و سەربەخۆیی و بەردەوامییان دەستەبەر دەکا.

**یارمەتییەکانی تاك**

رێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی وەك هەر رێکخراوێکی ناحکوومی دیکە دەتوانن سوود لە یارمەتی ماددی و دیاری کەس و کۆمپانیا و بنیات و رێکخراوەکانی دیکە وەربگرن. ئەم سەرچاوانەی یارمەتیدان دەکرێ هەم نێوخۆییو هەم دەرەکی بن. رێکخراوی نەتەوەکان لە رێگای زۆر رێکخراوی یارمەتیدەری کۆمەڵگەی مەدەنییەوە کە لە ژێرچەتری ئەودا کاردەکەن، وەك پشتیوانێکی مەزن بۆ رێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی چاو لێدەکرێن.

### دەوڵەتەکان

لە زۆربەی وڵاتەکاندا دەوڵەتەکان پشتیوانێکی بە هێزی ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتین. کەواتە بەم شێوەیە پێوەندییەکی بنیادنەرانەی پۆزەتیڤ لە نێوان دەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکاندا دروست دەبێ. دەوڵەت بە دانی یارمەتی بێ بەرامبەر و گرێبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەی جۆراوجۆر دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لە کۆکردنەوەی سەرمایە بۆ ئەم ڕێکخراوانەدا ببینێ. لە بەرامبەریشدا ڕێکخراوەکانیش دەتوانن وەك ئامرازێکی پۆزەتیڤی دەوڵەتەکان یارمەتییە ماددییەکان بە سەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دابەش بکەن.



# پاژی شەشەم

## بەشی دووەم

## خێرخوازی تاك

### پوختەی پاژەکە

**پێشەکی**

کەلتووری خێرخوازی

کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی

١. پێکەوەنانی شاند بۆ کۆکردنەوەی یارمەتییە ماددییەکان
٢. جۆرەکانی سەرمایەی دراویی (نقدی)
٣. شێوازەکانی کۆکردنەوەی یارمەتیی ماددی
٤. پلاندانانی زمەنی
٥. بەرقەرارکردنی پێوەندی لەگەڵ کۆمەکبەخشەکاندا

### پێشەکی

یارمەتیدانی تاکەکان بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەرەکیترین شێوازی خزمەتکردنە بە مەدەنییەتی کۆمەڵگەیەك. بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە، کاریگەرترین هۆکارە کە سەرکەوتنی ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی دەستەبەر دەکا. ئەو یارمەتیانەی کە لە لایەن تاکەکانەوە پێشکەشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێ، سەرجەم شتێکی زۆر نییە. ئاماری بەردەست نیشاندەدا کە تەنیا لە سەدا دەی داهاتی ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرچاوەی ناحکوومییەوە کە بنیاتەکان و کۆمپانیاکان‌و کەسەکانیش دەگرێتەوە، بە دەست دێت. لە سەدا شەستی ئەم بڕە داهاتەش بە هۆی یارمەتی خەڵکەوە دابیندەکرێ کە نیشانەی ئەوەیە هێشتا گەلێك لە یارمەتییە ناحکوومییەکانی دیکە زیاترە.

بە گشتی یارمەتییە جەماوەرییەکان بە دوو شێوەن. بە شێکیان ئەو کەسە دەستڕۆیشتوانەن کە دەتوانن بڕێکی زۆر لە میرات یان داراییەکانیان پێشکەش بەم ڕێکخراوانە بکەن. ئەو بەشەکەی دیکە ژمارەیەکی زۆرن کە یارمەتییەکی کەم پێشکەش بە ڕێکخراوەکان دەکەن. ئەگەرچی هەر ڕێکخراوێکی سەرچاوەی یارمەتی ئاواتی ئەوەیە کە چەند دەوڵەتێکی گەورە یارمەتی باشی بدەن، بەڵام ئەم بەخششە هەمیشە ناکرێ و شایستەش نییە. بە زۆری ئەو کەسانەی کە بە بڕێکی زۆر یارمەتی بە ڕێکخراوەکان دەکەن، چاوەڕوانن کە چاودێری شێوازی بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوو تێچووەکانی بکەن و دەست لە کاروبارەکانیان وەربدەن.

**کەلتووری خێرخوازی**

ئەگەر چاوێك بە مێژوودا بخشێنین، دەبینین کە خەڵك لە هەموو کۆمەڵگەکاندا لە رووی هاوخەمی و هاوپێوەندی و هاودەردییەوە سەرچاوەکان و خزمەتەکانی خۆیان لە گەڵ یەکتردا بەشدەکەن. ئێرانییە موسڵمانەکان لە ڕێگای وەقفکردن و دانی خەمس و زەکات یان نەزرو نیاز، بە شێوەی نەریتی یارمەتی بە خەڵکی هەژارو نەدار دەکەن و هەوڵیانداوە کێشە و کەم و کورتییەکانیان کەم بکەنەوە. ئەم سەردەمە شێوازی نامەزهەبی بۆ یارمەتیدانی تاکەکەسی لە پێناو باشکردنی بارودۆخی کەسانی دیکە لە شێوەی کۆمپانیای خێرخوازیدا خۆ دەنوێنێ. لەم ساڵانەی دواییدا کەلتوورێکی خێرخوازی نوێ بە شێوەی بەرفراوان سنوورەکانی کاری خێرخوازی نەریتی بەزاندووە.

کەلتووری خێرخوازیی ئەمڕۆی ئێمە وەك دیاردەیەك، دەسکەوتی کۆمەڵە خەڵکێکی خێرخوازە کە نەك هەر هیوادارن (بەم شێوەیە) سەختی و کەم و



کورتییەکانی خەڵکی هەژار کەم بکەنەوە، بەڵکو ئامانجیان ئەوەیە کە گۆڕان و وەرچەرخان لە کۆمەڵگەشدا پێکبێنن. ئەو کەسانەی کە یارمەتی بە ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی دەدەن، دەورێکی کاریگەرتر لە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسانترو وشیارتر و تەندروستردا دەگێڕن. هەروەها بە چاوی "سواڵکەر" ناڕواننە ئەو کەسانەی کە یارمەتی وەردەگرن. بەڵام چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکەن و هانیاندەدەن کە لە پێناو گۆڕین و پێکهێنانی وەرچەرخان لە کۆمەڵگەدا هەنگاو هەڵبگرن. ئامانج ئەوەیە کە توانایییەکی وا بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە، چ یارمەتیدەرو چ یارمەتیوەرگر ببەخشرێ کە لە بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەشداری بکەن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەخشێکی جددییان لە باسکردن‌و بانگەشەکردن و پێشخستنی ئەم کەلتوورە نوێیەدا هەبووە. هەلێکی وایان خستووەتە بەردەم بەشێکی زۆری خەڵك کە هەم لە پێکهێنان و پێشخستنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەشداربن و هەم سوود لە ئیمتیازەکانی وەربگرن. بە هێنانەمەیدانی خەڵك و هەر بەو پێیەش بەرپرسیاربوون لە ئاست ئەواندا، ئامانجەکانیان و بەهرەمەندی و کارایی بەرنامەکانیشیان دابین دەکرێ. ئەوەی کە مانا بە پێوەندی نێوان خەڵك و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبەخشێ، تەنیا پشتیوانییەکی دوو لایەنە نییە، بەڵکو پێشکەوتن و باشترکردنی دوولایەنەشە.

**کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی**

بۆ ئەوەی بتوانرێ یارمەتییە ماددییەکانی خەڵك و کۆمەڵگە کۆبکرێتەوە، پێویستە ئامانجەکان روون و ئامرازەکانیش کارا بن. ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ سەرکەوتن لە راکێشانی یارمەتییە تاکەکەسیەکاندا پێویستیان پێیەتی، بوونی بەرنامەیەکی تایبەت‌و روون و ئامانجێکی جەماوەری دیاریکراوە. لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێ لە خاڵەکانی ئەم بوارە دەکەین.

### ١. پێکهێنانی چەند دەستەیەك بۆ کۆکردنەوەی یامەتی

کۆکردنەوی یارمەتی ماددی، بە تەنیا ئەرك و بەرپرسایەتی دامەزرێنەر یان دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵگەی مەدەنی نییە. بەڵکو دەبێ چەند دەستەیەك بۆ یارمەتیدانی ئەم ئەرکە پێك بهێنرێ. ئەم دەستانە ڕەنگە هەر لە خودی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری پێك بهێنرێن. کەواتە باشتر وایە کە لە نێو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریدا کەسی وا هەبن کە کاتی پێویست و پێوەندییەکی بەرفراوانیان لەگەڵ کەسە جۆراوجۆرەکاندا هەبێ. زۆرجار خودی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری بە پێشکەشکردنی یارمەتی ماددی دەبنە نموونەیەك بۆ کەسانی دیکە.

### ٢. جۆرەکانی سەرمایەی دراویی

هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پێناو سێ جۆری سەرمایەی دراویدا، هەوڵەکانی خۆی بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیی ماددی دەست پێدەکا.

**ئەلف/ سەرمایەی دراویی**

ئەم جۆرە سەرمایەیە دەبێتە بەشێك لە دارایی ڕێکخراوەکە. بۆ نموونە، ڕێکخراوەکە بەشێك لە دارایی خۆی بۆ سەرمایەگوزاری تەرخان دەکاو لە داهاتەکەی خەرجەکانی ڕێکخراوەکەو تێچووی بەرنامەکانی دابین دەکا. نموونەکانی دیکە، پێکهاتەیەکە کە ڕێکخراوەکە بۆ کارمەندەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی سوودی لێوەردەگرێ یان ئەو ئامرازو کەرەستانەیە کە بەکاریان دێنێ.

**ب/ سەرچاوە گشتییەکان**

ئەم جۆرە سەرمایانە، بە گشتی بوودجەیەکە کە ڕێکخراو لە ساڵێکدا کارەکانی خۆی پێ جێبەجێ دەکا. ئەو پارانەی کە بەم مەبەستە کۆ دەکرێنەوە، ڕەنگە لە کاروباری ئیداری یان جێبەجێکردنی بەرنامەکاندا خەرج بکرێن.



**پ/ پرۆژە تایبەتییەکان**

ڕەنگە ڕێکخراو هەندێ یارمەتی وەربگرێ کە تەنیا تایبەت بێ بە جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژە تایبەتییەکان. ئەمجۆرە سەرمایەیە تەنیا بۆ تێچووی پرۆژە تایبەتییەکان تەرخان دەکرێ.

### ٣. شێوازەکانی کۆکردنەوەی یارمەتی

**ئەلف/ یەکبەیەك**

وەرگرتنی یارمەتی لە یەکبەیەکی خەڵك، یەکێك لە سەرکەوتووترین شێوازەکانی کۆکردنەوەی یارمەتی ماددییە. لە چەند ڕێگاوە دەکرێ پێوەندی بە یەکبەیەکی خەڵکەوە بکرێ. یەکیان لە ڕێگای سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری یان ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەرییەوەیە. ئەویتریان بە ڕێگای یەکێك لەو کەسانەی کە یارمەتییەکان وەردەگرێ یان بە ڕێگای پشتیوانەکان و یارمەتیدەرەکانی ڕێکخراوەکەوەیە.

**ب/ ڕاگەینەرە گشتییەکان**

زۆرجار ڕاگەینەرە گشتییەکان دەتوانن ئامرازێکی باش بن بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە سەر بوونی ڕێکخراو و کارو چالاکییەکان و یارمەتییەکان. ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ و تەلەفزیون و ئەنتەرنێت بۆ ئەم مەبەستە ئامرازێکی کاریگەرن.

**پ/ بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە**

جێبەجێکردنی ئەمجۆرە بەرنامانە یەکێك لە شێوازە باوەکانی کۆکردنەوەی یارمەتی ماددییە. ئەم بەرنامانە بریتین لە، بەڕێوەچوونی میوانی و جێژن و شایی یان ئاهەنگ و هتد، کە بۆ بەشداریکردن لەو ڕێ و ڕەسمانەدا بلیت دەفرۆشرێ. جۆرێکی دیکە، هەراجکردن و فرۆشتنی ئەو کاڵا و شتومەکانەیە کە لە لایەن خێرخوازانەوە وەك دیاری پێشکەش دەکرێ.

**٤. پلاندانانی زەمەنی**

**ئەلف/ ساڵانە**

هەموو ساڵێك لە ڕێكەوتێكی دیاریكراودا، بەرنامەی ساڵانە بەڕێوە دەچێ‌و ئامانجی ئەم بەرنامانەش كۆكردنەوەی یارمەتی ماددییە بۆ بەڕێوەبردنی گشتی ڕێكخراوەكە.

**ب/ زیادكردنی سەرمایە**

هەندێجار ڕێكخراوەكانی سەرچاوەی یارمەتی ناچارن بۆ پەرەپێدانی چالاكی‌و بەرنامەكانیان، یان بەدەستهێنانی وەقف یان دارایی دیكەی وەك ئاپارتمان‌و دامەزراوەكان و كەلوپەل و پێویستییەكانیتر بكەونە كۆكردنەوی یارمەتیی ماددی.

**ب/ پرۆژە تایبەتییەكان**

هەندێجار ڕێكخراوێك بۆ ئەوەی بتوانێ بوودجەی پێویست بۆ پرۆژەكانی دابین بكا، دەستدەكا بە كۆكردنەوەی پارە. ئەم بەرنامەیە، بە تایبەت بۆ كۆكردنەوەی یارمەتی ماددی بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە جێبەجێ دەكرێ.

**٥. پێوەندیكردن بە یارمەتیدرانەوە**

دروستبوونی متمانە لە نێوان خەڵك و ڕێكخراوەكان، بڕبڕەی پشتی ڕێكخراوەكانی سەرچاوەی یارمەتییە. پێویستە ڕێكخراو بۆ مانەوەی ئەم متمانەیە لەگەڵ خەڵك بەگشتی و لەگەڵ لایەنگرانیدا بە تایبەتی پێوەندی دابمەزرێنی. لە خوارەوە ئاماژە دەكەین بە هەندێك لەو شێوازانەی كە بۆ دامەزراندنی ئەم پێوەندییە چ بە تەنیایی‌و چ بەشێوەی هاوكاری لەگەڵ كەسانیتردا بۆ كۆكردنەوەی یارمەتی بەكار دەبرێن. دەبێ هەمیشە ئەم خاڵەمان لە بیر بێت كە سەرباری ئەو شێوازانەی كە بە كاردەبرێن، نابێ ڕێكخراو بە تەنیا ببێتە وتەبێژی خۆی، بەڵكو دەبێ ڕێگا بدا كە یارمەتی وەرگرەكانیش وتەبێژیان هەبێ. باس و بەسەرهات و سیماو دەنگورەنگی ئەو كەسانەی كە سوود لە یارمەتییەكانی ڕێكخراوەكە وەردەگرن، دەبێ لە خوارەوە ڕەنگبداتەوە.



**ئەلف/ بەخشنامە**

ئەو كەسانەی كە یارمەتیی ماددی بەڕێكخراوەكان دەكەن، مافی خۆیانە كە بە شێوەیەكی ڕێكوپێك لە چالاكی و كاروباری ڕێكخراوەكان ئاگادار بن. بەخشنامەكان یان ئاگادارییە نوێیەكان لە Websiteدا كە تازەترین چالاكی‌و كارەكانی ڕێكخراوەكەی تێدایە، بۆ ئەم مەبەستە ئامرازێكی گونجاوە.

**ب/ نامە شەخسییەكان**

ئەم نامانە باشترین شێوەن بۆ سوپاسكردنی ئەو كەسانەی كە یارمەتیان پێشكەش كردووە. هەروەها دەتوانن ببنە ڕێگایەك بۆ ڕاكێشانی سەرنج و هۆگری ئەو كەسانەی كە لە داهاتوودا یارمەتی پێشكەش دەكەن. بەڕێوەبەری گشتی ڕێكخراوەكە یان ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری یان خودی یارمەتیوەرگرەكان دەتوانن ئەم نامانە بنووسن.

**پ/ ڕاگەینەرە گشتییەكان**

هەرچەند پێوەندیگرتن لەگەڵ خەڵك لە ڕێگای ڕاگەینەرە گشتییەكانەوە زۆر گران دەكەوێ، بەڵام ڕێكخراوەكە دەتوانێ هەندێجار لە گۆڤار و ڕۆژنامەكاندا یەك گۆشە یان چەند ستوونێك بۆ خۆی تەرخان بكا. لە ڕادیۆ و تەلەفزیونەكاندا هەندێ بەرنامە بگرێتە دەست تا خەڵك لە ئەرك و بەرنامەكانی خۆی ئاگادار بكاتەوە. لە زۆرێك لە وڵاتاندا ڕاگەینەرەگشتییەكان بێ بەرانبەر یان بە نرخێكی كەم خزمەتگوزارییەكانی خۆیان دەخەنە بەردەست ڕێكخراوە ناحكوومییەكان.

# پاژی شەشەم

## بەشی سێهەم

### بەشی کەرتی بازرگانی لە کاروباری خێرخوازیدا

**پێشەکی**

کەرتی بازرگانی بە پلەی "هاوولاّتی"

١. کۆمپانیا ناوچەیی و نیشتمانییەکان

٢. کۆمپانیا نێو دەوڵەتییەکان

پێوەندی ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا

پاڵنەری کۆمپانیاکان بۆ پاڵپشتیکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی

١. سەرچاوەی نیشتمانی

٢. تاقیکردنەوەی بازاڕو بانگەشە

٣. ڕکابەری

٤. فشاری دەوڵەت

٥. فشاری کۆمەڵگەی مەدەنی

**سەرچاوەکانی کەرتی بازرگانی**

١. فەرمانبەران

٢. یارمەتی ماددی

٣. کارزانی



**پێشەکی**

یارمەتییەکانی کەرتی بازرگانی لە پێکهێنانی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی"دا زۆر پڕ بەهاو گرنگە. لە وڵاتانی پیشەسازیدا، کومپانیا و ڕێکخراوە بازرگانییەکان مێژویەکی دوورو درێژیان لە یارمەتیدانی ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا هەیە. لێخۆشبوونی کۆمپانیاکان لە دانی باج بۆ خاتری یارمەتیدانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، موتیڤێکی گرنگە کە کەرتی تایبەتی وا لێدەکا بەرەبەرە لە رووی دارایی و کۆمەڵایەتییەوە هەست بە بەرپرسایەتی بکا. بڕی ئەو یارمەتییە راستەقینانەی کە لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان دکرێ، بەم شێوەیە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەگاتە، ٧ملیاردو لە ئەوروپادا ٢ملیاردو لە ژاپۆندا، ١ملیارد دۆلارو نیو.

کۆمپانیاکان بە دوو شێوە یارمەتییەکانی خۆیان پێشکەش بە کاروباری خێرخوازانەی کۆمەڵایەتی دەکەن: ڕێگایەکی ئەمەیە کە لە قازانجی کۆمپانیاکە، بنیاتێکی خێرخوازی دادەمەزرێنن و ئەم بنیاتە ئەو سەرمایەی کە وەقفیکراوە، دەیکاتە سەرمایەگوزاری و لە داهاتی ئەو سەرمایەگوزارییە خەرجی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکا. ئەم بنیاتە لە لایەن دەستەیەکی بەڕێوەبەرەوە ئیدارە دەکرێ کە لە کەسانی شارەزا (ئەکادیمی و پیشەیی)و ڕێبەرانی کۆمەڵگە و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا و فەرمانبەرەکان پێکهاتووە. جاری وایە داهاتی بنیاتەکە دەبێتە بەشێك لە داهاتی سالانەی کۆمپانیاو تەنیا داهاتی وەقفکراوی بنیاتەکە نییە. ڕێگای دووەم، ئەمەیە کە کۆمپانیاکان راستەوخۆ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی تایبەت یارمەتی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەگەینن. بەرنامەی یارمەتیدانەکان لە لایەن خودی کۆمپانیاوە دادەڕێژرێ، نەك ئەو بنیاتەی کە دایانمەزراندوەو چاودێریکردن و ئەنجامدانی پرۆژەکانیش لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا یان فەرمانبەرکانەوە ئەنجام دەدرێ.

لە ساڵانی ڕابردوودا، ڕێگایەکی نوێ بۆ کۆمپانیای کەرتی تایبەتی کرایەوە تا خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ئەنجام بدا. کۆمپانیاکان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەستیان کردووە بە دانی یارمەتییەکانیان بە ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی. ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بۆ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە تایبەت زۆر گرنگە، ئەوەیە کە بە شێوەی داهێنەرانە و بنیادنەرانە لە پێناو دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا هەنگاو هەڵبگرن. ئەم باس و ستراتیژیانەی خوارەوە بەشێکن لەو ئامرازانەی کە ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانی کۆمپانیا بازرگانییەکان کەڵکی لێوەردەگرن.

**کەرتی بازرگانی بە پلەی "هاووڵاتی"**

گومان لەوەدا نییە کە کۆمپانیا بازرگانییەکان بەشێکن لە کۆمەڵگەی پێشڕەوو دەوریان لە بەختەوەرکردنی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەیە. ئەمانە وەك ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا لە سەریانەو دەبێ لە کاروباری مەدەنیدا بەشداری بکەنو لە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا ڕۆڵیان هەبێ. لێرەدایە کە ناوی "هاووڵاتی بازرگانی" دەدرێتە پاڵیان. دیارە بەشێك لە بەرپرسایەتی ئەم هاووڵاتیبوونە، فەرمانبەرو کڕیارو بازرگانەکانی دیکەش دەگرێتەوە. بەڵام بەرپرسایەتی سەرشانی کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ باشترکردنی باری لەشساغی و خۆشگوزەرانی گشتی کۆمەڵگەکەی خۆیان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت. ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی چ لە ئاستی نیشتمانیو چ لە ئاستی جیهانیدا ئاسانکاری بۆ بە جێگەیاندنی ئەم بەرپرسیارێتییە دەکەن.

**١. کۆمپانیا ناوچەیی و نیشتمانییەکان**

کۆمپانیا ناوچەییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی باش پشتگیری هەوڵە مەدەنییەکان بکەن. لە بەر ئەوەی کە ئەوان لە ناو جەرگەی کۆمەڵدا دەژین، هەلومەرجی ناوچەکە و پێداویستیەکان بە باشی دەناسن و هەروەها لە بارودۆخێکدان کە دەتوانن ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتی بناسن و



کارایی و سەرکەوتنەکانیان هەڵسەنگێنن. کۆمپانیاکان بە پشتگیریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پشتگیری کۆمەڵگاکەی خۆیان مسۆگەر دەکەن و هەروەها لە ململانێ لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکاندا سەردەکەون.

**٢. کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان**

لە سەردەمێکدا کە جیهان خەریکە دەبێتە یەك پارچە، کۆمپانیا بازرگانییە گەورەکان دەستیان کردووە بە سەرمایەگوزارییەکی بەرفراوان و دەستخستنی داهات لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا. ئەم کۆمپانیا فرەرەگەزانە پشتیان بە کرێکار و بازاڕی ناوچەیی بەستووە. لەبەر ئەوەی لە وڵاتێکی بێگانەوە هاتوون، بە تایبەت پێویسیتیان بە نیازپاکی و هاوکاری ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە کاریان تێدا کردووە. ئەم مەسەلەیە بە تایبەت لەو وڵاتانەدا وەڕاست دەگەڕێ کە لە "خۆپەرستی" کۆمپانیا ئەمریکی و ئەوروپییەکان بێزاربوون. یارمەتیدانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتیوانیکردن لە بەرنامەکانی خۆشگوزەرانی گشتی لە کۆمەڵگە ناوچەییەکان و بە تایبەت لەو شوێنانەدا کە ململانێیەکان زیاتر پەرە دەستێنن، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێتە ستراتیژی کۆمپانیاکان.

**پێوەندی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمپانیاکان**

هەر کۆمپانیایەك بە دوای داهاتدا دەگەڕێ. لەوانەیە گومانی ئەوە لە ئارادا بێ کە دانی یارمەتی دارایی بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە خەرج و قورسایی دەخاتە سەرشانی کۆمپانیا، دژ بە فەلسەفەی دامەزراندنی کۆمپانیایە.

بەڵام ئەمڕۆ گرنگی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێك بۆ ئاڵوێری بازرگانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆی دەسەلمێنێ. قەیرانی سیاسی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دۆخێکی وەها دروست دەکەن کە مل بە هیچ یاسایەك نادەنو سەرمایەگوزاری و چالاکییە بازرگانییەکان دەخەنە مەترسییەوە. بە زۆری گرووپی شەڕانی و مافیایی وەك بازاڕی ڕەش بنیاد دەنرێن کە دەبنە هۆی نایاسایبوونی کاروباری بازرگانی. لە لایەکیترەوە دوژمنایەتیکردنی خەڵکی

ولاتێکی هەژارو چەوساوە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کە قازانجێکی زۆر و زەبەنیان هەیە، هەلومەرجێکی پڕ مەترسی بۆ کۆمپانیا و بازرگانەکان دەخولقێنێ.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەورێکی گرنگیان لە دروستکردنی کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا هەیە کە خەڵك تێیدا مافی بەرانبەر و یەکسانی زیاتریان هەیەو کەمتر ناسەقامگیری سیاسی و کێشەی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە. ئامادەبوونی ئەم ڕێکخراوانە لە لایەك نیشانەی بارودۆخێکی بڕواپێکراوی سیاسی و کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخوازترەو لە لایەکیترەوە سەرچاوەی دروستبوون و بەهێزبوونی هەردوو لایانەکەیە. پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمپانیا بازرگانییەکان دەورێکی کاریگەرتریان لە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی سالمترو یەکسانتردا هەبێ. هەروەها کۆمپانیا بازرگانییەکان لەم ڕێگایەوە بازاڕێکی سەقامگیرتر و بێ مەترسیتریان بۆ کاری بازرگانی چنگ دەکەوێ.

بە واتایەکیتر کۆمپانیاکان لە ئاکامی هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەورێکی گرنگ لە دروستکردنی بارودۆخێکی گونجاودا دەگێڕن کە ڕێگا بۆ سەرمایەگوزارییەکی سوودبەخش خۆش دەکا.

**پاڵنەرەکانی کۆمپانیاکان بۆ ساپۆرتکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی**

بۆ بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاکان دەرکەوتووە کە یارمەتیدان بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، نەك هەر بەڵێنێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو هەوڵێکی بەنرخیشە بۆ پەرەسەندنی خۆیان، بە واتایەکی دیکە، ئەو یارمەتیدانە بە چەشنە "سەرمایەگوزارییەکی کۆمەڵایەتی" دەناسن و زۆرێك لە کۆمپانیایەکان لە "ستراتیژی تاقیکردنەوەی بازاڕ"دا هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان لە بەرنامەکانی خۆیاندا گونجاندووە. لە خوارەوە هۆیەکانی سوودمەندبوونی یارمەتیدان بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دێنینە بەرباس.



**١. سەرچاوە ناوچەییەکان**

کۆمپانیا بازرگانییە پێشەنگەکان پێویستیان بە کارمەندی لێهاتوو هەیە. کرێکاری شارەزای خوجێی هەرزانترن لە کرێکاری بێگانە. تۆڕی زانیاری پێکهاتووە لە کڕیاران و دابینکەرانی پێداویستییەکان و فەرمانبەرانی دەوڵەتی نیشتمانیو ناوچەیی و کەسانی دیکەش بۆ کۆمپانیاو بە تایبەت بۆ کۆمپانیا دەرەکییەکان بایەخێکی زۆری هەیە. بە پێی ئەو زانیاریانەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرچاوە ناوچەیەکان هەیانە، پردێکی پێوەندی بە نرخ لە نێوان کۆمپانیا و کۆمەڵگەدا دروست دەکەن. کۆمپانیاکان بە پێکهێنانی پێوەندی لە گەڵ ئەم ڕێکخراوانەدا سوودێکی زۆر لە زانیارییەکانی ئەوان دەربارەی سەرچاوە ناوچەییەکانی هێزی مرۆیی و تۆڕەکانی زانیاری وەردەگرن.

**٢. تاقیکردنەوەی بازاڕ**

گرنگترین ئەولەویەتەکانی کۆمپانیا ڕوولەگەشەکان دۆزینەوەی بازاڕە. کۆمپانیاکان لە پێناو گرتنە دەستی بازاڕ و بانگەشەکردن بۆ ئەو مەبەستە، پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن. دامەزراندنی پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ خەڵکدا کۆمپانیا لەگەڵ کۆمەڵگەدا ئاشنا دەکاو کاڵاکانی خۆی دەخاتە بەر دیدی ئەوان. یەکێك لەو شێوازانەی کە کۆمپانیاکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك دەیگرنەبەر، ئەو ئاگادارییانەیە کە بۆ ناساندنی ئامانجەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ساپۆرتکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێی بەرنامە جێبەجێی دەکەن. کۆمپانیا بۆ ناساندنی خۆی بە خەڵك لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەرچاوەی یارمەتیدا، دەیسەلمێنێ کە گرنگی بە پێداویستی و کەموکورتییەکانی کۆمەڵگە دەداو نیازپاکەو لەم ڕێگاوە قازانجێکی زۆری دەست دەکەوێ.

**٣. ڕکابەری**

بە پەرەسەندنی بازاڕی ئازاد، ڕکابەری بازرگانی بەرەو زیادبوون دەچێ. ڕۆژانە ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی کە بۆ بەدەستەوەگرتنی بازاڕ پێکەوە ڕکابەری دەکەن،

زیاد دەبێ. ئەم بابەتە بە تایبەت کاتێ کە جیهان دەبێتە یەکپارچە و رکابەرییەکان سنوور ناناسن، زیاتر وەڕاست دەگەڕێ. هەر بەو شێوەیە کە کۆمپانیاکان زیاتر وەك خزمەتگوزاری کۆمەڵگە و پشتیوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەناسرێن، کۆمپانیاکانی دیکەش بۆ ئەوەی لە رکابەرییەکان دوا نەکەون، هەر ئەم ستراتیژیە دەگرنە بەر. هەندێ جار کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن لەم ڕێگایەدا پێشی یەکتر بکەونەوە.

**٤. فشاری دەوڵەت**

کۆمپانیاکان بۆ بەدەستەوەگرتنی بازاڕ، پێویستیان بە هاوکاری دەوڵەتەکان هەیە. دەوڵەتەکان دەتوانن لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە یارمەتییەکی بەرفراوان بدەن بەو کۆمپانیانە کە دەیانەوێ کە لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و کاروباری خێرخوازانەدا چالاك بن. نموونەی بەرچاوی ئەمجۆرە یارمەتیانە بەخشینی باجەکانو ئاسانکاری ئیداری بۆ کۆمپانیاکانە. نموونەیەکی دیکە، سەرمایەگوزاری دەرەکییە کە دەوڵەتەکان دەتوانن زەخت بخەنە سەر سەرمایەگوزارەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جددی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ساپۆرت بکەن.

**٥. فشاری کۆمەڵگەی مەدەنی**

هەتا کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزتر بێت، زیاتر دەتوانێ زەخت بخاتە سەر کۆمپانیاکان. لەبەر ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگیریو متمانەی خەڵك بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن، بە شێوەیەکی باشتر دەتوانن داوا لە کۆمپانیاکان بکەن کە بەشداری لە "سەرمایەگوزاری کۆمەڵایەتی"دا بکەن. ڕێکخراوە نیشتمانییەکانیش توانای ئەوەیان هەیە کە یارمەتی کۆمپانیا بەرپرسیارەکان بدەن و لە بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیدا چاودێری کاروبارەکانیاندا بکەن و هەڵیانسەنگێنن. جگە لەوە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بە فشارهێنان بۆ دەوڵەت دەتوانێ باشتر کار بکاتە سەر چالاکبوونی کۆمپانیاکان لە کاروباری خێرخوازانەی جەماوەریدا.



**سەرچاوەکانی کۆمپانیایەك**

یارمەتیی ماددی، تەنیا ڕێگای پشتیوانیکردنی کۆمپانیاکان لە کۆمەڵگە مەدەنییەکان نییە. بەڵکو کۆمپانیاکان سەرچاوەی دیکەشیان لە بەر دەستدا هەیە.

**١. فەرمانبەرەکان**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەمیشە پێویستیان بە کەسانی خۆبەخش هەیە. زۆرێك لە کۆمپانیاکان هانی فەرمانبەرەکان دەدەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە چەند کاتژمێرێك لە کاتی کارکردنی خۆیان بخەنە خزمەتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان. هەندێکیتر کارمەندانی خۆیان هان دەدەن کە لە بەرامبەر یارمەتییە ماددییەکانی کۆمپانیاکەدا ئەوانیش یارمەتی ئەم ڕێکخراوانە بدەن.

**٢. یارمەتی کاڵایی**

بە زۆری کۆمپانیاکان کاڵاکانی خۆیان وەك دیاری دەبەخشنە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هەروەها ڕێگا دەدەن کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەڵك لە کەرەستە و ئاسانکارییەکانی ئەوان وەربگرن. کەڵکوەرگرتن لە شوێنو کەرەستەکانی کۆمپانیا، خەرجێکی زۆر بۆ ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانە دەگێڕێتەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە خەرجێکی ئەوەندە بۆ کۆمپانیا هەڵناگرێ.

**٣. کارزانی**

بە گشتی کۆمپانیاکان لە بواری کاری تاقیکردنەوەی بازاڕو ڕێکلامدا لە چاو ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەزموونێکی زیاتریان هەیە. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دەست دەکەن بە کاری سوودبەخشی بازرگانی، بە تایبەت دەتوانن سوود لەکارزانی کۆمپانیاکان و دامەزراوە بانەگەشەکەرە پێوەندیدارەکان وەربگرن. ڕاوێژکاری لە کاروباری بەڕێوەبەری و یاساییشدا ڕێگایەکی دیکەیە بۆ یارمەتیدان بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

# پاژی شەشەم

## بەشی چوارەم

### داهاتی کاری بازرگانی

**پوختەی پاژەکە**

**پێشەکی**

ڕێگاکانی دەستخستنی داهات کامانەن؟

١. قەرەبووکردنەوەی تێچووەکان

٢. داهاتی وابەستە بە ئەرکەکانی ڕێکخراو

داهاتی ناوابەستە بە ئەرکەکانی ڕێکخراو

**پێشەکی**

هەرچەند ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناحکوومین، بەڵام دەتوانن لە ڕێگای کاری بازرگانیی سوودبەخشەوە داهات بە دەست بێنن‌و لەم ڕێگایەوە ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی ڕێکخراوەکە ڕاپەڕێنن و باشتر بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن.

بۆ ئەم کارە سوودبەخشانە دەکرێ بە ئاسانی لە ڕێگای بەرهەمهێنان‌و فرۆشتنی کاڵایان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە دەوڵەت یان جەماوەر لە بەرانبەر هەقدەستدا ئەنجام بدرێ.

ئەم جۆرە چالاکیانە دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێکخراو لە نێو بازاڕدا داهاتێکی بەردەوامی هەبێ و متمانە بە خۆی پەیدا بکا.



ئەوە ڕاستە کە مۆتیڤ و ئامانجی بازرگانەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یەکناگرنەوە، بەڵام بە یەك شێوە قازانج وەردەگرن. بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە بتوانێ زۆرترین قازانجی دەست بکەوێ، دەبێ هەر دامەزراوەیەکی بازرگانی لە ڕووی ئابووری و ڕکابەری نێوان بازاڕەوە، لە بەرزترین ئاستی کارایی خۆیدا بێت. بە زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمپانیاکان دەست لە نێو دەستی یەکتر هەوڵدەدەن کە زۆرترین قازانجی دوولایەنەیان دەست بکەوێ. هاوبەندی نێوان دوو جیهانی "قازانج خواز"و "قازانج نەخواز"، واتە کۆمەڵگەی مەدەنی‌و بازرگانی بۆ هەردوو لا باش و بەسوودە.

هەروا کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە کۆمپانیا بازرگانییەکانەوە شێوەی بەڕێوەبەرێتی کارامە لە کاری بەرهەمهێنانی داهاتوودا فێردەبن، کۆمپانیاکانیش بە نۆبەی خۆیان لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە لەگەڵ بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتیەکان و کارە مەدەنییەکاندا ئاشنا دەبن و ئەزموون وەردەگرن. هاوکاری نێوان کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، نەك هەر سەروەت و سامان، بەڵکو سامانی کۆمەڵایەتیش بەرهەم دێنێ. ئەم سامانە بە بەشێکی گرنگی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" کۆمەڵگە دەژمێردرێ. ئەم پێوەندییە نوێیە کە لە سەر بنەمای هاریکاریکردنی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی‌و کەرتی تایبەتدا دروست دەبێت، دەکرێ بە "ستراتیژی سەرمایەگوزاری کۆمەڵایەتی" دابنرێ.

**ڕێگاکانی دەستخستنی داهات کامانەن؟**

داهات لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بە دەست دەهێنرێ کە لێرەدا سێ ڕێگا بەرچاوترن:

**١. قەرەبووکردنەوەی تێچووەکان**

بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرانبەر ئەو خزمەتەی کە پێشکەش بە کۆمەڵگەی دەکەن، هەقدەست وەردەگرن. بۆ

نموونە، نەخۆشخانەکان و ناوەندەکانی لەشساغی لە بەرامبەر چارەسەرکردنی نەخۆشەکانو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیدا هەقدەست وەردەگرن. نموونەیەکی دیکە، رێکخراوی ژینگەپارێزەو لە بەرامبەر وەرپێخستنی گەشتوگوزاری بە کۆمەڵدا، پارە وەردەگرێ. ئەم هەقدەستانە دەتوانن هەموو یان بەشێك لە خەرجەکان قەرەبوو بکەنەوە. هەندێ رێکخراوی دیکە لە بەرامبەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە دەوڵەت یان کڕیارە تایبەتەکاندا پارە وەردەگرن. ئەم خزمەتانە بریتین لە خولی راهێنان یان فێرکردنی گشتی، بەڕێوەبەرێتی، تاقیکردنەوەی بازاڕ، یارمەتی تەکنیکی و دانی زانیاری پێویست.

**٢. داهاتی وابەستە بە ئەرکەکانی رێکخراو**

هەندێ لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رێگای کاری بازرگانیی وابەستەی ئەرکەکانیانەوە، داهات بە دەست دەهێنن. نموونەی ئەو رێکخراوانە، رێکخراوەیەکە کە بە دامەزراندنی کارگەکانی بەرهەمهێنان یان ریستوارنتو هتد، راهێنان یان دابینکرنی کار (کارگزینی) وەرێ دەخەن. نموونەی دیکە، رێکخراوێکە کە ئەو جۆرە بەرهەمانە دەفرۆشێ کە تەنیا لە ناوخۆدا کڕیاریان هەیە. ئەم بەرهەمانە دەکرێ بەرهەمی کاری دەست یان بەروبوومی خۆماڵی بن. بە فرۆشتنی کاڵاکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کۆمەڵگە، نەك هەر رێکخراوەکە لە رووی ماددییەوە یارمەتی بە دەست دەهێنێ، بەڵکو هەم کار بۆ خەڵك پەیدا دەکاو هەم شارەزاییەکان و سەرچاوەکانیان پەرە پێدەداو پەروەردەیان دەکات.

**٣. داهاتی ناوابەستە بە ئەرکەکانی رێکخراو**

رێکخراو دەتوانێ لە پێناو بە دەستهێنانی داهاتدا روو لە کاری بازرگانیی ئەوتۆ بکا کە پێوەندییان بە ئامانج و ئەرکەکانییەوە نییە. رەنگە رێکخراوێکی ناحکوومی هەندێ ناوەندی گەڕۆك بۆ فرۆشتنی کاڵاکان یان ئەنجامدانی ئەو خزمەتانە بکاتەوە کە راستەوخۆ پێوەندییان بەو بوارەوە نییە کە ئەو چالاکی تێدا دەکا. یان رەنگە



ئیدارەی خانووبەرە یان سەرمایەگوزاری لە ئەستۆ بگرێو داهاتەکەیان بۆ یارمەتیدانی رێکخراوە ناحکوومییەکان یان بەرنامەکانیان خەرج بکات.

## پاژی شەشەم

### بەشی پێنجەم
### رێکخراوە جەماوەرییەکان
### پوختەی پاژەکە

**پێشەکی**

جۆرەکانی رێکخراوی جەماوەری

١. ئەنجوومەنەکانی گەڕەك
٢. بەڕێوەبەرێتی سەرچاوە سروشتییەکان
٣. پاراستنی ژینگە
٤. مافەکانی کرێکار
٥. خزمەتگوزاری گشتی
٦. بەرهەمهێنانی کار

**ستراتیژی ئامادەکردنی سەرچاوەکان**

١. یارمەتی ئەندامان
٢. هەقدەست لەبەرامبەر خزمەتدا
٣. کارە بازرگانییەکان و مامەڵە داهاتهێنەرەکانی دیکە
٤. داهاتی سەرمایەگوزاری ئابوونەی ئەندامەتی

**پێشەکی**

ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، بەشە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین. ئەو ئەنجوومەنە فەرمی یان نافەرمیانەی کە لە لایەن خەڵکی ناوچەیەکەوە کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە، دروست دەکرێن، نموونەیەکن لەو جۆرە ڕێکخراوانە. ئەم ئەنجوومەنە جەماوەریانە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەن. بۆ نموونە، لە زۆربەی لادێکاندا ئەنجوومەنی پیاوماقوولان، یان ئەنجوومەنی هاوبەشی دیکە پێکدێن بەو مەبەستەی کە لە کێشەکانی خەڵکی ناوچەکە بکۆڵنەوەو کەڵك لە سەرچاوەکانیان وەربگرن. بە گشتی ئەم جۆرە ئەنجوومەنانە هاوشێوە و هاوتای ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ئەم سەردەمە نین. چونکە ئەوانە زیاتر لە سەر بنەمای نەژادی، مەزهەبی یان ڕەگەزی دادەمەزرێن و ژنان و لایەنگرانی مەزهەبەکانی دیکەو کەمایەتییە نەژادییەکان لەو ئەنجوومەنانەدا بڕیاربەدەست نین. سەرەڕای ئەوانەش، سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنانە لە پیاوە ریش سپییەکان و موڵکدارە گەورەکان پێکدێن کە لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادەوە هەڵنەبژێردراون. تایبەتمەندیی بەرچاو و گرنگی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ئەم سەردەمە، لە گشتگیربوون و بەرفراوانبوون و دیموکراتیبوونی ئەواندایە کە ڕێگا بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە ژنان و کەمایەتییەکانەوە بگرە تا دەوڵەمەند و هەژار خۆشدەکا کە یەك دەنگیان لە بڕیارداندا هەبێ و بتوانن بگەنە ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەکەیش.

**جۆرەکانی ڕێکخراوی جەماوەری**

جۆرەکانی ئەم ڕێکخراوانە بەرفراوانەو بەستراونەتەوە بە پێویستیو کێشەو ئایدیالەکانی دەستەو گرووپە جەماوەرییەکانەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێ لەو ڕێکخراوانە دەکەین کە نیشاندەری پانتایی هەڵسووڕانی ئەو ڕێکخراوانەیە.

**١. ئەنوجومەنی گەڕەکان**

ڕەنگە ئەنجوومەنی جەماوەری ئەنجوومەنێك بێ کە لە خەڵکی گەڕەکێك بۆ باشکردنی ژیانی ئەندامانی ئەنجوومەنی گەڕەك پێك بێت. ئەم ئەنجوومانە دەتوانن



لە هەندێ کاری وەك خاوێنڕاگرتنی کۆڵان و شەقامەکان و دروستکردنی گۆڕەپانی یاریکردن بۆ منداڵان یان کەمکردنەوەی قەرەباڵغی نێو شاردا بە کەڵك بن.

**٢. بەڕێوەبەرێتی سەرچاوە سروشتییەکان**

لە بەشێکی بەرچاوی ناوچە گوندنشینەکاندا، کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکانی وەك، ئاوو زەوی بۆ ژیانی خەڵك زور چارەنووسسازە. ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەتوانن زۆر بە باشی ئەم سەرچاوانە لە نێو خەڵکدا دابەش بکەنو ڕێگا لە سەرهەڵدان و گەورەبوونی کێشەکان بگرن.

**٣. پاراستنی ژینگە**

پاراستنی ژینگە لە شارو گوندەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگی زیاتر پەیدا دەکا. لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا ئەمجۆرە ڕێکخراوانە دروست بوون بۆ ئەوەی ڕێگا لە بڕینی بێ سەروبەری دارو درەخت و ڕاوکردنی نایاسایی ئاژەڵە کێوییەکان بگرنو پارێزگاری لە ژینگە بکەن. هەروەها لە پێناو کەمکردنەوەی پیسی ئاو و هەواو ڕووبارەکان و دەریاچەکاندا چالاك بن و پێش بە پیسبوونی ژینگە بە هۆی پاشەڕۆکی فابریکەکانەوە بگرن.

**٤. مافەکانی کرێکار**

ڕێزگرتن لە مافەکانی کرێکاران، باسێکی گرنگی کۆمەڵایەتییە کە دەوڵەتەکان و یەکیەتییە کرێکارییەکان تێدا بەشدارن. بەڵام ئەنجوومەنە ناوچەییەکانیش ڕۆڵێکی گەورەیان لە پاراستن و دابینکردنی مافەکانی کرێکارانی ناوچەکەی خۆیاندا دەگێڕن. ئەم دەورە بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو فابریکانەدا گرنگە کە نالەباربوونی هەلومەرجی ناوچە یان وڵاتێك دەقۆزنەوە بۆ چەوساندنەوەی ژنان و منداڵان. ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەتوانن بانگەشە بۆ ماف و ئامانجەکانی کرێکاران بکەنو خاوەن فابریکەکان ناچار بکەن کە پێوەرە عادڵانەکانی کار ڕەچاو بکەن. هەروەها ئەم ڕێکخراوانە توانای ئەوەیان هەیە کە داوا لە خاوەنکارەکان

بکەن‌و ناچاریان بکەن کە هەرچی لە توانایاندا هەیە بۆ دامەزراندنی دایەنگە و باخچەی ساوایان و بیمەی لەشساغی بۆ کرێکاران، درێغی نەکەن.

**٥. خزمەتگوزاری گشتی**

لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە خزمەتگوزاری گشتی وەك، لەشساغی، پەروەردەو فێرکردن هەمووان ناگرێتەوە، ڕێکخراوی جەماوەری دێنە کایەوە بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو کەموکووڕیانە بۆ خەڵکی ناوچەکە بکەنەوە. لە بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی جیهاندا زور ڕێکخراوی جەماوەری لە پێناو دامەزراندنی ناوەندەکانی لەشساغی، فێرگەکان، بارهێنانی منداڵان، خوێندەوارکردنی گەورە ساڵان و خولی ڕاهێناندا دامەزراون.

**٦. دابینکردنی کار**

ئەنجوومەنە ناوچەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ دابینکردنی کار بۆ ئەندامانی خۆیان، لە چاو کۆمپانیا و دامەزراوە دەرەکییەکاندا بارودۆخێکی باشتریان هەیە. ڕێکخراوە جەماوەرییەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن کارگە یان ریستوورانت یان کاسبی دیکە وەڕێبخەن و هێزی مرۆیی و سەرچاوەی دیکەش لەو بوارانەدا بخەنەگەڕو بەم شێوە نەك هەر بەرنامەکانی خولی ڕاهێنان جێبەجێ دەکەن، بەڵکو دەبنە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەکەیان لە ڕووی ئابوورییەوە پشت بە خۆی ببەستێ.



## ستراتیژییەکانی ئامادەکردنی سەرچاوەکان

لە خوارەوە ئاماژە بە چوار ستراتیژ بۆ ئامادەکردنی سەرچاوەکانی یارمەتیدانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەکەین. هەندێجار چەندین ستراتیژی جیاواز بۆ زیادکردنی سەرچاوە ماددییەکان تێکەڵی یەکتر دەبن.

**١. یارمەتیی ئەندامان**

هەندێ لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان تەنیا بە هۆی وەرگرتنی پارەی ئەندامەتی ئەندامانی خۆیانەوە دارایی خۆیان دابین دەکەن. دانی پارەی ساڵانەی ئەندامەتی، سەرچاوەیەکی بەردەوامە بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراو. هەروەها ئەندامان دەتوانن بە ڕێگای یارمەتیدانی دیکە یان کارکردنی خۆبەخشانە ببنە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ ڕێکخراوەکەیان.

**٢. هەقدەست لە بەرانبەر خزمەتدا**

ئەو ڕێکخراوە جەماوەرییانەی کە خزمەتگوزاری وەك لەشساغی یان پەروەردەو فێرکردن پێشکەش بە کۆمەڵگەکەیان دەکەن، دەتوانن بۆ قەرەبووکردنەوەی هەندێ لە خەرجەکانی خۆیان هەقدەست وەربگرن. هەرچەند ئەم هەقدەستانە بە پێی رادەی توانای ماددی ئەندامانی کۆمەڵگەوە دەدرێ، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، دەتوانێ داهاتی ڕێکخراوەکە زیاد بکا بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوە بتوانێ بەرنامەکانی خۆی باشتر جێبەجێ بکات.

**٣. کاروباری بازرگانی و مامەڵە بە درامەتەکانی دیکە**

ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە ڕێگای دروستکردنی ڕێستوورانت یان کارگەی بەرهەمهێنانەوە لە لایەك دەتوانن کار بۆ کۆمەڵگە دابینبکەن‌و لە لایەکیترەوە سوود لە فرۆشتنی بەرهەمەکانی خۆیان وەربگرن. وەڕێخستنی بەرنامەی سەفەری زانستی‌و مێژوییش، ڕێگایەکی دیکەیە بۆ داهاتی ڕێکخراوەکە. جێبەجێکردنی بەرنامەی گەشتوگوزاریش هەم داهات بۆ ڕێکخراوەکە دابیندەکاو هەم دەتوانێ لە پێوەندی لەگەڵ ژینگەدا خەڵك پەروەردە بکات.

**٤. داهاتی سەرمایەگوزاری ئابوونەی ئەندامەتی**

سەرمایەگوزاریکردنی پاشکەوتەکان یان ئەو یارمەتیانەی کە دەدرێنە ڕێکخراو، شێوازێکی دیکەیە بۆ بەرهەمهێنانی داهات. ئەندامان دەتوانن پاشکەوتەکانی خۆیان لە ڕێکخراوێکدا کە بانك یان شتێکی لەو چەشنەی دامەزراندووە، سەرمایەگوزاری بکەن. بەم شێوەیە خەڵك لەم پاشکەوتکردنە سوود و قازانج وەردەگرن و ڕێکخراویش لە ڕێگای دانی پێشینە بە ئەندامان یان بە شێوەیەکی گشتی بە خەڵك، دەتوانێ بەشێك لەو داهاتەی کە بەم شێوە بە دەستی دەهێنێ، بێکاتە خەرجی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆی یان بەرنامەکانی ڕێکخراوەکانی دیکە.



# پاژی شەشەم

## بەشی شەشەم

### بەرنامەکانی سەرمایەی بچووك

**پوختەی پاژەکە**

**پێشەکی**

ئەو قازانجانەی کە لەم ڕێگاوە بە دەست دێن

ژنان و سەرمایەی بچووك

جۆرەکانی دانی یارمەتی بچووك بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

١. بانکە هاوبەشەکان

٢. ناوەندەکانی سەرکایەگوزاری

**سەرچاوەکانی سەرمایە (دارایی)**

١. ڕێکخراوەکان

٢. پاشکەوتی ئەندامان

٣. هەوڵە هاوبەشەکان

## پێشەکی

یەکێك لە نوێترین شێوازەکانی بەدەستهێنانی سەرمایە کە لەم ساڵانەی دواییدا برەوی پەیدا کردووە، پلاندانانە بۆ سەرمایە بچووکەکان. خەڵکی بەشێکی زۆر لە وڵاتان کە سەرمایەیەکی وایان بۆ وەرگرتنی پێشینە نییە، بە هۆی ئەم بەرنامانەوە سوودمەند بوون. ئامانجی ئەم بەرنامانە ئەوەیە کە بە نرخێکی گونجاو پێشینە بدەن

به کەسەکان یان کۆمپانیا بچووکەکان. هەندێجار پێشینە دەدرێ بە هەندێ گرووپ کە بە شێوەی کۆمەڵ بەڕیوەی دەبرێ. چوونەسەری توانای تاکەکان لە بەرهەمهێنانی داهاتداو دەستفرۆشی، هاندەرێکن بۆ چالاکی ئابووری‌و کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری.

بانکە بازرگانییەکان، بەرنامە کۆمەکبەخشەکانی دراوسێکان، ڕێکخراوە جیهانییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەو پەرەسەندنی ئابووری و ڕێکخراوە خۆجێیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێکڕا لە سەرانسەری جیهاندا ئەم ستراتیژیە درێژە پێدەدەن.

**ئەو قازانجانەی کە لەم ڕێگایەوە بە دەست دێن**

دانی پارە بە خەڵك بۆ پەرەسەندنی چالاکی ئابووری، لە خوێدا چەندین ئامانج دەستەبەر دەکا. یەکیان ئەوەیە کە خەڵك لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ دەبن‌و بێکاری کەم دەبێتەوە. ئامانجێکی دیکە، کەمکردنەوی هەژارییە و لە کاتی ڕووداوێکی کتوپڕدا بەستراوەیی خەڵك بەو ناوەندانەی کە سوودێکی بەرفراوان وەردەگرن، لە نێو دەباو هەروەها بە هاندانی چالاکییە ئابوورییەکان، ئاستی ژیانی خەڵك دەباتە سەرو لە بنەڕەتەوە ئابوورییەکی ساڵم بنیاد دەنێ.

ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەرنامەکانی سەرمایە بچووکەکان جێبەجێ دەکەن، بۆ خۆشیان قازانجێکی بەرفراوانی لێوەردەگرن. بە گشتی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە سەرمایەی بچووك پێکهاتوون لە ئەندامان دروستبوون کە لە خزمەتگوزاری ڕێکخراو کەڵك وەردەگرن. ئەو سوودەی لە دانی پێشینە بە تاکەکانەوە بە دەست دێت، ڕێکخراو بەهێز دەکا. لەو شوێنەی کە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرنامەی لە دەرەوەی ئیعتباری بچووك جێبەجێ دەکاو دەرامەتی ئەو کارانە بۆ بەنامەکانی خەرج دەکا. هەروەها دەتوانن ئەم دەرامەتانە بۆ بنیاتنانی قوتابخانە و نەخۆشخانە بەکار بهێنن کە هەموو لایەك کەڵکی لێوەربگرن.



**ژنان و سەرمایەی بچووك**

لەمێژە ژنان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یان دروستکردنی هەندێ پیشەی دەستی لە ماڵەوە، داهاتی بنەماڵەیان بردۆتە سەر. دەستڕاگەیشتنی ژنان بە سەرمایەی بچووك یان پێشینەی بچووك، یارمەتییان دەدا کە لە ماڵەوە پەرە بە چالاکی ئابووریی خۆیان بدەن، یان هەوڵبدەن کۆمپانیایەك بۆخۆیان پێك بێنن. ئەزموونەکانی چەند دەیەی رابردوو نیشانی داوە کە ژنان لە دانەوەی پێشینەکانداو خستنەگەڕی داهاتەکانی خۆیان بۆ باشکردنی ژیانی بنەماڵە زۆر جێی متمانەن. بەشێکی بەرچاو لەو ناوەندانەی کە پێشینە دەدەن، زیاتر پێیان خۆشە پێشینە بە ژنان بدەن، چونکە ژنان لە دانەوەی پێشینەکاندا رابردوویەکی باشتریان هەیەو هەروەها سەرمایەگوزارێکی کۆمەڵایەتی شیاوترن بۆ منداڵان و بنەماڵە و کۆمەڵگەکەی خۆیان.

**جۆرەکانی دانی یارمەتی بچووك بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ستراتیژی جۆراوجۆریان بۆ دانی سەرمایە هەیە. دیارە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەنجامدانی خزمەتگوزاری دارایی، کارێکی ئاڵۆزە. سەرکەوتنی ئەمجۆرە ڕێکخراوانە، بەستراوەتەوە بە بەستێنە یاسایی و ئابوورییەکانی ئەو شوێنەوە کە تێیدا کارو چالاکی ئەنجام دەدەن. بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان بتوانن بە شێوەیەکی راستگۆیانەوکارا کار بکەن، پێویستیان بە فەرمانبەری بە ئەزموون و شارەزاو کارایی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی‌و ڕێوشوێنەکانی وەڵامدانەوەی هەیە.

**١. بانکە هاوبەشەکان**

بانکە هاوبەشەکان، بنیادێکی ناحکوومین کە لە لایەن ئەندامانەوە دادەمەزرێن‌و وەك خاوەنبەش لە بانکدا، دەستەی بەڕێوەبەری خۆیان هەڵدەبژێرین. ئەو کەسانەی کە پێشینەیان دەدرێتێ پێویستە ڕێژەیەك لەو پێشینەیە بۆ کڕینی چەند بەشێك لە سەرمایەی بانك خەرج بکەن و بەم شێوەیە ببنە خاوەنبەش لە بانکدا.

ئەو برە قازانجەی کە بانك لە پێشینەی خاوەن بەشەکە بۆخۆی هەڵیدەگرێ، سەر لە نوێ دەخرێتەوە سەر سەمایەگوزارییەکانی بانك، کە سەرەنجام سەرمایەکەی زیاد دەکا کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانێ پێشینە بە ژمارەیەکی زیاتر لە ئەندامانی خۆی بدات.

**٢. ناوەندەکانی سەرمایەگوزاری**

ئەم ناوەندانە بە هۆی سەرمایەگوزاری ئەندامانەوە دادەمەزرێن و هەر بۆخۆشیان بەڕێوەی دەبەن. لە کۆی ئەو سەرمایەی کە بە هۆی دانی پارەی ئەندامەتییەوە کۆ دەبێتەوە، پێشینەی لێدەدرێ بە ئەندامان. ئەو رێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ناوەندی سەرمایەگوزاری دادەمەزرێنێ، داهاتەکەی دەکاتە مەسرەفی تێچووەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان یان لەو بوارانەدا سەرمایەگوزاری پێدەکا کە داهاتێکی زیاتری بۆ رێکخراوەکە هەبێ.

**سەرچاوەکانی سەرمایە**

ئەو رێکخراوانەی کە خزمەتگوزاریی دارایی پێشکەش بە ئەندامانی خۆیان یان کۆمەڵگەکەیان دەکەن، سەرەتا پێویستە بۆ دەسپێك سەرمایەیەکی بنچینەییان هەبێ. دەکرێ ئەم سەرمایەیە لە سەرچاوەی جۆراوجۆری وەك، تاکەکەس، یان کۆمەڵە کەسێکەوە کۆ بکرێتەوە.

**١. رێکخراوەکان**

ئەو رێکخراوانەی کە سەرمایەیەکی زۆر بۆ سەرمایەگوزاری بچووکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دابین دەکەن، بریتین لە رێکخراوە جیهانییەکانی وەك بانکی نێونەتەوەیی، رێکخراوی یارمەتی دەرەکی ئەمریکا، ناوەندی سویسرایی ئاوەدانکردنەوەو هاوکاری یان رێکخراوەکانیتری کۆمەڵگەی مەدەنی وەك، ناوەندی فۆرد، ئۆکس فۆم (Oxfam)و هتد. ناوەندە نیشتمانییە تایبەتەکان یان رێکخراواەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنییش دەتوانن لە ئامادەکردنی سەرمایەیەکی بنچینەییدا پێشەنگ بن و سەرەڕای ئەوەش بە دانی یارمەتییە



ماددیەکانی دیکەو یارمەتییە تەکنیکییەکان کە بۆ سەرکەوتنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چارەنووسسازن، دەتوانن دەورێکی کاریگەریان هەبێت.

**٢. پاشەکەوتی ئەندامان**

شتێکی زۆر باشە ئەگەر ئەندامانی رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ خۆیان سەرمایەی بنەڕەتی بۆ سەرمایەگوزاری بچووك دابین بکەن. چونکە سەربەخۆیی‌و سەقامگیرییەکی درێژخایەنی بۆ دەستەبەر دەکا.

ئەم سەرمایە لە رێگای پاشەکەوتی ئەندامانیشەوە دابیندەکرێ ئەگەر هەموو ئەندامان پاشەکەوتەکانیان بخەنە سەریەك، سەرمایەیەکی گەورە کەڵەکە دەبێ کە هەمووان دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

**٣. هەوڵی هاوبەش**

دابینکردنی سەرمایە لە رێگای هەوڵی هاوبەشەوە، جۆرە ستراتیژێکە کە دەکرێ بەکاربهێنرێ. دەکرێ لەم بوارەدا باسی گەلێك چالاکی هاوبەش بکەین کە لە لایەن رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و بەشی تایبەت ئەنجامدراون و سەرکەوتنیشیان بەدەست هێناوە.

ئەو کۆمپانیا ناوچەیی و نێونەتەوەییانەی کە ئامادەن لە نێو کۆمەڵدا چالاك بن، دەتوانن لە پێناو دابینکردنی سەرمایەیەکی بنەڕەتی بۆ سەرمایەگوزاری بچووکی رێکخراوە ناوچەییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، وەك شەریکێکی کارزان و بە ئاوەز کار بکەن.